شانۆگەریی

# گیانەوەرە شووشەییەکان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

تێنیسی ویلیامز

شانۆگەریی

# گیانەوەرە شووشەییەکان

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

د. ئازاد حەمە شەریف



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: شانۆگەریی گیانەوەرە شووشەییەکان

نووسینی: تێنیسی ویلیامز

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د. ئازاد حەمە شەریف

پێشەکی: د. ئازاد حەمە شەریف

بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٥٧

هەڵەگری: بۆکان نووری

دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم

بەرگ: مریەم موتەقییان

چاپی یەکەم، ٢٠٠٩

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٤٣٣ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

مافی لەچاپدانەوە بۆ وەرگێڕ پارێزراوە.

ئەم وەرگێڕانەم پێشکێشە بە:

* گەنجە یاخییەکانی وڵاتەکەم کە جگە لە نائومێدی و سەرهەڵگرتن، دەسەڵاتدارە نەزانەکان هیچیان بۆیان نەهێشتوونەتەوە!

* بە"ئەلبێر کامۆ"ی باوکی یاخیگەرایی!

* بەخۆم، تەنیا لەو ساتانەی وەکو ئەوان یاخیم!

**تێبینی:** هیچ تیپ و لایەن و گرووپێکی شانۆیی مافی ئەوەی نییە بەبێ ڕێپێدانی نووسراو لە وەرگێڕەوە ئەم شانۆگەرییە بخاتە سەرشانۆ.

# پێشەکی

د. ئازاد حەمە شەریف

## لەبارەی نووسەرەوە:

تێنیسی ویلیامز لە ساڵی ١٩١١ لە شاری "کۆلۆمبەس"ی ناوچەی میسیسیپی چاوی بەدنیا هەڵێناوە. سەردەمی منداڵی و گەنجێتی لەوێ بەسەربرد. ناوی راستەقینەی خۆی "تۆماس لانیر ویلیامزی سێیەم"ە و لەبەر بەکارهێنانی شێوە قسەکردنی ناوچەی باشووری ئەمریکا "کە هی ناوچەی تێنیسی"ە، هاوپۆلەکانی لە کۆلیژ نازناوی "تێنێسی" یان پێی بەخشی. ماڵباتی ویلیامز چەندین سیاسەتمەداری ناوداریان لە ناوچەی "تێنیسی" تێدا هەڵکەوت، بەڵام باپیرەی ویلیامز هەموو سامانی بنەماڵەکەی بەفیڕۆ دا. باوکی ویلیامز دێوەرەیەکی گەشتکەر بوو و مەشروبخۆرێکی بەرباد بوو. "ئێدوینا"ی دایکی ویلیامز کچی قەشەیەکی ناوچەی میسیسیپی بوو و زۆرجاران هیستیریای دەگرت. تا تەمەنی ویلیامز گەیشتە حەوت ساڵان، خۆی و دایک و باوکی و "رۆز"ی خوشکی و برایەکی منداڵتری کە ناوی "داکین" بوو، لە ماڵەباوکی "ئێدوینا" دەژیان. دواتر خێزانەکەیان گواستیانەوە بۆ شاری "سانت لویس". کە لەوێ نیشتەجێ بوون، بارودۆخی خێزانەکە رووی لە خراپی کرد. باوکی ویلیامز زێتری دەخواردەوە و خێزانەکە لە ماوەی دە ساڵدا شانزە جار ماڵەکەیان گواستەوە و ویلیامزی گەنج



هەمیشە هەستی بەشەرمەزاری و لاوازی دەکرد، لە خوێندنگە گۆشەگیر کرابوو و تانەو تەشەری لێ دەدرا. لەو ساڵانەدا خۆی و "رۆز"ی خوشکی زۆر لێک نزیک بوون و دواتر "رۆز" تووشی نەخۆشی مێشک هات و پاشتر نەشتەرگەری مێشکی بۆ ئەنجام درا. ئەم رووداوە یەگجار کاری لە ویلیامز کرد. ویلیامز لە ئامادەییدا خوێندکارێکی ئاسایی بوو و لە ناو برادەران گۆشەگیر و دوورەپەرێز کرابوو. بۆیە بۆ دڵدانەوەی خۆی رووی کردە چوونە سینەما و نووسین.

لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا چیرۆکێکی تۆقێنەری بەناوی "هەقایەتە سەمەرەکان" بڵاو کردەوە لە گۆڤارێک و ساڵی دواتر چووە "زانکۆی میزووری" بۆ خوێندنی رۆژنامەگەری. کاتێک لەوێ بوو یەکەمین شانۆنامەکانی خۆی نووسی. بەرلەوەی ویلیامز بڕوانامەکەی بەدەست بهێنێت باوکی لێی تووڕەبوو، چونکە لە کۆرسێک کەوتبوو و بڕیاری دا لە زانکۆ دەری بهێنێت و بیباتە ئەو کارگەیەی پێڵاو کە خۆی کاری تێدا دەکرد. ویلیامز بۆ ماوەی سێ ساڵ لە کارگەی پێڵاو کاری کرد، ئەو کارکردنەی لەوێ بووە هۆی مێشک تێکچوونی. دوای ئەوە گەڕایەوە زانکۆ، بەڵام ئەمجارە لە "زانکۆی واشنتۆن" لە شاری "سانت لویس". کاتێک لەوێ دەیخوێند تیپی شانۆیی "سانت لویس" شانۆگەرییەکانی "جۆرە راکردووەکان" و "مۆمەکان بۆ خۆر" ی ئەویان دەرهێنا. هەندێک هۆی تایبەتی وای لە ویلیامز کرد واز لە "زانکۆی واشنتۆن" بهێنێت و خۆی لە زانکۆی "ئیاوا" ناونووس بکاتەوە. سەرەنجام ویلیامز لە ساڵی ١٩٣٨ زانکۆی تەواو کرد. ساڵانی دواتر ئەو ژیانێکی بۆهیمیانەی بۆ خۆی بەسەربرد و کاری بێ بایەخی

دەکرد و شارەوشار دەگەڕا. ئەو بەردەوام بوو لە کارکردن لە بواری درامادا و بەخششی "ڕۆکفێلەر" ی وەرگرت و لە بواری شانۆیی نووسیندا لە خوێندنگەی نوێی نیۆیۆرکدا خوێندی. لە ماوەی سالانی شەڕی دووەمی جیهانییدا، ویلیامز وەکو سیناریۆنووس لە "هۆلیوود" دا کاری دەکرد. لە دەوروبەری سالی ١٩٤١دا ویلیامز کاری لە بەرهەمێکی درامیدا کرد کە دواتر بووە شانۆگەری "گیانەوەرە شووشەیییەکان". لە دیسێمبەری ١٩٤٤دا "گیانەوەرە شووشەیییەکان" بەهاوکاری ژمارەیەک کەسایەتی ناسراوی شانۆیی لە شاری "شیکاگۆ" دا خرایە سەرشانۆ. لە یەکەم کردنەوەیدا بینەران پەرش و بڵاو بوون، بەڵام ڕەخنەگرەکان زۆریان لەبارەی گوت و ئەمەش وای کرد هۆڵەکانی شانۆ پڕ خەڵک بێت. لە ئازاری ١٩٤٥ دا شانۆگەرییەکە برایە "برۆدوێ"ی و لەوێ "خەڵاتی گرینگی دەستەی ڕەخنەگرانی درامی نیۆیۆرک"ی پێ بەخشرا. ئەم شانۆنامە یەکجار ئۆتۆبایۆگرافییە ناوبانگ و سامان و ڕێزی ڕەخنەگرانی بۆ ویلیامز دەستەبەر کرد و سەرەتای کارێکی سەرکەوتوو بوو کە بۆ ماوەی دە سالی تر درێژەی کێشا. دوو سال دواتر ویلیامز خەڵاتێکی تری "دەستەی ڕەخنەگرانی درامی نیویۆرک" و خەڵاتێکی "پۆلیتزەر"یشی پێ بەخشرا ئەمجارەیان بۆ شانۆگەرییەکەی "ئۆتۆمبێلێک کە ناوی ئارەزووە". ویلیامز دیسان ئەو دوو خەڵاتەی بۆ "پشیلەیەکی سەر سەربانێکی تەنەکەیی گەرم"ی لە سالی ١٩٥٥دا پێ بەخشرایەوە.

لە هەموو شانۆگەرییەکانی ویلیامزدا، مەیخۆری، خەمناکی، ئارەزووی سەرکووتکراو، تەنیایی و شێتبوون دنیای ئەو پێک دەهێنن. هەر لە سەرەتای ١٩٤٠ەکاندا ویلیامز بەکەسێکی هۆمۆسێکسواڵ



ناسراوە و ئەو ئەزموونەی ئەو لە سەردەم و کەلچەرێکدابوو کە دژ بەشتی وابوو، زۆر بەخراپی کاری لە بەرهەمەکانی ئەو کرد. دوای ١٩٥٥ ویلیامز دەستی کرد بەتلیاکخۆری. لە دوای مردنی هاوبەشەکۆنەکەی زۆر ئازاری چەشت و شەش سال دواتر چووە نەخۆشخانەیەکی مێشک لە شاری "سانت لویس". لەگەڵ ئەمەشدا، هەر دەینووسی، بەڵام زۆربەی ڕەخنەگران لەسەر ئەو رایە کۆکن کە بەرهەمەکانی دواتری ویلیامز ئەو گەرموگوڕی و تێنەیان تێدا نییە کە لە شانۆگەرییەکانی پێشتریدا هەبوو.

سەرجەم بەرهەمەکانی ویلیامز بریتین لە ٢٥ شانۆیی تەواو، ٥ سیناریۆ، پتر لە ٧٠ شانۆیی یەک پەردەیی، سەدان کورتە چیرۆک، ٢ ڕۆمان، شیعر و بیرەوەری. ٥ دانە لە شانۆگەرییەکانی ئەو کراونەتە فیلم. ویلیامز لە سالی ١٩٨٣ دا لە ئەنجامی ڕووداوێکدا خنکا کە پێوەندی بەتلیاکخواردنەوە هەبوو.

# رێ نەدان و یاخیبوون و داوەشانی روحی
# لە ناو خێزانی ئەمریکیدا

شیکردنەوەیەکی شانۆگەریی "گیانەوەرە شووشەییەکان"

نووسینی: د. ئازاد حەمە شەریف

یەکەمین شانۆنامەی سەرکەوتووی تێنیسی ویلیامز کە شانۆگەری "گیانەوەرە شووشەییەکان"ە "١٩٤٥" لەگەڵ هاتنی "تۆم" دەکرێتەوە. "تۆم" حیکایەتخوانی شانۆگەرییەکەیە و وەکو دەریاوانێکی بازرگان دێتەژوورەوە کە لە داخی رێ لێگرتن لە ئیش و بارودۆخی گرژی ماڵەوە رای کردووە. وەکو حیکایەتخوان، ئەو هەموو مافێکی ئەوەی هەیە کە کات بگەڕێنێتەوە تاوەکو رابردووی خۆی و ئازاری خەڵک بگێڕێتەوە لە ماوەی ئەو سەردەمە یەکلاییکەرەوەیەی مێژووی دنیا بەگشتی و هی ئەمریکاش بەتایبەتی:

تۆم: ... بۆ ئەوەی دەست پێ بکەم، من کات دەگەڕێنمەوە دواوە. دەیگەڕێنمەوە بۆ سەردەمە سەیرەکەی سییەکان، ئەو کاتەی کە چینی ناوەڕاستی زەبەلاحی ئەمریکا خەریکی دەرچوون بوو لە خوێندنگەی کوێرەکاندا. چاوەکانیان ئەوانی تێ کەواند، یان ئەوان چاوەکانی خۆیان تێ



کەواند، ئینجا ئەوان پەنجەکانی خۆیان بەتووندی بەسەر ئەلفوبای ئاگرینی "برێل"ی ئابوورییەکی تواوەدا دەگوشی. لە ئیسپانیادا "جێرنیکا" هەبوو. لێرەش پەشێوی کار، هەندێک جار تا رادەیەک توند، هەندێک جار جۆرێکی تر بوو لە شارە ئاسوودەکانی وەکو "شیکاگۆ" و "کلیڤلاند" و "سانت لویس"

ئەمە زەمینەی کۆمەڵایەتی ئەم شانۆگەرییەیە.(١)

سەرەنجام لە "سەردەمێکی گۆڕانی مەزنی کۆمەڵایەتی و سیاسی وا قووڵدا لە دنیای بۆرژوازییەکاندا"(٢) ژیانی زۆر کەس وردوخاش دەبێت لە ژێر باری گرانی ئەو سەردەمەدا و گەلێک خێزان دادەڕمێن بەتایبەتی ئەوانەی خاوەن داهاتی کەمن. بۆیەش، خێزانی "وینگفیلد"، یەکێکن لە ناو ملیۆنانی وادا.

خێزانی "وینگفیلد" بەژێر ئەزموونێکی زۆر خراپدا تێ دەپەڕێت، ئەمەش وایان لێ دەکات لەو کانڤاسەی ناو ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژین گیر ببن. ئەوان زۆر بەتووندی پەستراونەتە

(1) Tennessee Williams, **The Glass Menagerie**, (London Heinemann Educational Books , Ltd. , 1968) pp. 2-3

هەر ئاماژەکردنێکی تر بۆ لاپەڕەکانی ئەم شانۆگەرییە کە لە ناو دەقی نووسینەکەدا دەردەکەون ، ئاماژەکردنە بۆ لاپەڕەکانی دەقی ئینگلیزی ئەم شانۆگەرییە. (وەرگێڕانە کوردییەکەی ئەو دەقانەش لە دەستنووسێ وەگێڕدراوی ئەم دەقەی شانۆگەرییەکەوە وەرگیراون).

(2) Grigor Pavlov , 'The Comparative Study of Tennessee Williams' The Glass Menagerie and Portrait of Girl in Glass, 'in **Annuaire del' Universite de Sofia, Faculte des Letters,** LXII, I, (1965). p.116.

ناو لاخانوویەکی جەنجاڵ کە ئەوان هەرگیز گۆڕان یان دەربازبوونیان لەو دەوروبەرە ناخۆشەدا نییە مەگەر بناخەی کۆمەڵگەکەیان گۆڕانێکی ریشەیی بەسەردا بێت. جا هەرچەندەی ئەوان هەوڵ بدەن بۆ باشترکردنی بارودۆخەکەیان، هەوڵەکانیان بێ سوودە، چونکە ئەو دەوروبەرەی ئەوان تێیدا دەژین بەم جۆرەیە:

> لاخانووی ماڵی "وینگفیلد" لە بنەبانی باڵەخانەکەیە، یەکێکە لەو تۆپەڵە پانوپۆڕە پلوورە ئاسایانەیە کە یەکەی نیشتەجێبوونی خانەیی پێک هێناوە. ئەوانە وەکو هەڵتۆقینی بالووکەیین کە لە ناوچەقی شارنشینی جەنجاڵی دانیشتووانی چینی ناوەڕاستی خواروو گەشە دەکەن و نیشانەی تەکانی ئەو کەرتە گەورە لە بنچینەوە دیلکراوەی کۆمەڵگەی ئەمریکییە تاوەکو لە گۆڕان و جیاوازکاری بەدوور بێت و تەنیا وەک بارستێکی تێکئالاوی ئامێریانە بمێنێتەوە و کار بکات.
>
> لاخانووەکە رووی کەوتووەتە کۆڵانێک و بەهۆی پەیژەی دەربازبوون لە ئاگرکەوتنەوەوە دەچێتە ناوییەوە، چونکە هەموو ئەم باڵەخانە مەزنانە هەمیشە بەئاگرێکی لەسەرەخۆ و دانەمرکاوەی نائومێدی مرۆڤەکانەوە دەسووتێن...
>
> ئەم باڵەخانەیە، هاوتەریب لەگەڵ رووناکی لای پێشەوەی شانۆ دەڕوات، هەردوو بەری بەکۆڵانی تاریک و تەسک کە دەڕواتە ناو کەلێنێکی تاریکی رستە تێکئالاوەکانی جل هەڵخستن، قوتووی سەرزبڵ و تۆڕێکی رایەڵکراوی شوومی پەیژەکانی دەربازبوون لە ئاگرکەوتنەوەوەی دەوروبەرەکە.

"دیمەنی یەکەم، لا ١"

ئەمە ئەو کات و شوێنەیە کە ئەندامانی ئەم خێزانە خەمناکە، لە



نێوان زۆر خێزانی تریشدا، تێیدا دەژین. ئابەم جۆرە ئەوان "لە ناو دنیای خۆیاندا پەلبەستکراون، ئەو دنیایانەی کە ئەوان نە تێی دەگەن و نە پەسەندیشی دەکەن..."[٣] هەریەکێک لە ئەندامانی خێزانی "وینگفیلد" هەوڵ دەدات لە دەست ئەو راستەقینە بەربادە رابکات و بەدوای حەسانەوە و دڵنەوایی لە شتێکی تردا بگەڕێت کە ئازارەکانی کەم بکاتەوە. هەڵاتنی ئەوان لە بەربەستەکانی کات و پێداویستییەکانی رۆژگار ئەو تەوەرەیە پێک دەهێنن کە کردارەکانی شانۆ گەریی "گیانەوەرە شووشەییەکان" بەدەوری دا دەسوڕێنەوە.[٤] ئەوان رادەکەن بەڵام کات راویان دەنێت. تەنیاش لە رێگەی ئەو کردارەی لەدەستچوون و قەرەبووکردنەوەیەدا کەسایەتی راستەقینەی هەر یەکێک لەوان ئاشکرا دەبێت.

"ئاماندا"، ژنێکی هەژارکراوی چینی ناوەڕاستە و، وەسف دەکرێت وەکو " ژنێکی پڕ تێنی مەزنە، بەڵام سەرلێشێواوە و بەجۆرێکی سەرشێتانەوە چڕنووکی لە کات و شوێنی تر گیرکردووە..." "لا xix" ئەو خەونی رۆمانسی یان نموونە بەرزەکانی ئەریستۆکراسیەتی زەوی ناوچەی خواروو دەنوێنێت.[٥] ئەم خەونە رۆمانسییە لە روخساردا

---

(3) Roy C. Ketcham , " Through a Glass Starkly," **English Journal** , Vol. 57, No. 2(Feb. 1968) p. 209.

(4) Sam Bluefarb, "The Glass Menagerie: Three Visions of Time," in **College English**, Vo. 24 (1963) p. 513.

(5) Nancy M. Tischler, "The Distorted Mirror : Tennessee Williams_ Self-portraits, " **in Tennessee Williams : A Collection of Critical Essays**, (ed.) Stephen S. Stanton (Englewood Cliffs , N.J : Prentice-Hall, Inc., 1977) p.166.

سیفەتی ناڕاستەقینایەتییەکی مانگبردەڵەی هەیە، جۆرێکە لە رۆمانس کە هەموو خانەدانەکان مەردانەن و هەموو خانمەکانیش خاوەنی قەشەنگی و پاکیزەیین، وێڕای هەبوونی خەونێکی بۆ مایەوە لە سوارچاکەکانەوە. ناوچەی خوارووی خاوەن ئەم ئاکارانە، کە بەرابردووێکی کشتوکاڵییەوە پەروەردە کرابوو لە ئەنجامی ئەزموونێکی یەکجار بەئازارەوە تووشی چەرمەسەری هات. واتە، خەریک بوو لە نموونەی کۆنی ژیانەوە جیا دەبووەوە بەئاراستەی یەکێکی نوێ دەڕۆیشت. ئەم گۆڕانە کە لە رێگەی پیشەسازاندن و ماکیناندنی بەرفراوانی ناوچەکە پەیدا بووبوو بەگۆڕانی سەردەمیانە یان شۆرش ناسرا.(٦)

ئەم گۆڕانە سەرچاوەی چەرمەسەری و ئازارێکی بەردەوام بوو بۆ زۆربەی خەڵکانی خواروونشین. چونکە ئەمە دیاردەیەکی لەگەڵ خۆی هێنا کە لە سۆسیۆلۆجیا پێی دەگوترێت "پاشکەوتنی کەلتووری". ئەم جۆرە پاشکەوتنە کاتێک روو دەدات کە رووکارەکانی دەرەوە – وەکو داوودەزگا جۆراوجۆرەکان– لە کۆمەڵگەدا ئەوەندە بەکتوپڕی دەگۆڕێن کەوا دەکەن تاکەکان نەتوانن ژیانی خۆیان بەپێی داواکاریەکانی ئەو گۆڕانە رێک بخەنەوە. "ئاماندا" یەکێکە لە ملیۆنان کەس کە لە نێوان دوو دنیای دارماودا کەرت بووە:

ئەو راستییەی کە بارودۆخە کۆمەڵایەتییە گۆڕاوەکانی دنیا وای کردووە کە ببێتە شتێکی ئەستەم کە ئەو ژنەپاڵەوانانە هێشتاش بەهۆی رابردوویانەوە پارێزراوبن، مانای وایە کاتێک

---

(6) W .J .Cash, **The Mind of the South**, (New York : Vintage Books, 1960 see pp .viii-x, also p. 371. and pp .377-378.



ئەو ژنانە فڕێ دەدرێنە ناو دنیایەک کە ناچارن پەسندی بکەن و خۆیان لەگەڵی بگونجێنن یان دەبێت دەربەدەر ببن...(٧)

بەمجۆرە، کەلێنی گەورەی نێوان پێویستییە نوێکانی کۆمەڵگە نوێیەکە و ئارەزوو و عەقڵیەتی تاکەکان کە بەهۆی ئەم پاشکەوتنە کولتوورییەوە خولْقێنراوە، دەبێتە هۆی لێک هەڵوەشانەوەیەکی تووندی بنەڕەتی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و خێزان و تاکدا.

سەرباری ئەوەش، داڕووخانی ئابووری مەزن لێدانێکی مەرگهێن بوو بۆ خواروونشینە هەژارەکان. لەگەڵ دابەزینی نرخی بەروبووم، هەموو خێزانێکی خواروو زیانێکی راستەوخۆی لێ کەوت. ئەمە بووە هۆی تێکشکانی رێکخستەی چینایەتی کۆن لە ناوچەی خواروودا و لە ئەنجامیشدا ئەرستۆکراسیەتی زەوی دەستی بەنەمان کرد. بەڵام هێشتاش ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە هەر حەزی گەڕانەوەیان بۆ شکۆمەندیەکانی رابردوو مابوو(٨)، هەروەها هەمیشە هەوڵیان دەدا لە رێگەی زیندەخەونەکانیانەوە بەهەشتی لەدەستچوویان بەدەست بهێننەوە:

ئاماندا:... باشە، لە ناوچەی خوارووڤا ئێمە زۆر خزمەتکارمان هەبوو. چوو، چوو، چوو. هەموو رووخسارێکی ژیانی خۆش! بەتەواوی چوو! من ئامادە نەبووم بۆ ئەوەی داهاتوو بۆی هێنام. هەموو خوازبێنیکەرە خانەدانەکانم کوڕی جووتیارەکان بوون و هەڵبەتە من وام دانابوو مێرد

---

(7) Robert Emmet Jones, ‘Tennessee Williams’ Early Heroines," p 219.

(8) Ibid., pp .212-213

بەیەکێکیان بکەم و خێزانەکەم لەسەر پارچە زەوییەکی گەورە بەخێو بکەم و خزمەتکاری زۆریشم هەبێت. بەڵام پیاو خوازبێنی دەکات- و ژنیش خوازبێنییەکە پەسند دەکات!- بۆ ئەوەی ئەم قسە زۆر زۆر کۆنە کەمێک بگۆڕم- من مێردم بەهیچ جووتیارێک نەکرد! من مێردم بەپیاوێک کرد کە لە کۆمپانیای تەلەفۆن کاری دەکرد!- ئەو خانەدانە نازدارە بزەدارەی ئەوێ! [نیشانە بۆ وێنەکە دەکات. [ئەو کرێکاری دەزگای تەلەفۆن بوو- کەوتە داوی خۆشەویستی جێگە دوورەکان!- ئێستا ئەو گەشت دەکات و من نازانم بۆ کوێ!

"دیمەنی شەشەم، لا ٤٩"

رەنگە "ئاماندا"، قسەکەری ویلیامز بێت[٩]، ئەو تاقە کەسێکی شانۆگەری "گیانەوەرە شووشەییەکان" ە کە بەتەواوی لە نێوان دوو خەونی فریوودەردا بزر بووە: لە نێوان خەونی خوارووی ئەرستۆکراسیەتی زەوی و خەونی ئەمریکی سەرکەوتندا. بەمجۆرە بێت، گینگڵ و ئازارەکانی ئەو بێسنوورە کاتێک دەبینێت هەموو شتێک بەپێچەوانەی ویست و ئاواتەکانی ئەو دەجوولێت.

رابردوو و ئێستا ئازارێکی مەزنی بێ کۆتایی لەلای ئاماندا دەخولقێنن، چونکە ئەو بەناو هەردووک ئەزموونی- خۆشییەکانی بەهەشت لە رابردوودا و ئازارەکانی دۆزەخی ئێستادا رەت بووە. واتە،

(9) Tennessee Williams, ‘On Art and Sex’ **The New York Times**, (November, 1975) p49.





ئەو کە هەموو کاتێک لە رابردوودا بەکۆمەڵێک خوازبێنیکەری خانەدان دەورەدرابوو، ئێستا مێردەکەی بەجێی هێشتووە- "ئەو کرێکاری دەزگای تەلەفۆن بوو کەوتە داوی خۆشەویستی جێگە دوورەکان!-" شانزەساڵ لەمەوبەر ئەوی بۆ کێشە و خەمەکانیماڵەوە بەجێ هێشتووە. ئێستا ئەو بەکەمتەرخەمی و گوێ پێنەدراوی بەجێ هێڵراوە و بەخت و سامانی لە دابەزیندایە، چونکە تەنانەت یەک خوازبێنیکەری خانەدانیش بۆ "لۆرا"ی کچی دەست ناکەوێت. وێڕای ئەمەش، ئەو ئێستا پارەی نییە کە تێرای ماڵ بەڕێوەبردن بکات، بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە"تۆم" بەستووە کە لە کۆگایەکی پێڵاودروستکردن مانگانە بەشەست دۆلار لە کار دەکات. سەرباری ئەوەش، ئەو خۆی ئابوونەی گۆڤار دەفرۆشێت و بانگەواز بۆ هەندێک کتێب دەکات بۆ دەستخستنی چەند سەنتێک. جا ئەم جیاوازییەی نێوان یادەوەرییە ناسکە گوڵڕەنگەکانی رابردوو و راستەقینە رەق و توندەکەی ئێستایە کە ژیانی بۆ ترسێکی بەردەوام دەگۆڕێت.

رەنگە "جۆن ود کرەچ" کورتبین بوو بێت لە شیکردنەوەی هۆی لێک هەڵوەشانەوەی خێزانی "وینگفیڵد". ئەو ئەمە دەداتە پاڵ خەونەکانی رێزپارێزی "ئاماندا"، وەک دەیڵێت: " لە شانۆگەریی گیانەوەرە شووشەییەکاندا دایکەکە دەبینێت خێزانەکە هەڵدەوەشێتەوە، چونکە خێزانەکەی چی تر ناتوانێت ئەو خەونانەی رێزداری جگە لە شتی هەراسانکەر بەجۆرێکی تر ببینێت."[١٠] ئەم جۆرە شیکردنەوەیە لە

(10) Joseph Wood Krutch, "Postwar," **in Discussions of Modern American Drama**, (ed.) Walter J. Meserve (Boston : B .C : Heath and Company, 1966) p .71

راستی دوورە و ساویلکەیی بۆچوونی دانەرەکەی دەردەخات. خێزانەکە لەبەرئەوە ناڕووخێت، چونکە ناتوانێت خەونەکانی ڕێزداری ئاماندا جێبەجێ بکەن، بەڵکو، ئەوەی راستی بێت لەبەرئەوەی کۆمەڵگەکە بەگشتی لە ئەنجامی "داڕووخانی ئابووری مەزن" و هەڕەشەی جەنگ تووشی هەڵوەشانەوە دەبێت.

دەتوانین بڵێین کە سەرلێشێوانی "ئاماندا" هەر بەتەنیا هی خۆی نییە: ئەوە تراژیدیای ئەو کەلتوورەیە کە ئەوی خوڵقاندووە، پەروەردەی کردووە و فڕێ ی داوەتە لایەکەوە. ئەو پاشماوەیەکی بەبەردبووە لە چەرخێکی بەبازرگانییبوون و شتی بەباقوبریقی بێ بایەخ. جا بۆیەش، بەزینی ئەو، بەزینی کەلتوورێکە کە خۆی لە دووفاقی و خەڵەتاندندا دەبینێتەوە.[11] وەکو قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی کە ئەو لە ئێستایەکی هەڵوەشاوەدا لەدەستی داوە، دەبینرێت "ئاماندا" چنگی خۆی لە تاقە هیواکانی خۆی لە ژیاندا گیر کردووە کە ئەمانیش "تۆم" و "لۆرا"ن. کەواتە، ئەو دەبێت لێی ببووردرێت لەبەر دڵڕەقییە ساتەوەختییەکەی بەرامبەر ئەوان، چونکە ئەو هەوڵ دەدات کە ئەو خۆشییەی ئەو لێی بێ بەری بووە لە پەروەردەکردنی ئەواندا ببینێتەوە.

چونکە ئاماندا لە ناو گێژەنی خەمەکانی ماڵەوەدا ون بووە، ئەو هەمیشە لە ئێستا رادەکات بەرەو کاتێک کە ئەو کچێکی گەنج بوو لە خاکی ئەریستۆکراسییەکانی ناوچەی میاندواوی "میسیسیپی" دا. کەچی ئێستاکە کە بەماکینەکردن و پیشەسازاندن هەموو بستێکی ئەو خاکەی تەنیووەتەوە، وێرای "داڕووخانی ئابووری مەزن"، نزیکەی هەموو جووتیارێک ماڵوێران بووە و خاکی خەونەکان بووەتە

(11) Robert Emmet Jones, ‘Tennessee Williams’ Early Heroines," p. 219.



وێرانەخاکێکی پڕلە کەسانی قەلۆش و نەبوون. بەڵام "ئاماندا" هێشتا بیر لە هێنانەوەی سەردەمێک دەکاتەوە کە ناگەڕێتەوە. هەر کاتە نا کاتێک ئەو بەهۆی گەشتە ڕۆمانسییەکەی لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی شاری "سانت لویس" ەوە لە ئێستای دڵڕەق و بێتام رادەکات بۆ خاکی جوانی و دڵڕفێنی سەردەمی رابردوو:

ئاماندا:... ئەمە ئەو جلکە بوو کە من سەرچۆپی سەماکەم پێی گرتبوو، دوو جاریش لە "سەن سێت هیڵ" دا شاباش کرام و بەهارێکیش لە ئاهەنگی پارێزگار لە "جاکسن" کردمە بەرم.

من رۆژانی یەکشەمە بۆ خوازبێنیکەرە خانەدانەکان دەمکردە بەرم! ئەو رۆژەی باوکتم بینی کردبوومە بەر –

بەدرێژاییی ئەو بەهارە لەرز و تای مالاریام گرتبوو... – داواتنامە سەرلەبەر دەهاتن– ئاهەنگ و بەزم لە سەرانسەری "میاندواوان" دەگێڕدرا! دایکم دەیگوت، "لە ناو جێگە بمێنەوە، تۆ تات هەیە! " بەڵام من هیچ وام نەدەکرد. – من مادەی "کینین" م دەخوارد و دەچووم و دەچووم!– ئێواران، سەما هەبوو!– نیوەڕوان، بۆ ماوەیەکی درێژ ئەسپ سواری! سەیرانەکان– خۆش بوون!– ئەو گوندانە ئەوەندە خۆش بوون لە مانگی گوڵاندا.– هەمووی بەگوڵە شیلانە رازابووەوە، هەردەتگوت لە ناو نێرگزە کێویلەدا نقووم بوون! ئەو بەهارە من بۆ نێرگزە کێویلە شێت بووبووم. نێرگزە کێویلە بەتەواوی لەو کەللەی دابووم. دایکم گوتی، "گیانەکەم، چی تر جێگەمان نەماوە بۆ نێرگزە کێویلە." کەچی هێشتا من هەر نێرگزە کێویلەم دەهێنا. هەرکاتێک بمبینیایە، دەمگوت، "بوەستە! بوەستە! من نێرگزە کێویلە دەبینم!" وام کرد کوڕە

گەنجەکانیش یارمەتیم بدەن بۆ کۆکردنەوەی نێرگزە کێویلە!
ئەمە بووەبووە گاڵتە، "ئاماندا" و نێرگزە کێویلەکانی!
سەرەنجام گوڵدان نەما بۆ تێدادانان، هەموو شوێنێکی
بەردەست پڕکرابوو لە نێرگزە کێویلە. گوڵدان نەما بوو بۆ
تیادانان؟ زۆر باشە، من بەخۆم هەڵیان دەگرم! ئینجا من...
باوکتم بینی!

"دیمەنی شەشەم، لا ٤١"

وەڵامدانەوەی "ئاماندا" بۆ ئەو بارە راستەقینەیە لە ڕێگەی هەستەکانیەوەیە، نەک مێشکییەوە. چونکە هێشتا ئەو لەو کات و شوێنە تێ ناگات کە تێیدا دەژیت. ئەمەش وای لێ دەکات دۆنکیشۆتیانە دەربکەوێت، چونکە ئەو وا دەزانێت سەرکەوتن لە کۆمەڵگە پڕپێشبڕکێکارییەکەی ئەودا دەوەستێتە سەر "بەهرەی سروشتی"، نەک فرۆفێڵ و روحی پێشبڕکێکاری. "ئاماندا" لەمەدا هێندەی "ویلی لۆمان" خەڵەتاوە. سەرەڕای ئەوەی ئەو قوربانییەکی قەلەندەری "خەونی ئەمریکی" سەرکەوتنە[١٢]، ئەو پشتیوانێکی هەمیشەیی دروشمەکانیەتی:

ئاماندا:... هەوڵ بدە و تۆ سەردەکەویت، بۆچی، تۆ هەر
پڕاوپڕی بەهرەی سروشتیت!

"دیمەنی چوارەم، لا ٢٣"

(12) Roger B .Stein, "The Glass Menagerie Revisited: Catastrophe Without Violence," **in Tennessee Williams : A Collection of Critical Essays**, (ed.)Stephen S .Stanton (Englewood Cliffs , N.J: Prentice-Hall, Inc., 1977) p .38.



ئەمە ئەوە دەردەخات کە "ئاماندا" ئاگای لەو دژایەتییانە نییە کە لە ناخی ئەو کۆمەڵگەیەی ئەو تییدا دەژیت لە جموجۆڵ دایە، یەکێک لەو دژایەتییانەش ئەوەیە کە لە نێوان " ئازادی گوتراوی تاک و هەموو سنووردارێتییە راستەقینەکانیدایە."[١٣]

دوای ئەوەی لەو خەیاڵانەی رزگار دەبێت، "ئاماندا" کەڵکەڵەی پەیداکردنی خوازبێنیکەرێکی خانەدان بۆ "لۆرا"ی دەکەوێتە سەر. هاتبا یەکجار هێندە دوور لە داواکارییەکانی نەرۆیشتبایە، ئەو کەڵکەڵەیەی ئەو شتێکی لۆجیکی و ژیرانە بوو، چونکە "لۆرا" کچێکە پوولێک بۆ ماڵەوە ناهێنێتەوە و بارگرانییە بەسەر ئەو خێزانە هەژاربووەدا . بەمجۆرە، گەڕانی ئەو بۆ خوازبێنیکەرێکی خانەدان، گەڕانە بەدوای رزگارکەرێکدا بۆ سووککردنی خەمەکانی ماڵەوەی خۆی. سەرەنجام، داواکارییەکەی ئەو، دەگاتە رادەی پاڕانەوە لە "تۆم" بۆ هێنانە ماڵەوەی کەسێک کە لەوانەیە بتوانێت کۆتایی بەو گیرۆدەبوونەی ئەو بهێنێت.

ئێستا ئەوە روون بووەتەوە کە هەموو خەون و خواستەبەرزەکانی "ئاماندا" راستەوخۆ لە راستینە ناخۆشەکەیەوە پەیدا دەبن. ئەوان یەکدەگرن و شێوەی پلان و ئامادەکارییەکانی داهاتوو وەردەگرن. پتر لەوەش، خەمەکانی ماڵەوەی کە لە ئەنجامی هەژاری و بێتوانایی ئەوەوە پەیدا دەبن، شەڕێکی بێ کۆتایی دژ بەهەموو خواست و خەونەکانی بەرپا دەکەن.

"لۆرا"، کچە شەلەکەی "ئاماندا"، کە نایەڵێت کەس وا بانگی بکات،

(13) Karen Horney, **The Neurotic Personality of Our Time**, (London: Routledge and Kegan Paul, Ltd, 1957) p .289.

ئەویش سەرلێشێواو و ئازارچەشتووە لە ئێستایەکدا کە دەیخنکێنێت. ئەو لە دروستکردنی هیچ پێوەندییەکی خۆڕاگر لەگەڵ راستینەدا سەرنەکەوتووە، ئەو بەتەواوەتی لە ناو دنیای خۆکردی گیانەوەرە شووشەییەکانی خۆیدا ژیان بەسەر دەبات. "بێنجامین نیلسن" بەسەرنج لێدانەوە دەنووسێت: "کێشەی تایبەتی "لۆرا" بەشێکە لە تێوەگلانێکی مەزنتر– تێکشاندن بەهێواشی و بێ پەشیمانبوونەوەی خێزانێک."[14] بەمجۆرە، "لۆرا" هێمای هەموو شتێکی هەستیارە کە بەهۆی راسینەیەکی رەقەوە تێک شکێنرابێت.

ژووری "لۆرا" دەکەوێتە نێوان دۆڵی مردن و سەماخانەی بەهەشت. ئەو هەردووکیان رەت دەکاتەوە، چونکە هەردووکیان دەربڕ و هێمای ئێستایەکی داڕووخاون. وەکو جێگرەوەیەک، ئەو هەوڵ دەدات خۆشی لە شتێکی تردا بدۆزێتەوە کە کات نەتوانێت بیباتەوە ئەویش گیانەوەرە شووشەییەکانن. کاتێک لە "تێنیسی ویلیامز"یان پرسیاری ئەو گیانەوەرە شووشەییانە چی دەنوێنن، وەڵامەکەی ئەوە بوو:

> ئەو گیانەوەرە بچووکە شووشەییانە، لە ناو بیرەوەری مندا هاتوون گشت ناسکترین سۆزەکان بنوێنن کە لەمەڕ ئەو یادگارییانەی شتە بەسەرچووەکانن. ئەوان هەموو شتێکی بچووک و ناسکیان نواندووە کە نموونە بێتام و بێ ڕەنگەکانی ژیان خۆش دەکەن و وا لە ژیان دەکەن لەلای کەسانی هەستناسک خۆلەبەرگیراو بێت.[15]

---

(14) Benjamin Nelson, **Tennessee Williams: The Man and His Work**, (New York : Ivan Obolensky, Inc., 1961) p .103.

(15) Williams quoted in Lincolin Barnett, "Tennessee Williams," **Life**, Vol .xxiv (February 16, 1948) p.118 .



ئەم پەرستنەی گیانەوەرەکان لەلای "لۆرا"وە دەگاتە رادەی بتپەرستی کە لە ئەنجامدا ئەوە دەردەخات کە بێ کەسایەتی بوونی ئەو چەند مەزنە. بەهۆی سەرنەکەوتن لە دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ راستینە و سەرکووتکردنەوەی ئەو لەماڵدا، "لۆرا" روح و ژیانی خۆی هەڵدەداتە ناو ئەم پارچە شووشە رۆنە ناسکانەوە.

بەپێچەوانەی ئەزموونی رابردووی دایکی، هی "لۆرا" تۆمارێکی تەواوی دۆڕان و سەرنەکەوتنە، ئەمەش لەگەڵ ئەزموونی خوێندنگەی ئامادەیی لە "کۆلیژی ئیش و کاری روبیکام" دەست پێ دەکات. بەمجۆرە، بەهۆی هەستکردنی ئەو بەکەمیتی کە ئەنجامێکی راستەوخۆی هەژاری ئەوان بوو و نەک تەنیا ناتەواوی جەستەیی، ئەو دەبێتە کەسێکی کەمدوو و نائومێد. ئەو نەدەتوانێت خۆشی لە خوێندنگە ببینێت و نە لە هیچ جێگەیەکی تریش، چونکە ئەوانە بەردەوام ناتەواوییەکەیان بەبیر دەهێنایەوە و هەستی هەژاری ئەویان تیژ دەکردەوە. لۆرا بەجۆرێکی زۆردارانە لەلایەن دایکییەوە رەفتاری لەگەڵدا کراوە بەوەی ناچاری دەکات رۆژانە لە کاتژمێر حەوت و نیوەوە بچێتە خوێندنگە، بۆیەش کۆرسەکانی بەجێ دەهێڵێت و خۆشییەکی ساتەوەختی لە سەیرانگە و مۆزەخانە و سینەماکاندا دەدۆزێتەوە. ئەو بڕوای وایە پێوەندییەکانی خوێندنگە بۆگەن و درۆیاوین، بۆیە ئەو دەکشێتەوە ناو دنیایە تەباو کۆکە بچکۆلەکەی کۆمەڵە شووشەییەکان.

بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانە تەواوەکەی ئەو لە ماڵەوە یان دەرەوەدا کە هەردووکیان دەربڕی دنیای دڵڕەقن، "لۆرا" لە کۆمەڵە شووشەکانیدا دنیایەکی بچووک بۆ خۆی دروست دەکات کە نەرم و ناسکە و بەشەڕە بەردەوامەکانی دایکی و "تۆم" تێک ناچێت. کەوابوو، "لۆرا"، وەکو

دایکی نییـە، ئەو هەرسێ رووانینی کات "رابردوو، ئێسـتـا و ئاینده" رەت دەکاتەوە، چونکە ئەو وا بیر دەکاتەوە کە ئەوان هیچ چاکەیەکیان بۆ ناهێنن. سـەرەنجام، ئەو پەنا دەباتە بەر شـتی "ناکاتی" کە کات و شـوێن ناتوانێت تێکیـان بدات. رەنگە کـۆمـەڵە شـووشـەییـەکـان دژایەتییـەکانی نێوان تەبایی لە دنیای گیانەوەران و دڵڕەقی دنیای مـرۆڤـەکـان پیشـان بدات. لۆرا ئـەوەی پێشـووی پێ چاکـتـرە، چونکە خۆشییەکی پتر دەبەخشێت و یەگجار چاکترە لەوەکەی دواتریان. بۆیە، کـاتێک چاوی بە"جـیم ئۆکـۆنـەر" دەکـەوێت، ئەو وشـە و "پونگە کـێـویلە– ژیان رزگـارکـەر"ی پێ دەدات کـە هەردووکـیـان شـتی ساتەوەختی و بێسوودن لە بەردەم رۆژگاردا، "لۆرا"ش لەجیاتی ئەوانە پارچەیەک لە کۆمەڵە شووشەییەکانی وەکو یادگاری پێ دەدات. ئەگەر بەزمانی هێماییانە بدوێین، ئەمە مانای وایە چارەسەری ئەو بۆ واقیع ئەوەیە کـە لێگەڕێیت کـات بڕوات و لێگەڕێیت خـەڵکی خـۆشی و ئاسودەییی هزری و باڵابوونی روحی بدۆزنەوە لەو شتە بچووکانەدا.

کەچی "جیم"، کە لەلایەن "تۆم"ەوە وەک" راستـەقینەترین کەسایەتی شـانۆگەرییـەکەیە، چونکە ئەو نێردراوی دنیای راستـەقینەیە کە ئێمـە بەهەرجۆرێک بێت لێی جیاکراوینەتەوە، ئەو شـتێکی زۆر بـەدواخراوی یەگجار ئومێد بۆخوازراوە کە ئێمە لەپێناویدا دەژین."دیمەنی یەکەم،لا ٣"

وەسـفکراوە دەبێـتـە هێـمـای بەرجـەسـتـەکراوی "خـەونی ئەمـریکی سەرکەوتن ".(١٦)

"جیم ئۆکۆنـەر"، پاڵەوانی خوێندنگەی ئامادەیی، وای لێ چاوەڕوان دەکرا ببێـتـە شـتێکی گـەورەتر لـە نووسـیـارێک لە هەمـان کـۆگـای

(16) Roger B .Stein, ‘The Glass Menagerie Revisited: Catastrophe Without Violence,’ p.38.



پێڵاوسازی کە "تۆم" کاری تێدا دەکات. دوای تەواوکردنی خوێندنگەی ئـامـــادەیی، ئەو تووشی دابەزینی لووتکەیی دێت لە رووی بەخت و چارەنووسـەوە، ئەو نزیکەی دەبێـتە کـەسێکی ئاسـایی. ئەویش وەکو ئامـاندا خـەونبینە، نەک خـەونی شکۆمەندییـەکانی رابردوو، بەڵکو هی داهاتوویەکی رووناک. ئەمەش ئەوە دەردەخـات کە ئەو لەو سیستەمەی کە لە سـایـەیدا دەژیت تێ ناگـات. وێڕای ئەوەش، ئەو وا بـیر دەکاتەوە کـە سـەرکـەوتن لـە کـۆمـەڵگەکـەی ئەودا پشت بەمـێـشک یان توانا نابەستێت بەڵکو دەوەستێتە سەر خۆدەرخستنی کۆمەڵایەتی:

جـیم: ... من و تۆ، لەو جـۆرە کـەسـانە نین بۆ ناو کـۆگـا دەست بدەین.

......................................

تۆم: لە چی لایەنێکەوە؟

جیم: لە هەمـوو لایەنێکەوە! لە خـۆت بپرسە جیاوازی چییـە لە نێوان من و تۆ و پیاوانی ناو نووسینگەکانی پێشـەوە؟ مێشکە؟ – نەخێر، توانایە؟ – نەخێر! ئەدی چییە؟ تەنیا شتێکی بچووکە –

تۆم: ئەو شتە بچووکە چییە؟

جـیم: لە پێش هەمـوو شـتێکەوە ئەوە پێـوەندی هەیە بە– خـۆدەرخـستنی کـۆمـەڵایەتییـەوە! واتە توانای ئەوەت هەبێت رووبەڕووی خـەڵکی ببیتـەوە و خـۆت لەسـەر هەر ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا رابگریت!

"دیمەنی شەشەم، لا ٤٥– ٤٦"

هەر بۆیە، ئەو کۆرسێکی لە ئەندازەی رادیۆیی و یەکێکی تریشی لە

وتاربێژی گشتی وەرگرتووە. ئەو هەمیشە وا بیر دەکاتەوە کە ڕۆژێک دێت ئەو بگاتە "وایت هاوس" یان دەبێتە پیاوێکی گەورە. تا ڕادەیەک بەتەوسەوە، ئەو نازانێت کە ئەو بیرۆکانە لەلایەن سیستەمەکەوە بانگاشەیان بۆ دەکرێت بۆ هەڵخڵەتاندنی کەسانی بەسەزمانی وەکو ئەو، چونکە سەرکەوتن لەم جۆرە کۆمەڵگەیەدا ناوەستێتە سەر هیچ شتێک جگە لە بڕی ئەو پارەیەی کە هەتە و توانای پێشبڕکێکاری.

سەرباری ئەوەش، هەندێک تاوی وا هەیە کە ئەو زیندوویەتی خەونەکەی خۆی تاقی دەکاتەوە، بەمەش، ئەو خۆی لە ناو گێژەنی تێکەوتنەکان دەدۆزێتەوە. لەمەش پتر، ئەو دەزانێت کە ملیۆنان خەڵکی تر وەکو ئەم هەن کە نائومێدن و مەرگێکی درێژبووەوە دەچێژن. ئا بەمجۆرە، ئەو ئەوە ڕادەگەیەنێت کە نیگەرانی کوشندەترین نەخۆشی ئەم سەردەمەیە:

جیم: ... هەروەها هەموو کەسێک گیروگرفتی هەیە، نەک بەتەنیا تۆ، بەڵام بەکردەیی هەموو کەس هەندێک کێشەی هەیە.

تۆ وا دەزانیت بەس تەنیا تۆ کێشەت هەیە، بەس تەنیا تۆ کەسێکی نائومێد بوویت. بەڵام تەنیا سەیرێکی دەوروبەری خۆت بکە دەبینیت کە زۆر خەڵک هەن هێندەی تۆ نائومێدن. بۆ نموونە، من کە چوومە خوێندنگەی ئامادەیی هیوادار بووم کە لەوە بچمە سەرەوە، شەش ساڵ دواتر، گەیشتمە ئەو شوێنەی کە ئێستا پێی گەیشتم.

"دیمەنی حەوتەم، لا ٥٩"

ئەم ساتانەی لەخۆنۆڕین زۆر کورتن، چونکە مێشکە ساکارەکەی



ئەو وا بیر دەکاتەوە کە ڕۆژێک دادێت زانست کۆتایی بەهەموو کێشەکانی ئەمریکییەکان دەهێنێت:

جیم: ... "باڵەخانەی ڕیگلی" یەکێکە لە دیمەنەکانی شیکاگۆ. من هاوینی پێرار بینیم کاتێک چووبووم بۆ بینینی پێشانگەی "سەدەی پێشکەوتن". ئەرێ تۆ بەشداری پێشانگەی "سەدەی پێشکەوتن"ت کرد؟

لۆرا: نەخێر بەشداریم نەکرد.

جیم: باشە، ئەوە پێشانگەیەکی تا ڕادەیەک دڵڕفێن بوو. ئەوەی لە هەموو شتێک پتر سەرنجی منی ڕاکێشا "هۆڵی زانست" بوو. ئەو بیرۆکەیەت دەخاتە مێشکەوە کە ئایندە لە ئەمریکا چۆن دەبێت، تەنانەت زۆر سەرسوڕمێنەرتریش لە کاتی ئێستا!

"دیمەنی حەوتەم، لا ٥٦"

یان ئەو بڕوای بەوە هەیە کە هێزی خۆشەویستی ڕوخساری سەرتاپای دنیا بگۆڕێت:

جیم: ... هێزی خۆشەویستی بەڕاستی زۆر مەزنە!

لۆرا، خۆشەویستی شتێکە– هەموو دنیا دەگۆڕێت!

"دیمەنی حەوتەم، لا ٧٠"

یاخۆ ئەو بڕوای وایە کە بەهۆی خوولی دیموکراسییەوە، کە بەزانیاری دەست پێ دەکات، پاشان پارە دێت، ئینجا دواتر هێز دێت هەژاری ئەو لە ناو دەچێت:

جیم: ... ئەوەی ڕاستی بێت من ماوەیەکە پێوەندی دروستم کردووە و ئەوەی دەشمێنێتەوە ئەوەیە کە پیشەسازییەکە

بکەوێتە کار! بەهەموو گوڕێکەوە.
زانیاری – زرپ! پارە، زرپ! هێز!
خوولی دیموکراسی لەسەر ئەمانەوە بەندە!

"دیمەنی حەوتەم، لا ٦٣"

هەروەها ئەو بڕوای بەهێزی شیکردنەوەی دەروونی هەیە کە لەو ڕۆژانەدا بابەتێکی باو بوو. ئەو وا بیر دەکاتەوە کە ئەو باشتر لە دەروونناسێک شت دەزانێت. جا بۆیە، ئەو دەکەوێتە بەدەستنیشانکردنی نەخۆشییەکانی لۆرا لەسەر بنەمای پێشەکییەکانی "ئەدلەر" لەبارەی هەست بەکەمی کردن، هەروا چارەسەری زۆر ساویلکانەی پێ دەدات. بەڵام تا ڕادەیەک بەپێچەوانەوە، کێشەکانی ئەو خۆی بێ چارەسەری ماونەتەوە. دەکرێت بگوترێت کە ئەم پیاوە بەرهەمی کولتووری خۆیەتی و ناکرێت زۆر شتی لێ چاوەڕوان بکرێت.[١٧] بەکورتی، لە پەنای قسەی "جیم ئۆکۆنەر"ەوە لەبارەی چارەسەرکردنی هەموو کێشە هاوچەرخەکان بەهۆی شیکردنەوەی دەروونییەوە و لە ڕێی پێشکەوتنی زانستەوە، تێنیسی ویلیامز پلار داوێت و گاڵتە بەو مەیلە دەکات کە لە ماوەی ساڵانی سییەکاندا لە ئەمریکادا گەشەی کردبوو.

بەهەرحاڵ، "جیم" "لەوە دەچێت کە مرۆڤی ئەمریکی ئاسایی بنوێنێت کە گوێڕایەڵی داوونەریتەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ دەکات."[١٨] بۆیە، وەک ڕۆجەر ب. ستاین دەڵێت: «لەلای "جیم" کۆگاکە زیندان نییە بەڵکو

(17) For further details on this point see Roger B .Stein, p .42.

(18) Signi Falk, "The Profitable World of Tennessee Williams," Modern Drama, I (December, 1958) p .176.



پلیکانەیەکە لە پەیژەی بەرەو سەرکەوتن چوون.»[١٩] "جیم" کە خاوەنی ئەم جۆرە مێشکەیە و ئەم بۆچوونەی بۆ ڕاستینە هەیە، ئەو ناتوانێت ئەوە ببینێت کە چی لە دنیادا ڕوو دەدات– فاشیزم گەیشتووەتە ترۆپک و ئەوان لەسەر قەراغی جەنگێکی جیهانین. بەبەراورد لەگەڵ بارودۆخی دنیا، چارەسەرییەکانی ئەو لەو ڕۆژگارەدا تەواو ئایدیالیزمانە و نابەجێن. لە پاڵ ئەمەشدا، ئەوە دەردەخەن کە ئەو چەند ساویلکە و هەڵخەڵەتاوە.

"تۆم" تاکە کەسێتی ئەم شانۆگەرییەیە کە ڕوانینێکی ڕوونی بەرامبەر ئەو کات و شوێنە هەیە کە تێیدا دەژیت. ئەو، وەک "ئاماندا"، بەرەو بارە ڕاستەقینەکە ناچێت لە ڕێگەی هەستەکانییەوە، وەکو "جیم ئۆکۆنۆر"یش هێندە ساویلکە نییە، وەکو "لۆرا"ش نییە کە بەتەواوی ڕاستینەکە ڕەت دەکاتەوە. ئەو زۆر ئاگەداری ئەو ڕاستییەیە کە ئەو کۆمەڵگەیەی ئەو تێیدا دەژیت ڕوح وێرانکەرە و خودی کەسەکان دەکوژێت و مرۆڤەکان هەپڕوون بەهەپڕوون دەکات. ئەم ڕوانینەی ئەو بەوە تیژکراوەتەوە کە دەبینێت تا سەرئێسکان لەلایەن سەرۆکەکەی خۆیەوە "مستەر مێندۆزا"وە کە هەڕەشەی دەرکردنی لێ دەکات چەوسێنراوەتەوە. وەک دژەکردارێک بۆ ئەم بارودۆخە نامرۆڤانەیە ئەو هەستی خۆی وا دەردەبڕێت:

تۆم: من وا خەریکە لە ناوەوەڕا دەکوڵێم. من دەزانم بەکەسێکی
خەونبین دەچم، بەڵام لە ناوەوە– باشە، من وا دەکوڵێم!–
هەرکاتێک من پێڵاوێک هەڵدەگرم، من کەمێک دەلەرزم
کە بیردەکەمەوە ژیان چەند کورتە و منیش چی دەکەم!–

(19) Roger B. Stein, p.38.

ئەوە مانای هەرچی یەک بێت، من دەزانم مانای پێڵاو
نییە– جگە لەوەی کە بکرێتە پێکانی گەشتیارێک!

"دیمەنی شەشەم، لا ٤٧"

ڕێ لێگرتنەکانی "تۆم" لەلایەن "مستەر مێندۆزا"ی خاوەنی کۆگایەکەوە، وێڕای ئێش و ئازارەکانی دوورکەوتنەوە تەنانەت لە هاوڕێ کرێکارەکانی ناو کۆگا وای لێ دەکەن کە لەوێ ببێتە کەسێکی نەگونجاو. ئەو نزیکەی هیچ هاوڕێییەکی نییە جگە لە "مستەر ئۆکۆنەر". هەروەها هەموو کرێکارەکان بەچاوێکی دوژمنکارانەی گومانیاوییەوە سەیری دەکەن. ئەمە ئەوە دەردەخات کە ئازارەکەی چەند مەزنە و ئەو چەند لە هەموو کەسێک نامۆیە.[٢٠] هەر تەنیا ئەو ئەزموونەیە کە پاڵ بە"تۆم"ەوە دەنێت لەو کۆمەڵگە پارەپەرستەدا ژیانی مرۆڤێکی پەڕاوێزیانە بژیت.[٢١]

(٢٠) ئێریک فرۆم هەندێک ڕوونکردنەوە لەبارەی ئەو خاڵەوە دەدات . ئەو ئەم پرسیارە دەپرسێت: "پێوەندی مرۆڤی ئەم سەردەمە لەگەڵ برای مرۆڤی چییە؟" وەڵامەکەی ئەوەیە:

بریتییە لە پێوەندی نێوان دوو شتی داماڵراو، دوو مەکینەی زیندوو، کە یەکتری بەکار دەهێنن. خاوەنکار ئەوانەی کاریان پێ دەکات بەکار دەهێنێت: دێوەرە کڕیارەکانی بەکار دێنێت هەموو کەسێک بۆ هەموو کەسێکی تر کالایەکە....

Erich Fromm, **The Sane Society**, (New York: Holt, Rinehart and Winston, 1965) p .139.

(٢١) لەبارەی کاریگەری گوشارە ئابوورییەکان لەسەر نامۆبوون و لەخۆنامۆبوونی مرۆڤ، "ڕۆلۆ مای" دەنووسێت:

ئا بەمجۆرە گوشارە ئابوورییە هاوچەرخەکان بەشداریان کردووە نەک =



"تۆم"ی خەونبینی ڕۆمانسی[٢٢]، خۆی بەگیرۆدەیی لە ناو تەڵەکاندا دەدۆزێتەوە کە داهێنانی شیعری ئەو سنووردار دەکەن. لە ئەنجامی ئەوەوە، ئەو هەستێکی یاخیبوونی لەلا دەڕسکێت بەرامبەر هەرشتێک کە ئازادییەکەی سنووردار بکات: یەکەم جار، لە شێوەی کاروکردە نهێنییەکەی خۆدزینەوە لە ئێش و کار کاتێک ئیشەکانیان خاو دەبن لە ناو کۆگادا و چوونە ئاودەستخانە بۆ دەربڕینی هەستە ڕاستەقینەکانی خۆی بەشێوەی شیعر و نووسینەوەیان لەسەر قەپاغی کارتۆنی پێڵاودا.

لەلای "تۆم" ماڵیش هەر دۆزەخە، چونکە ئەو زۆرجاران دەکەوێتە بەر سەرنجی "هەڵۆئاسای" دایکە پاکخواز و بەپرتەوبۆڵەکەی. ئەو هەمیشە ڕەخنەی لێ دەگرێت و فەرمان بەسەر مێشکە شێواوەکەیدا دەکات، وەکو هەرگیز ڕێپێنەدانی بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی "کوڕەکان و عاشقەکان" ی د. ه. لۆرانس و بەباشتردانانی ڕۆمانی "بایبرد". لە ئەنجامی ئەوەدا، "تۆم" لە ڕۆتینی

= تەنیا لە نامۆبوونی مرۆڤێک لە مرۆڤێکی ترەوە، بەڵکو بەهەمان شێوەش لە "لەخۆنامۆبوون" _ کە نامۆبوونی تاکە لەخودی خۆی. سەرەنجام هەستکردن بە دوورەپەرێزی و نیگەرانی لەبەرئەوە ڕوو نادات، چونکە تاکەکە تووشی پێشبڕکێ کراوە لەگەڵ برادەرەکانی، بەڵکو هەروەها لەبەرئەوەی ئەو فڕێدراوەتە ناو ململانێیەک لەگەڵ خۆی لەبارەی نرخ زانینی ناخەوەی خۆیشی.

Rollo May, **The Meaning of Anxiety**, (New York: The Roland Press Company , 1950) p. 174.

(22) E .R .Wood, "Introduction," in Tennessee Williams, **The Glass Menagerie**, (London : Heinemann Educational Books, Ltd., 1968) p.XVI.

کارەکەی و ڕەوشی دڵتەنگی ماڵەوە رادەکات بەرەو دنیای سێکس، مەیخواردنەوە، سینەما و گیانبازی. لەمەش پتر، دوای بوون بەکەسێکی نەگونجاو لە ماڵەوە و کار و کۆمەڵگەدا، ئەو ناچار دەبێت کە ژیانێکی دوو چەشنی بەسەر ببات واتە ژیانی دنیای ژێرەوە بژیت. ئەو ئەم ژیانەی پێ باشترە لە کەش و فش و شکۆمەندییەکی درۆیاوی ناو کۆمەڵگەکەی، چونکە ئەو لەوێدا پتر هەست بەلێک نزیکی دەکات و هەموو برادەرەکانی وەکو خۆی کەسانی دەربەدەرن و ژیانی کەسانی پەراوێزکراو بەسەردەبەن:

تۆم:... من دەچمە پەناگای بەنگ کێشەکان! بەڵێ، پەناگای بەنگ کێشەکان، پەناگای خراپەکاری و مۆڵگەی تاوانباران، دایە. من چوومەتە پاڵ چەتەی "هۆگان"، من خوێنڕێژێکی بەکرێگیراوم، من تفەنگێکی تەماتیک لە ناو بەرگی کەمانجەدا هەڵدەگرم! من سەرپەرشتی ریزێک قەحپەخانە لەم دۆڵەدا دەکەم! دایە، ئەوان بە من دەڵێن پیاوکوژ، وینگفیلدی پیاوکوژ، من ژیانێکی دووجۆری بەسەر دەبەم، لە ڕۆژدا کرێکارێکی سادەی ئابڕوومەندم، بەشەویش قەیسەرێکی بزێوی دنیای ژێرەوەم. من دەچمە گازینۆ و قومار دەکەم، من سامانی خۆم لەسەر مێزی ڕۆلێت دەسوڕێنمەوە! من پارچەیەک لەسەر لاچاوێکم قایم دەکەم و سمێڵێکی دەستکرد و هەندێک جاریش بسکی سەوز بەخۆمەوە دەخەم. لەم بۆنەیانەدا پێم دەڵێن ئەهریمەن! ئۆهـ، من دەتوانم شتی وات پێ بڵێم کە وات لێ بکات نەخەویت! دوژمنەکانم





نەخشەی ئەوەیان داناوە ئێرە بتەقێننەوە. ئەوان بەتەمان شەوێک بەئاسماندا هەڵمان بدەن! من دڵخۆش دەبم، یەکجار کەیفم دێت، تۆش هەروا! تۆ بەرز دەبیتەوە، بەسەر گسکێکەوە بەسەر چیای شیندا بەخۆت و حەڤدە خوازبێنیکەرە خانەدانەکانتەوە بەرز دەبیتەوە! تۆی جادووگەری – ناشیرین و پیری بەبۆڵەبۆڵ.

"دیمەنی سێیەم، لا ١٨"

"تۆم" زۆر چاک ئاگای لەو ڕاستییەیە کە ژیانی دنیای ژێرەوە دەرەنجامێکی سروشتی خراپە کۆمەڵایەتییەکانە کە لە ناو کۆمەڵگە پێشبڕکێدارەکاندا بڵاوە و لەوێدا ئەو کەسە سەرنەکەوتووانە قوربانی سیستەمی خراپ دابەشکردنی سامانن.[٢٣] ئەو لە لێک نزیکایەتی خۆی لەگەڵ کەسانی تەنیا و بێ ڕەگوڕیشە و دەربەدەر بەئاگایە. هەربۆیەش دەچێتە لایان و چاوی پێیان دەکەوێت و بەشداری سرووتەکانیان دەکات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی زەبروزەنگەوە ئەوەی بەفڕوفێڵ لە دەستیان چوواندوون بیهێننەوە.

ئەو تاقە کەسێکە کە دەزانێت دنیا بەرەو کوێ مل دەنێت: ڕوحی شەڕانگێزانەی هیتلەر و هۆلۆکۆستی نامرۆڤانەی "جێرنیکا". لە پاڵ ئەوەشدا، لەودیو خۆشیپەرستایەتی ئەو سەردەمەدا، ئەو بەتەواوی ئاگای لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەمریکایە، هەروەها لە هەڕەشەی فاشیزم و گەفکردنی جەنگ کە ئاسۆی ئەوروپای تاریک داهێنابوو. دوای ئاماژەکردن بەهیتلەر لە "برێختسگادن " و

(23) For further details see Roger B. Stein, p.43.

وێرانکردنی "جێرنیکا" لە شەڕی ناوخۆییی ئیسپانیادا، ئەو ئەم ڕەوشە وا وەسف دەکات:

تۆم:... لە ئیسپانیادا "جێرنیکا" هەبوو!

بەڵام لێرە تەنیا مۆسیقای گەرمی خۆبادان و ئارەق، هۆڵەکانی سەما، بارەکان، و سینەماکان، و سێکسکاری کە وەکو ئاوێزەیەک لە ناو ئەو تاریکییەدا هەڵواسرابوو و دنیاشی پڕکردبوو لە پەلکەزێڕینەی کورتخایەنی فریوودەر...

هەموو دنیا چاوەڕوانی بۆردومان بوو!

"دیمەنی پێنجەم، لا ٣٠"

کاتێک تۆم دەبینێت کۆمەڵگەکەی لە هەڵوەشانەوەدایە و نزیکەی هەموو کەسێکی دەوروبەری ئەو گێل یان بێباکن لەبارەی ئەوەی ڕوو دەدات– ئەو ئەم ژیانە نەخشەدارە پەسند دەکات: سێکس دەکات، ئارەق دەخواتەوە و دەچێتە سەماخانەکان و سینەماکانەوە وەکو " قەرەبووکردنەوەی ئەو ژیانانە بوون کە دۆڕاون وەکو هی من، کە بەبێ گۆڕان یان گیانبازی بوون،" "دیمەنی پێنجەم، لا ٣٠" ئەو لەو ژیانە نەخشەدارە بێزار دەبێت و بڕیار دەدات کۆتایی بەئازارەکانی بهێنێت:

تۆم:...خەڵک دەچنە سینەما جوولەدارەکان لە جیاتی ئەوەی خۆیان بجوولێن! کارێکتەرەکانی "هۆلیوود" پێویستە هەموو گیانبازییەکیان بۆ هەموو کەسێکی ئەمریکا هەبێت، کەچی هەموو کەسێک لە ئەمریکادا لە ژوورێکی تاریک دانیشتووە و تەماشای ئەوان دەکات وا بکەن! بەڵێ، تا ئەو ساتەی جەنگ دەست پێ دەکات. ئەوسا گیانبازی دەکەوێتە دەست هەموو جەماوەر! دەبێتە



خۆراکی هەموو کەس، نەک تەنیا هی "گێبڵ"! ئەوسا هەموو خەڵکانی ناو ژوورە تاریکەکان دێنە دەرەوە بۆ ئەوەی خۆشیان هەندێک گیانبازی بکەن– وای چاکە، چاکە! ئێستا نۆرەی ئێمەیە، تا بچینە دوورگەکانی دەریای خواروو گەشتێکی راوی دوورودرێژ بکەین– ببینە شتی سەیر، دوور بکەوینەوە!– بەڵام من ئارامم نییە. من نامەوێت تا ئەوسا چاوەڕێ بم. من لە سینەماکان بێزارم و دەمەوێت بەخۆم بجوولێم!

"دیمەنی شەشەم، لا ٤٧"

ئەوەی تۆم دەتوانێت بیکات لە سەردەمێکی وا یەکلاییکەرەوەدا تەنیا ئەوەیە کە "خودی" خۆی بەپیسنەکراوی بپارێزێت نەوەک لەلایەن سیستەمەکەوە وەکو ئامرازێک بەکار بهێنرێت. بۆیە ئەو دەیەوێت قەرەبووی بێ بەریبوون لە کەسایەتی و نامۆبوون لە ڕێگەی گەشەپێدانی روحی یاخیگەری و گوێڕایەڵ نەبوون بۆ ئەو ژیانە نەخشەدارە بکاتەوە بۆ ئەوەی بسەلمێنێت کە خۆی چەقی کردارەکانی خۆیەتی و کەس ناتوانێت وەکو ماکینەیەکی بێزمان کاری پێ بکات. بەهەرحاڵ، دایکی لێی تێ ناگات و ئەو لەدەست ڕەفتاری کوڕەکەی شێت بووە و بە"خۆپەرستی" تاوانباری دەکات. ئەم جیاوازییەی نێوان رادەی هۆشیاری و بەرسڤی هەریەکەیان بۆ راستینەکە دەبێتە هۆی نەبوونی تێگەیشتن لە نێوانیان[٢٤] و بەردەوام دەبێتە هۆی شەڕی توند لە نێوانیاندا:

(24) Signi Lenea Falk, **Tennessee Williams**, (New York: Twayne Publishers, Inc., 1962) p .74

تۆم: گوێ بگرە! تۆ وا دەزانیت من شێتی کارکردنی ناو کۆگام؟
[بەتووندی بەرەو جەستەی بچووکی ئەو دەچەمێتەوە.]
تۆ وا دەزانیت من عاشقی پێڵاودروستکەرە ئەوروپییەکانم؟ تۆ وا دەزانیت من دەمەوێت سی و پێنج ساڵ لەوێ- لە ناو ئەو کولانەی ناوەوەیە بەسەر ببەم! لەگەڵ گلۆپی- فلۆریسێنتی! بڕوانە! من پێم خۆشترە کەسێک بارییەک بێنێت و مێشکم بپرژێنێت- لەوەی بەیانیان بچمەوە ئەوێ! من دەڕۆم! هەر جارێک تۆ بێیتە ژوور و ئەو قسە نەفرەتییەی "هەڵسە و بگەشێوە!" "هەڵسە و بگەشێوە!" بقیژێنیت، من بەخۆم دەڵێم، "ئای مردووەکان چەندە بەختەوەرن!" بەڵام من هەڵدەستمەوە. من دەچم! بۆ شەست و پێنج دۆلار لە مانگێکدا من دەستبەرداری هەموو ئەو شتانەی دەبم کە هەمیشە خەونیان پێوە دەبینم بیانکەم یان ببم! تۆش دەڵێیت خۆت- خۆت هەموو ئەوەیە کە تۆ هەمیشە بیری لێ دەکەیتەوە. بۆچ، دایە ئەگەر خۆم ئەوە بێت کە بیری لێ دەکەمەوە، من لەو جێگەیە دەبووم کە ئەوی لێیە دەڕۆیشتم! [نیشانە بۆ وێنەی باوکی دەکات ] تا ئەو شوێنەی سیستەمی هاتوچۆی دەگەیشتێ.

"دیمەنی سێیەم، لا ١٧- ١٨"

بارودۆخی ماڵەوە، بەچەشنی بارودۆخی دەرەوە، هیچ خۆشییەک بە"تۆم" نابەخشێت، چونکە ئەو دایکێکی زاڵی هەیە کە کەرتبووە لە نێوان شکۆمەندییەکانی رابردوو و باری راستەقینەی ناهەمواری ئێستادا. سەرەنجام، ئەو هەموو تووڕەیی و رقی خۆی دادەبارێنێتە



سەرتەپڵی سەری کوڕە بەسەزمانەکەی. ئەمە، وێڕای ناخۆشییەکانی ئیش و کار وای لێ دەکات هەست بەنامۆیی و بێگانەبوون بکات لە هەموو کەسەکانی دەوروبەری خۆی، تەنانەت لە ناو بازنەی ماڵەوەشیدا، چونکە نزیکەی هیچ یەکێک لەوان بەشداری کێشە و ئازارە سەختەکانی نابێت. کاتێک ئەو دەربارەی سەرکەوتنی "فرانکۆ" و تراژیدیای "جێرنیکا" دەخوێنێتەوە، دایکی هانی دەدات کە قژی دابهێنێت و گەش و قۆز دەربکەوێت. ئا ئەم جیاوازیەی نێوان ئاستی هۆشیاری و بایەخ پێدانەکانی ئەوانە وا لە "تۆم" دەکات کە هەتا هەتایە لە خێزانەکە جیا ببێتەوە.

"ئاماندا" "تۆم" بەوە تاوانبار دەکات کە لە خەوندا دەژیت، بەمەش "ئاماندا" راستینەی خۆی دەخاتە ڕوو. چونکە "تۆم" هێندەی ئەو لە خەوندا ناژیت، بەڵکو، بەپێچەوانەوە، ئەو هەوڵ دەدات لەو تۆڕانەی کە لە ئیش و کار و ماڵەوە فڕێ دراونەتە سەری رزگار ببێت بەو هیوایەی کە لە سینەمادا شتی نوێ بدۆزێتەوە:

ئاماندا:... بڕۆ سینەما، بڕۆ! بیر لە ئێمە مەکەوە، دایکێکی بەجێهێلراو، خوشکێکی بێ مێرد کە شەلەیە و هیچ کارێکی نییە! لێ مەگەڕێ هیچ شتێک بێتە ناو چێژی خۆپەرستانەت! تەنیا بڕۆ، بڕۆ، بڕۆ بۆ سینەماکان!
تۆم: زۆر باشە، وا دەچم! چەندەی تۆ زیاتر هاوار بکەیت دەربارەی خۆپەرستیم من هێندە خێراتر دەڕۆم، هەروا من ناچمە سینەماکان!
ئاماندا: کەواتە، بڕۆ! کەواتە بڕۆ سەر مانگ ئەی خۆپەرستی خەونبین!

"دیمەنی حەوتەم، لا ٧٤- ٧٥"

دوای بەدەستهێنانی ئەندامێتی لە یەکێتی بازرگانە دەریاوانەکان، بەوەی کە پارەی کارەبای داوەتە ئەوان "لا ٤٧"، "تۆم" بڕیار دەدات بچێتە شوێنێکی دوورتر لە سینەماکان. دوای ئەوەی "مستەر مێندۆزا" لە کار دەری دەکات لەبەر نووسینی شیعرێک لەسەر قەپاغی قوتووی پێلاوێک "لا ٧٥". "تۆم"ی دڵپەستکراو بەشەڕێکی نوێ لە ماڵەوە، لە کۆتاییدا هەتا هەتایە هەڵدێت:

> تۆم: ... من "سانت لویس"م بەجێ هێشت. من لە پلیکانەکانی ئەو پەیژەیەی دەربازبوون لە ئاگرکەوتنەوە بۆ دوایین جار دابەزیم و لەوساوە بەدوای شوێن پێی باوکمدا چووم، هەوڵم دا لە جوولەدا ئەوە بدۆزمەوە کە لە شوێندا لەدەستم چووبوو

"دیمەنی حەوتەم،لا ٧٥"

دەتوانرێت هەڵاتنی "تۆم" بە"یاخیبوون لە دژی ڕۆمانتیسیزمی فەوتێنەرانەی دایکی، هی سەردەمی رابردوو دابنرێت، یان هەموو ئەوەی کە رابردوو دەینوێنێت بگرە بەرامبەر گوشاری سنووردارکەر و گیرەئاسای کاتی ئێستاش."(٢٥)

"تۆم"، کە بەوە رازی نییە لە خەوندا بژیت، لەجیاتی ئەوە شکۆی وەهم پەسند دەکات و بڕوا بەهێزی جادوو دەهێنێت کە "مالڤۆلیا" ئەنجامی دەدا. بەمجۆرە، ئەویش لە ڕێی پڕوپاگەندەی سیستەمەوە هەڵخڵەتاوە "لا ٢١". بەهەرحاڵ، هەڵخڵەتانی ئەو ساتەوەختییە، چونکە ئەو دەگاتە ئەوەی بزانێت کە چوونە سینەماکان چارەسەر نییە بۆ

(25) Sam Bluefarb, "The Glass Menagerie : Three Visions of Time," p. 516.



کێشەکانی، بەڵکو ئەوەی گرینگە گۆڕانێکی لێ روو بدات.

"تۆم" وەکو "ئاماندا" نییەو ئێستا رەت ناکاتەوە، نەش باوەڕی بەداهاتوو هەیە وەک "جیم ئۆکۆنەر" وا دەکات. چونکە ئەو پێشبینی ئەوە دەکات کە لە ئێستا خراپتر بێت. بۆیە، ئەو بەدڵشکاوییەوە ماڵ بەجێ دەهێڵێت تا ببێتە کەسێکی نابەرپرسیار و ژیانێکی بۆهیمیانە بەسەرببات و بەبێ ئومێدییەوە بەتاقی تەنیا لەم شارەوە بچێتە ئەو شار. هێشتاش ئەم جێ هێشتنەی ئەو ناتوانێت کۆتایی بەگرفتەکەی ئەو بێنێت، چونکە ئەو بۆ هەرکوێیەک بچێت، دەبینێت هەموو شتەکان وەک یەکن و هیچ گۆڕانێک لەگۆڕێدا نییە. ئەم رەوشە هەمیشە ماڵەوەی خۆی و کۆمەڵگەکەی بەبیر دەهێنێتەوە. لەئەنجامدا، ئەم جۆرە پێوەندییە، وای لێ دەکات ببێتە قوربانییەکی بەسەزمانی هەستەکانی تەنیایی و حەزکردن بۆ گەڕانەوە بەرەو رابردوو:

> تۆم: ... من زۆر گەشت و گەڕم کرد. شارەکان وەکو گەڵای مردوو لە دەورم دەسووڕان، ئەو گەڵایانەی کە رەنگیان گەش بوو، بەڵام لە لقەکان بووبوونەوە.
>
> دەوەستام، بەڵام شتێک راوی دەنام. ئەو شتە هەمیشە بەبێ ئاگەداری من دەهات، لە ناکاوڕا هەموو گیانمی دەگرتەخۆ. لەوانەیە تێفە مۆسیقایەکی ناسراو بێت. لەوانەیە تەنیا پارچەیەک شووشەی روون بێت.
>
> ئینجا لەپڕەوە خوشکم شانم دەگرێت. من رووم وەردەسووڕێنم و تەماشای دوڕ چاوی دەکەم.
>
> من لە دوای جگەرەیەک دەگەڕێم، لە شەقامەکە دەپەڕمەوە، دەچمە ناو سینەمایەک یان باڕێک،

خـواردنەوەیەک دەکـرم، لەگـەڵ نزیکتـرین بیـانـی قسـە
دەکەم هەرشتێک کە بتوانێت مۆمەکانت بکوژێنێتەوە!
[لۆرا بەسەر مۆمەکاندا چەماوەتەوە. ]
-چونکە لەم سەردەمـەمـاندا دنیـا بەهەورەتریشـقـە
رووناک دەبێتەوە! لۆرا، مۆمەکانت بکوژێنەوە و – ئینجا
خواحافیز... [لۆرا مۆمەکانی دەکوژێنێتەوە. ]

" دیمەنی حەوتەم، لا ٧٥ – ٧٦"

"بێنجامین نیلسن" وا دەبینێت کە کەسێتییەکانی ئەو شانۆگەرییە قوربانی بێ دەسەڵاتی ئەو کات و شوێنەن کە تێیدا دەژین و "ئەوان بەرپرسیار نین لەوەی بەسەریان هاتووە هەروەها ئەوان یەکجار لەوە بێ دەسەڵاتترن لەوە پتریان پێ بکرێت جگە لە بەدواخستنی شتی خۆڵێ لانەدراو، [چونکە]... ئەوان گیرۆدەکراوی ناو تەڵەی گەردوونێکی چارەنووس دیاریکراون."[٢٦]

شانۆگەری "گیانەوەرە شووشەییەکان" لەگەڵ دوا وتەی "تۆم" کۆتایی پێ دێت کە هاوکاتە لەگەڵ پانتۆمایمی ناوەوە کە لەلایەن "ئاماندا" و "لۆرا"وە نمایشکراون " وەکو وابێت لەودیو شووشەبەندێکی دەنگ بەربەستکەرەوە کرابێت." "دیمەنی حەوتەم، لا ٧٥". بەهای هێمایی ئەم ئامرازە بۆ ئەوەیە ئەوە پیشان بدات کە چۆن ئەم خێزانە نغرۆکراوەتە ناو تراژیدیایەکی گەورەتری هەموو ئەوانەی وەکو ئەون لە دوایین ساڵەکانی دارووخانی ئابووری سەرلێواری جەنگ.[٢٧]

---

(26) Benjamin Nelson, **Tennessee Williams: The Man and His Work , p p. 111-1112**

(27) See Roger B. Stein, p. 39.



وەکو لە لاپەڕەکانی پێشتر بینرا، خێزانی "وینگفیلد" لە ژێر ئەو هێزە جیاوازانەی کە کاری تێ دەکەن پارچە پارچە دەبێت. "تۆم" رادەکات، بەڵام ئەو کارەی ئەم هیچ ئاسوودەییەکی پێ نابەخشێت، چونکە بیری ماڵەوە کە لە ناو چنگی گیرۆدەییەکی گەردوونی گرفتار بووە بەبەردەوامی سەری لە دوای ئەو ناوە و هەڕەشەی جەنگیش ئاسمانی جیهانی تاریک کردووە. "ئاماندا" و "لۆرا"ش بۆ خەون و خەیاڵەکانیان بەجێ هێڵراون. لێرەدا مرۆڤ دەتوانێت ئەم پرسیاریانە بکات:

ئایا "ئاماندا" و "لۆرا" دەتوانن لە ژیاندا بمێننەوە دوای بەجێهێشتنی "تۆم"؟ ئایا ئەوان خۆیان دەگونجێنن لەگەڵ رەوشی نوێیان ئەوان وەک خۆیان دەمێننەوە ئەمەش واتە لە ناوچوونی بەتەواوی ئەوان؟ ئایا "تۆم" دەتوانێت هەتا هەتایە ژیانێکی بۆهیمیانە بژیت؟ وێڕای چەندین پرسیاری تر کە لە شانۆگەرییەکەدا بەبێ وەڵام دەمێننەوە.

شانۆگەرییەکە روانینێکی زۆر رەشبینانەی دنیا لەلای ئێمە بەجێ دەهێڵێت: خێزانێک بەهۆی هێزە دەرەکی و ناوەکییەکانەوە وردوخاش بووە، گەردوونێکی پڕ کەسانی نەبوون کە ئەوان هەستێکی توندی تەنیاییان بەسەردا زاڵە، تاریکییەکی تەواو کە روخساری دنیای تاریک داهێناوە، لەگەڵ هەرەشەی لە ناوچوونێکی جیهانیشدا.

***

**تێبینی**: ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێکی نامەی ماجستێرەکەمە کە لە ساڵی ١٩٨٣دا لە کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا پێشکێشم کرد بۆ وەرگرتنی بڕوانامەکەم.

# شانۆگەریی گیانەوەرە شووشەییەکان

## کەسایەتییەکان:

**ئاماندا وینگفیلد "دایکەکە"**: ژنێکی پڕ تێنی مەزنە، بەڵام سەرلێشێواوە و بەجۆرێکی سەرشێتانەوە چڕنووکی لە کات و شوێنی تر گیر کردووە. کەسایەتاندنی ئەو پێویستە بەوردی بخوڵقێندرێت نەک لەبەر کارەکتەرە جۆرایەتیەکانەوە بگیرێتەوە. ئەو مرۆڤێکی زراوچوو نییە، بەڵام سەرلەبەری ژیانی ئەو زراوچوونە. زۆر شتی وا لە "ئاماندا" هەن کە مایەی دڵگیرین، هەروەها زۆر شتیشی تێدایە کە خۆش بویسترێت و بەزەیی پێدا بهێنرێتەوە و شتی واشی تێدایە مایەی گاڵتەپێکردنە. بەدڵنیاییەوە ئەو ژنە خۆڕاگری و چەشنێک پاڵەوانێتی تێدایە و ئەگەرچیش گێلایەتییەکەی هەندێک جار وای لێ دەکات دڵڕەق بێت، لە ناو کەسێتی بچووکی ئەودا دڵنەرمی هەیە.

**لۆرا وینگفیلد "کچەکەی"**: ئاماندا کە سەرکەوتوو نەبوو لە بنیاتنانی پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی راستەقینەدا، بەردەوام دەبێت لە ژیان لە ناو وەهمەکانیدا، بەڵام رەوشی "لۆرا" هێشتاش قورسترە. نەخۆشییەکی وەختی منداڵی وای لەو کردووە شەپلەدار بێت، ئەو لاقێکی لە ئەوەکەی تری کورتترە و بەقایش و لاقبەند قایم کراوە. ئەو ناتەواوییە پێویست ناکات لەوەی لەسەر شانۆدا لە ئاماژە زێتری بۆ بکرێت. هەر لەمەوەیە کە



دابڕانی "لۆرا" بەرەبەرە زێدە دەکات تا وای لێ دێت وەکو دانەیەک لە گیانەوەرە شووشەییەکانی لێ بێت، کە یەکجار ناسکە و ناکرێت لەسەر تاقیچکە بجولێنرێتەوە.

**تۆم وینگفیلد** "کوڕەکەی ئەوە، هەروەها گێڕەرەوەی شانۆگەرییەکەیە": شاعیرێکە کە لە ناو گەنجینەی کۆگایەکدا کار دەکات. سروشتی ئەو لە پەژیوانی بەدەر نییە، بەڵام بۆ ئەوەی لە تەڵە رابکات دەبێ ئەو بەبێ بەزەیی رەفتار بکات.

**جیم ئۆکۆنەر** "خوازبێنیکەرە خانەدانەکە": گەنجێکی قۆزی ئاساییە.

دیمەنەکان: کۆڵانێک لە شاری "سانت لویس"

بەشی یەکەم: خۆئامادەکردن بۆ خوازبێنیکەرە خانەدانەکە.

بەشی دووەم: خانەدانەکە سەردان دەکات.

کات: ئێستا و رابردووە.

## تێبینیی دەرهێنان

لەبەرئەوەی ئەمە شانۆگەری "بیرەوەرییە"، شانۆگەریی "گیانەوەرە شووشەییەکان" دەتوانرێت بەئازادییەکی نائاساییی، بەدەر لە ڕێورەسمەکانەوە بەرهەم بهێنرێت. لەبەر نەرمی و ناسکی کەرەسەی شانۆگەرییەکە، بەتایبەتی کەشوبا و وردەکارییەکانی دەرهێنان رۆڵێکی گرینگ دەگێڕن. ئێکپرێشنیزم و هەموو جۆرە تەکنیکێکی تری ناتەقلیدی تر لە درامادا یەک تاقە ئامانجی راستەقینەی هەیە کە ئەویش بریتییە لە بۆچوونێکی نزیک لە ڕاستی. کاتێک شانۆگەرییەک تەکنیکە ناتەقلیدییەکان بەکار دەهێنێت هەوڵ نادات، ناشبێت هەوڵ بدات لە بەرپرسیاریەتی خۆی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ راستییەکان، یان لە لێکدانەوەی ئەزموونەکان رابکات، بەڵام لە راستیدا دەیەوێت یان پێویستە بیەوێت بۆچوونێکی نزیکتر، دەربڕینێکی قووڵتر و گەشتر دەربارەی ئەو شتانەی هەن بخاتە روو. شانۆیی راستەقینەی راستەوخۆ کە بەفرخانەیەکی راستەقینەییە و پڕ پارچەسەهۆڵی شەشپاڵووە و کارێکتەرەکانی کتومت وەکو بینەران دەدوێن، لەگەڵ دیمەنی ئەکادیمی یەکدەگرنەوە و هەمان چاکایەتی پێکچوونی فۆتۆگرافیانەیان هەیە. پێویستە هەموو کەسێکی ئەمڕۆ بێ بایەخی شێوازی فۆتۆگرافییانە لە هونەردا بزانێت: کە راستی، ژیان، یان راستەقینەخوازی شتێکی ئۆرگانییە کە ئەندێشەی شیعری دەتوانێت کرۆکەکەی بخاتە ڕوو یان پێشنیازی بکات، تەنیا لە رێگەی



گۆڕینییەوە، بەوەی دەیگۆڕێتە سەر شێوەی تر کە جیایە لەوەی لە روخساریدا دەبینرێت. ئەم سەرنجانە تەنیا بۆ ئەو شانۆگەرییە تایبەتییە واتای پێشەکی ناگەیەنن. ئەوان دەبێ پێوەنددار بەتێگەیشتنێکی جۆرە شانۆیەکی نوێی شێوەکاری کە پێویستە جێگەی شانۆی سواوی رێبازی ریالیزمی بگرێتەوە، ئەگەر شانۆ بیەوێت تێن و هێزی خۆی وەکو بەشێک لە کولتووری ئێمە بەدەست بهێنێتەوە.

## ئامرازی شاشەی سەر شانۆ

تەنیا یەک تاقە جیاوازی لە نێوان دەقی بنەڕەتی و دەقی نمایشکراوی شانۆگەرییەکە هەیە ئەویش لابردنی ئەو ئامرازەیە لەوەکەی دواییاندا کە من بەشێوەیەکی ساتەوەختی دام نابووە ناو دەستنووسە بنەڕەتییەکەمەوە. ئەم ئامرازەش بەکارهێنانی شاشەیەکە کە سلایدەکانی فانۆسی سیحری لەسەر ئەودا پەخش دەکرێن کە وێنە یان ناونیشانەکان دەردەخەن. من پەشیمان نیم لە لابردنی ئەو ئامرازە لەو دەرهێنانەی ئێستای سەرشانۆی "برۆدوێی". هێزی جێبەجێکردنی سەرووئاسایی خاتوو "تایلەر" وای کرد کە ئەوپەڕی ساکاری لە دەرهێنانە فیزیکییەکەدا هەبێت. بەڵام رەنگە ئەوە خۆش بێت بۆ هەندێک لە خوێنەرانمان بزانن کە چۆن ئەم ئامرازە بیری لێ کرایەوە. جا وا منیش دەیخەمە ناو دەستنووسە بڵاوکراوەکەوە. ئەم وێنە و نیشانانە، کە لە پشتەوە دەنێردرێن، ئەوسا دەهاوێژرانە سەر بەشێکی دیوارەکە لە نێوان ژووری پێشەوە و شوێنی نانخواردن، کە پێویستە لەوانی تر جیاواز نەبێت کاتێک بەکار ناهێنرێت.

لەوانەیە مەبەستی ئەمە دەربکەوێت. ئەمەش بۆ ئەوەیە تین و هێز

بدات بەهەندێک بەها لە هەر دیمەنێکدا. هەر دیمەنێک خاڵێک "یان چەند خاڵێکی" تایبەتی تێدایە کە لە ڕووی بنیاتی درامییەوە یەگجار گرینگن. لە شانۆییەکی پڕدیمەنی وەکو ئەمەدا، بنیاتی بنەڕەتی یان هێڵی گێڕانەوە ڕەنگە لە بینەر بزر بکرێت، ڕەنگە کاریگەریەکەش پچڕپچڕ بێت پتر لەوەی لەسەریەک هەڵنراو بێت. لەوانەیە ئەمە ئەوەندە خەتای شانۆگەرییەکە نەبێت بەقەد ئاگا لێنەبوونی بینەر. نیشانە یان وێنەی سەر شاشەکە کاریگەری ئەوە بەتین دەکات کە لە نووسیندا تەنیا وەهمێکە و ڕێگە بەخاڵی سەرەکی دەدات بۆ ئەوەی ساکارتر و سووکتر بێت لەوەی ئەگەر هەموو بەرپرسیارێتییەکە بخرێتەسەر قسەی ناو دێڕەکان. لە پاڵ ئەو بەها بنیاتییەی هەیەتی، وا بزانم شاشە سەرنجڕاکێشانێکی سۆزاوی تری دەبێت، هەرچەندە کەمتر دەستنیشان دەکرێت بەڵام بەقەد ئەوەش گرنگە. لەوانەیە بەرهەمهێنەر یان دەرهێنەرێکی خەیاڵدار بتوانێت گەلێک سوودی تر لەم ئامرازە وەربگرێت لەوەی کە لەم دەقە نووسراوەیەی ئێستا دەستنیشان کراوە. ئەوەی ڕاستی بێت، شیمانەی ئەم ئامرازە پێدەچێت لەلای من زۆر گەورەتر بێت لەوەی کە نموونەی شانۆگەرییەکی وا بتوانێت سوودی لێ وەربگرێت.

## مۆسیقا

تێنێکی ئەدەبی سەرباری دیکە لەم شانۆگەرییەدا لە ڕێی بەکارهێنانی مۆسیقاوە پێشکێش دەکرێت. تاقە ئاوازێکی دووبارەبووەوە، "گیانەوەرە شووشەییەکان"، بەکار دەهێنرێت بۆ ئەوەی جەخت لە سۆزداری لە هەندێک بڕگەی گونجاودا بکاتەوە. ئەم ئاوازە وەکو مۆسیقای سێرک وایە، نەک لەو کاتەی تۆ لەسەر



زەویدایت یان لە دەوروبەری ڕاستەوخۆی نمایشەکەدایت، بەڵام لەو کاتەی کە تۆ هەندێک لەوێوە دووریت و زۆر لەوانەشە بیر لە شتێکی تر دەکەیتەوە. لەوە دەچێت کە لە بارودۆخی ئاوادا نزیکەی بەبێ کۆتاییهاتن بەردەوام بێت و دەخزێتە ناو هۆشیاری داڵغاویت و لێیشی دێتە دەرەوە، دواتر ئەوە سووکترین و ناسکترین مۆسیقای دنیایە و لەوانەشە خەمبارترینیان بێت. ئەو مۆسیقایە ڕوخسارە گەشەکەی ژیان دەردەبڕێت کە ڕستێک خەمی نەگوتراو و دەرنەبڕدراوی بەخۆوە گرتووە. کاتێک تۆ تەماشای پارچە شووشەیەکی ناسکی تاڵ تاڵین دەکەیت تۆ بیرت بۆ لای دوو شت دەچێت: چەند ناسکە و چەند بەئاسانی دەشکێت. ئەم هەردوو بیرۆکەیە پێویستە بچنرێنە ناو نەوا دووبارەبووەوەکە، کە دەخزێتە ناو شانۆییەکە و لێیشییەوە دێتەوە دەر وەکو وابێت کە بایەکی خۆگۆڕ لەگەڵ خۆی هێنابێت. ئەمە وەکو تاڵەداوی پێکبەستنەوە و وەهماندن بەکار دێت لە نێوان چیرۆکخوان کە خاڵی لێکجیای لە کات و شوێندا هەیە و لەگەڵ بابەتی چیرۆکەکەی. لە نێوان هەر دیمەنێکدا دووبارە دەبێتەوە وەکو ئاماژەکردنێک بۆ سۆز، حەز بەگەڕانەوە بۆ ڕابردوو، کە ئەمەش یەکەم مەرجی شانۆگەرییەکەیە. پێش هەموو شتێک مۆسیقاکەی "لۆرا"یە و بۆیەش زۆر بەڕوونی دەردەچێت کاتێک شانۆگەرییەکە لەسەر ئەو و شکستباری شووشەکاندا چڕ دەبێتەوە کە وێنەی ئەون.

## ڕووناکی

ڕووناکی لەم شانۆگەرییەدا ڕووناکییەکی ڕاستەقینە نییە. بۆ ئەوەی لەگەڵ کەشوبای بیرەوەری بڕوات، سەرتەختەی شانۆ تاریکە. تیرێژی ڕووناکی دەرژێتە سەر شوێن و ئەکتەری دەستنیشانکراو، هەندێک

جار بۆ بەجیا دەرخستنی ئەوەی کە چەقی دەرکەوتنە. بۆ نموونە، لە دیمەنی شەڕەچەقەی نێوان "تۆم" و "ئاماندا"دا کە "لۆرا" هیچ ڕۆڵێکی چالاکی تێدا ناگێڕێت، ڕوونترین پارچە ڕووناکی لەسەر شێوەی ئەوە. هەروا ئەمە بەگوێرەی دیمەنی نانی شێوانیش ڕاستە، کاتێک پێویستە شێوەی کچی ئەو لەسەر قەنەفەکە ببێتە چەقی بینین. ڕووناکی سەر "لۆرا" پێویستە لە هی ئەوانی تر جیا بێت، دەبێت ڕوونییەکی سەرەتاییانەی سەیری هەبێت وەکو ئەو ڕووناکییەی کە لەسەر وێنەی ئاینی حەزرەتە خانمەکان و پاکیزەکاندا پیشان دەدرا. ڕووناکییەکی هاوشێوەیی سەر تابلۆ ئاینییەکان، وەکو ئەوانەی "ئێل گریکۆ" کە شێوەکان ڕووناکن لە ناو کەشوبایەکی تا ڕادەیەک تاریکدا، دەکرێت بەکاریگەری لەو شانۆگەرییەدا بەکار بهێنرێت. "ئەمەش ڕێگە بەبەکارهێنانێکی پڕکاریگەری شاشەکە دەدات". بەکارهێنانی ئازادانە و خەیاڵییانەی ڕووناکی دەکرێت بەهایایەکی مەزنی هەبێت لەوەی کە کوالیتییەکی بزۆک و شێوەکاریانە ببەخشێتە ئەو شانۆگەریانەی کە سروشتێکی کەم و زۆر مەنگیان هەیە. "تێنیسی ویلیامز"



گیانەوەرە شووشەییەکان

## دیمەنی یەکەم

لاخانووی ماڵی "وینگفیڵد" لە بنەبانی باڵەخانەکەیە، یەکێکە لەو تۆپەڵە پانوپۆڕە پلوورە ئاسایانەیە کە یەکەی نیشتەجێبوونی خانەیی پێک هێناوە. ئەوانە وەکو هەڵتۆقینی بالووکەیی لە ناوچەقی شارنشینی جەنجاڵی دانیشتووانی چینی ناوەڕاستی خواروو گەشە دەکەن و نیشانەی تەکانی ئەو کەرتە گەورە لە بنچینەوە دیلکراوەی کۆمەڵگەی ئەمریکییە، تاوەکو لە گۆڕان و جیاوازکاری بەدوور بێت و تەنیا وەک بارستێکی تێکئالاوی ئامێریانە بمێنێتەوە و کار بکات.

لاخانووەکە ڕووی کەوتووەتە کۆڵانێک و بەهۆی پەیژەی دەربازبوون لە ئاگرکەوتنەوەوە دەچیتە ناوییەوە، بەڕێکەوت ئەم پێکهاتەیە لە ناوەکەیدا بۆنی ڕاستییەکی شاعیریانەی لێ دێت، چونکە هەموو ئەم باڵەخانە مەزنانە هەمیشە بەئاگرێکی لەسەرەخۆ و دانەمرکاوەی نائومێدی مرۆڤەکانەوە دەسوتێن. پەیژەی دەربازبوون لە ئاگرکەوتنەوە لە ناو دیمەنەکە دانراوە- واتە، سەرسەحنەکەی و ئەو پلیکانانەی لێیەوە بەرەوخوار دێن.

دیمەنەکە بیرەوەرییە، بۆیەش ناڕاستەقینەیە. بیرەوەریش یەگجار زۆر ڕێپێدانی شاعیریانە هەڵدەگرێت. هەندێک

وردەکاری لادەبات و هەندێکیش قەبەو زل دەکات، بەگوێرەی بەهای سۆزاوی ئەو شمەکانەی دەستی لێ دەدات، چونکە بیرەوەری بەشێوەیەکی زەق و زاڵ لە ناو دڵدا جێگیرە. جا بۆیەش ئەو ناوە تاریک و شاعیرانەیە.

[لەگەڵ بەرزبوونەوەی پەردەکە، بینەران رووبەرووی دیواری بنەبانە تاریکە دڵتەنگکەرەکەی نشینگەی "وینگفیلد" دەبنەوە. ئەم باڵەخانەیە، کە بەتەریب لەگەڵ رووناکی لای پێشەوەی شانۆ دەڕوات، هەردوو بەری بەکۆڵانی تاریک و تەسک گیراوە کە دەڕواتە ناو کەلێنێکی تاریکی رستە تێکئالاوەکانی جل هەڵخستن، قوتووی سەرزبڵ و تۆڕێکی رایەڵکراوی بەدکارانەی پەیژەکانی دەربازبوون لە ئاگرکەوتنەوەوەی دەورووبەرەکە. لە سەروو و خوارووی ئەم کۆڵانانەی ئەمبەرو ئەوبەرەوە رێگەی لە دەرەوە هاتنە ناوە و چوونەدەری لێ دروستکراوە، لە ناو ئەم شانۆگەرییەدا. لە کۆتاییی پلارە شانۆکەرەوەکەی "تۆم"دا، دیواری نشینگە تاریکەکە بەهێواشی "بەهۆی رۆشنبوونەوە" زەوی ناو ژوورەوەی لاخانووەکەی "وینگفیلد" پیشان دەدات.

لای خوارەوەی شانۆ ژووری دانیشتنە، کە هەروەها دەبێتە ژووری خەوتنی "لۆرا"، ئەو قەنەفەیە والا دەکرێتەوە و دەبێتە جێ و بالینگانی ئەو. لای سەرەوەی شانۆ، لە ناوەڕاستەوە، کە بە کەوانەیەکی فراوان یان بۆشاییی دووەمی نێوان پەردەکان بەپەردەیەکی دیودەری رەنگ بزرکاو لێک جیا دەکرێتەوە، بریتییە لە ژووری نانخواردن. نازانم لە ناو هەرامە کۆنەکەی ژووری نانخواردندا چەندین گیانەوەری شووشەییی بلوورئاسا



دەبینرێن. وێنەیەکی یەگجار گەورەکراوی باوکەکە لەسەر دیواری ژووری دانیشتن هەڵواسراوە، بەلای دەستەچەپی رێگە کەوانەییەکەوە. ئەمە روخساری گەنجێکی قۆزە کە شەپقەیەکی سەربازی پیادەی جەنگی یەکەمی جیهانی لەسەردایە. ئەو بەدڵڕفێنییەوە دەخەنێتەوە، بەبێ دەستی خۆی دەخەنێتەوە، وەکو ئەوەی بڵێت "من هەتا هەتایە هەر دەخەنمەوە."

بینەر، دیمەنی یەکەمین کە لە ناو ژووری نانخواردن دەکرێتەوە، لە ناو دیواری چوارەمی روونی باڵەخانەکە و لە ناو پەردە شاشە روونەکەی کەوانەی ژووری نانخواردنەوە دەبیسێت و دەبینێت. لە کاتی ئەم دیمەنە شت ئاشکراکەرەدا بەهێواشی دیواری چوارەم هەڵدەکشێت تا لە بەرچاو ون دەبێت. ئەم دیوارە دەرەکییە روونە جارێکی تر ناهێنرێتە خوارەوە تا کۆتاییی شانۆگەرییەکە، لە کاتی گوتاری کۆتاییی "تۆم"دا. حیکایەتخوان نەریتێکی خۆنەگۆڕی شانۆگەرییەکەیە. ئەو هەرچ جۆرە رێپێدانێکی بوێت کە بۆ ئامانجی ئەو بگونجێت لە بواری نەریتی درامی دا بەکاری دەهێنێت.

"تۆم" لە کۆڵانەکەوە وەکو دەریاوانێکی بازرگان دێتە ناوەوە، لەلای دەستەچەپەوە، ئینجا بەلای پێشەوەی شانۆکەدا بەرەو پەیژەی دەربازبوون لە ئاگرکەوتنەوە دەچێت. ئەو لەوێ دەوەستێت و جگەرەیەک دادەگیرسێنێت. ئەو رووی دەمی دەکاتە بینەران.]

**تۆم:** بەڵێ، من فڕوفێڵم لە ناو گیرفاندا هەیە، من شتی سەیرم لە ناو

قۆڵەکانمدا هەیە. بەڵام من پێچەوانەی جادووگەری سەرشانۆم. ئەو وەهمێکتان پێ دەدات کە روخساری راستی تێدایە. من راستیتان پێ دەدەم کە لە پۆشاکی جوانی وەهمدایە.

بۆ ئەوەی دەست پێ بکەم، من کات دەگەڕێنمەوە دواوە. دەیگەڕێنمەوە بۆ سەردەمە سەیرەکەی سییەکان، ئەو کاتەی کە چینی ناوەراستی زەبەلاحی ئەمریکا خەریکی دەرچوون بوو لە خوێندنگەی کوێرەکاندا[٢٨]. چاوەکانیان ئەوانی تێ کەواند، یان ئەوان چاوەکانی خۆیان تێ کەواند، ئینجا ئەوان پەنجەکانی خۆیان بەتووندی بەسەر ئەلفوبای ئاگرینی "برێل"[٢٩]ی ئابوورییەکی تواوەدا دەگوشی.

لە ئیسپانیادا "جێرنیکا"[٣٠] هەبوو. لێرەش پەشێوی کار، هەندێک جار تا ڕادەیەک توند، هەندێک جار بەجۆرێکی تر بوو لە شارە ئاسوودەکانی وەکو "شیکاگۆ" و "کلیڤلاند" و "سانت لویس"..

---

(٢٨) نیشانەکردنە بە تەنگژە گەورەکەی ئابووری کە بەڕووخانی (وۆڵ ستریت) لە ١٩٢٩/١٠/٢٩ دەستی پێ کرد و بووە هۆی رووخانی دارایی هەزاران ئیش و کار و پەیدابوونی ماوەیەکی زۆری بێکاری . (وەرگێڕ)

(٢٩) جۆرە ئەلفوبایەکە کە بەتایبەتی بۆ فێرە خوێندنەوە و نووسینکردنی کوێرەکان لەلایەن مامۆستای فەرەنسی کوێر لویس برێل (١٨٠٩-١٨٥٢) دانراوە. (وەرگێڕ)

(٣٠) شاری پیرۆزی (باسک)ەکان بوو لە باکووری ئیسپانیادا . لە ساڵی ١٩٣٧ دا لە کاتی شەڕی ناوەخۆدا بەتەواوی سڕایەوە بەهۆی بۆردوومانی (تیپی کۆندۆر) کە هاوپەیمانە ئەڵمانییەکەی لەشکری (فرانکۆ) بوو. (وەرگێڕ)



ئەمە زەمینەی کۆمەڵایەتی ئەم شانۆگەرییەیە.
[مۆسیقا]

شانۆگەرییەکە شانۆی بیرەوەرییە.

لەبەرئەوەی شانۆی بیرەوەری یە، بەکزی رۆشنکراوەتەوە، چونکە ئەمە شانۆگەرییەکی سۆزاوی راستەقینەخواز نییە.

لە شانۆی بیرەوەریدا لەوانەیە هەموو شتێک بەسەر مۆسیقادا بێت. ئەمەش لێدانی کەمانچە لە لاباڵەکاندا راڤە دەکات.

من حیکایەتخوانی شانۆگەرییەکەم و هەروەها کەسایەتییەکی شانۆگەرییەکەشم. کەسایەتییەکانی تر بریتین لە "ئاماندا"ی دایکم، "لۆرا"ی خوشکم و خوازبێنیکەرێکی خانەدان کە لە دوا دیمەنەکاندا دەردەکەوێت.

ئەو راستەقینەترین کەسایەتی شانۆگەرییەکەیە، چونکە ئەو نێردراوی دنیای راستەقینەیە کە ئێمە بەهەرجۆرێک بێت لێی جیاکراوینەتەوە. بەڵام چونکە من بێتوانایی شاعیریم تێدایە بۆ هێماکان، من ئەم کەسایەتییەش وەکو هێما بەکار دەهێنم، ئەو شتێکی زۆر بەدواخراوی یەگجار ئومێد بۆ خوازراوە کە ئێمە لە پێناویدا دەژین. لە شانۆییەکەدا کەسایەتییەکی پێنجەم هەیە کە دەرناکەوێت جگە لەوەی وەکو وێنەیەکی فۆتۆگرافی قەبارە گەورەتر لە ژیان و لەسەر تاقیچکە دانراو.

ئەوە باوکمانە کە زۆر لەمەوپێش ئێمەی جێ هێشتووە.

ئەو کرێکاری دەزگای تەلەفۆن بوو و کەوتە داوی خۆشەویستی جیگە دوورەکان، وازی لە کارەکەی خۆی لە کۆمپانیای تەلەفۆن هێنا و باقوبریقی نازداری شاری بەدزی جێ هێشت....

دوایین هەواڵ کە لەوەوە بیستمان وێنەیەکی پۆستکارد بوو لە "مازاتلان" وە، کە لە سەر کەناری ئۆقیانووسی هێمنی مەکسیکییە، و دوو وشەی تێدا بوو –

"هەلەو خواحافیز!" و بەبێ ناونیشان بوو.

وا بزانم ئەوەی لەو شانۆگەرییەدا ماوەتەوە بەخۆی خۆی روون دەکاتەوە....

[دەنگی ئاماندا لە ناو پەردەکانەوە دەبیسرێت.]

**[نەخشی سەر شاشەکە نووسراوە: "کوا بەفری ساڵی پار**[٣١]".

*"تۆم" پەردەکان لێک دەکاتەوە و دەچێتە بەشی لای سەرەوەی شانۆ.*

*"ئاماندا" و "لۆرا" لەسەر مێزێکی چمک نوشتاوە دانیشتوون. خواردن بەئاماژە و گرێشمە پیشان دەدرێت نەک بەخواردن و دەفر و ئامان. "ئاماندا" رووی لە بینەرانە. "تۆم" و "لۆرا" بەلاتەنیشتەوە دانیشتوون.*

*ناوەوەی شانۆ بەنەرمی رووناک دەبێتەوە و لە ناو پەردە تەنکەکەدا "ئاماندا" و "لۆرا" دەبینین کە لەسەر مێزەکەدا لەلای سەرەوەی شانۆکە دانیشتوون."*

**ئاماندا** [*"بانگ دەکات"*]: تۆم؟

**تۆم:** بەڵێ، دایە.

**ئاماندا:** ئێمە ناتوانین ناوی خوای لێ بێنین تا تۆش نەیەیتە سەر مێزەکە!

(٣١) لەدەقەکەدا ئەم نەخشە بە زمانی فەرەنسی نووسراوە . (وەرگێڕ)



**تۆم:** واهاتم، دایە. [*ئەو کەمێک دەچەمێتەوە و دەکشێتەوە، دوای چەند تاوێکی تر لە شوێنی خۆی لەسەر مێزەکە دەردەکەوێتەوە*].

**ئاماندا** [*بۆ کوڕەکەی*]: گیانەکەم، بەپەنجە پاڵی پێوە مەنێ. ئەگەر هەر دەبێت پاڵی بنێیت، ئەو شتەی پێی پاڵ دەنێیت با پارچە نانێک بێت. ئینجا بیجوو– بیجوو! لە ناو گەدەی گیانەوەراندا بەشێک هەیە کە یارمەتییان دەدات بەبێ جووین خواردن هەرس بکەن، بەڵام پێویستە مرۆڤ خواردنی خۆی بجووێت پێش ئەوەی قووتی بدات. کوڕم، خواردن بەکاوەخۆ بخۆ و بەڕاستی چێژی لێ وەربگرە. ژەمە خواردنێکی باش کولاو تام و بۆیەکی خۆشی زۆری تێدایە کە پێویستە بۆ قەدرزانی لە ناو زاردا بهێڵرێتەوە. جا خواردنەکەت بجووە و دەرفەت بەڕژێنەکانی لیکت بدە بکەونە کار.

[*تۆم بەئەنقەست چەنگاڵە ئەندێشەییەکەی دادەنێتەوە و کورسییەکەی بەپاڵێک بەرەودوا لە مێزەکە دوور دەخاتەوە.*]

**تۆم:** من یەک پارووش ئەو نانەی عەسرم بەدڵ نەکەوت لەبەر رێنوێنی بەردەوامی تۆ لەبارەی چۆنیەتی نانخواردن. ئەوە تۆیت کەوا لە من دەکەیت لە کاتی ژەمەکاندا پەلە بکەم کە چاوە هەڵۆئاساکانت دەبڕیتە هەر پاروویەکی من دەیخۆم. دڵم تێک هەڵدێت – دڵم تێک دەچێت – بەو هەموو گفتوگۆیە لەبارەی رژێنەکانی گیانەوەر– رژێنەکانی لیک– جووین.

**ئاماندا** [بەنەرمییەوە]: خێماکت وەکو ئەستێرەی "مێترۆپۆلیتان"[٣٢]ە!

(٣٢) ئەمە نیشانەیە بۆ ئۆپێراخانەی مێترۆپۆلیتان لە نیویۆرک کە لەوێ بەناوبانگترین و سەیرترین هونەرمەند کاریان تێدا دەکرد. (وەرگێڕ)

[*تۆم هەڵدەستێتەوە و بەرەولای خوارەوەی شانۆ دەپەڕێتەوە.*] تۆ ڕێگەت پێنادرێت مێزەکە بەجێ بهێلیت.

**تۆم:** من جگەرەیەک دەهێنم.

**ئاماندا:** تۆ زۆر جگەرە دەکێشیت.

[*لۆرا هەڵدەستێت*]

**لۆرا:** دەچم شیرەوایەکە دەهێنم.

[*لەو ماوەیەی داهاتوودا تۆم بەخۆو بەجگەرەکەیەوە لە تەک پەردەکانەوە بەپێوە دەمێنێتەوە.*]

**ئاماندا** [*هەڵدەستێتەوە*]: نەخێر، کچێ، نەخێر، کچێ تۆ ئەمجارە دەبیتە خانم و من دەبمە کارەکەر.

**لۆرا:** من وا هەڵساومەتەوە.

**ئاماندا:** لە شوێنی خۆت دابنیشەوە، کیژی گچکە- من دەمەوێت تۆ بەجوانی و تازەیی بمێنیتەوە بۆ خوازبێنیکەرەکانمان!

**لۆرا:** من چاوەڕوانی هیچ خوازبێنیکەرێک ناکەم.

**ئاماندا** [*دەچێتە لای ناندینۆکەکە، بەگورجییەوە*]: هەندێک جار ئەوان دێن کە کەمترین چاوەڕوانیان دەکەین! بۆچ، من لە بیرمە دوای نیوەڕۆیەکی یەکشەمە بوو لە چیای شیندا ["*دەچێتە ناو ناندینۆکەکە.*"]

**تۆم:** من دەزانم چی بەدوای ئەوە دادێت!

**لۆرا:** بەڵێ. بەڵام ڕێگەی بدە بیڵێت.

**تۆم:** دیسان؟

**لۆرا:** ئەو پێی خۆشە بیگێڕێتەوە.



[*ئاماندا بەلەگەنێک شیرینییەوە دەگەڕێتەوە.*]

**ئاماندا:** دوای نیوەڕۆیەکی یەکشەمە لە چیای شیندا- دایکت حەڤدە! خوازبێنیکەری هات- خوازبێنیکەری خانەدان! بۆچی، جار وایە کورسیش نییە هەر هەموویان بحەوێنیتەوە. دەبوایە ئێمە قوولەڕەشەکەمان بناردایە تاوەکو کورسی نووشتایەوە لە کڵێسا بچووکەکەوە بهێنێت.

**تۆم** [*لەلای پەردەکانەوە دەمێنێتەوە*]: ئەی چۆن توانیت میوانەوازی ئەو هەموو خوازبێنیکەرە خانەدانانە بکەیت؟

**ئاماندا:** من لە هونەری وتووێژ دەزانم!

**تۆم:** من گرەوت لەگەڵدا دەکەم دەتوانیت.

**ئاماندا:** ئەوسا کیژان دەیانزانی چۆن قسە بکەن، ئەوە من پێت دەڵێم.

**تۆم:** بەڵێ؟

**[وێنە: ئاماندا بەکیژی لەسەر بانیژەیە، بەخێرهاتنی خوازبێنیکەرەکان دەکات.]**

**ئاماندا:** ئەوان دەیانزانی چۆن میوانەوازی ئەو هەموو خوازبێنیکەرە خانەدانانە بکەن. ئەوەندە بەس نەبوو کە کیژێک تەنیا ڕووخسارێکی جوان و شێوەیەکی بەردڵی هەبێت- ئەگەرچی من لە هیچ یەکێکی ئەو لایەنانەوە کەم و کورتیم نەبوو. هەروەها پێویست بوو کیژەکە زیرەکی و زرنگی و زمانی هەبوایە بۆ ئەم جۆرە بۆنەیانە.

**تۆم:** تۆ باسی چیت دەکرد؟

**ئاماندا:** شتی گرینگ کە لەو دنیایەدا ڕووی دەدا! هەرگیز باسی شتی

ڕەق، یان ئاسایی یان سواو نەدەکرا. [*ئەو قسە لەگەڵ تۆم دەکات وەک وابێت لەسەر مێزەکەدا لە ناو کورسییەکی بۆش دانیشتبێت ئەگەرچی ئەو هێشتاش هەر لەلای پەردەکانەوەیە. ئەو لەم دیمەنەدا وا خۆ دەردەخات وەک بڵێی کتێبێکی بەدەستەوەیە.*] خوازبێنیکەرەکانم هەرهەموویان- خانەدان بوون! لە ناو خوازبێنیکەرەکانم هەندێک لە دیارترین جووتیارە گەنجەکانی میاندواوی میسیسپی هەبوون- جووتیار و کوڕی جوتیارانیش هەبوون!

[*تۆم لەگەڵ مۆسیقایەکە دەجوولێتەوە و پارچە رووناکییەک دەکەوێتە سەر ئاماندا. چاوەکانی بەرز دەبنەوە و روخساری دەگەشێتەوە و دەنگی پڕ ورە و ناسک دەبێت.*]

[***نەخشی سەر شاشەکە: "کات بەسەردەچێت***]

لە ناو ئەواندا گەنجێک هەبوو بەناوی "چامپ لافلین" کە پاشتر بووە جێگری سەرۆکی بانقی جووتیاران.

"هاندلی ستیڤنسن" کە لە ناو "دەریاچەی مانگ" خنکاو سەد و پەنجا هەزار دۆلاری لەسەر شێوەی پسوولەی پاڵپشتی میری لە دوای خۆیدا بۆ بێوەژنەکەی جێ هێشت.

برایانی "کوترێرە " و "وێسلی" و "بێتس" هەبوون. "بێتس" یان لەلای من جوانترین و درەوشاوەترینیان بوو. ئەو لەگەڵ کوڕە درەکەی "وێنرایت" تووشی شەڕ بوو. ئەوان لە سەربانی گازینۆی "دەریاچەی مانگ" گوللەیان تێ گرت. "بێتس" بەرگی کەوت. لە ناو ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن لە رێگەی بەرەو چوونە "مێمفیس" مرد. بێوەژنەکەی زۆر بەباشی شتی بۆ مایەوە،



هەشت تا دە فەدان زەوی، هەر ئەوەندە و بەس. دوای هێنانی ئەو ژنە خوای من بوو وای بەسەر هێنا - هەرگیز ئەوی خۆش نەدەویست- چونکە ئەو شەوەی مرد وێنەی منی هەڵگرتبوو!

هەروەها ئەو کوڕەش هەبوو کە هەموو کچانی ناوچەی میاندواوان بۆی لێدرابوون! "فیتزهیۆ"ی کوڕە زۆر قۆزە نازدارە گەنجەکەی هەرێمی "گرین".

**تۆم:** ئەو چی بۆ بێوەژنەکەی جێ هێشت؟

**ئاماندا:** ئەو هەرگیز ژنی نەهێنا! ئەی خوایە، تۆ وا قسان دەکەیت وەک بڵێیت هەموو دڵدارەکانم مردوون و نێژراون!

**تۆم:** ئەرێ ئەوەیان یەکەم کەس نییە کە هێشتا لە ژیاندا مابێت؟

**ئاماندا:** ئەم کوڕە "فیتزهیۆ"، چووە باکوور و سامانێکی پێکەوەنا ئەو بەگورگی "وۆڵ ستریت"(٣٣) ناسراوە! دەستەکانی ئەو وەک هی "میداس"(٣٤) بوون و دەستی لە هەرچییەک بدابووایە دەیکرد بەزێڕ!

باش بزانە، منیش دەمتوانی ببمە خاتوو دەنکەن ج. فیتزهیۆ! بەڵام- من باوکتم هەڵبژارد!

**لۆرا** [*"هەڵدەستێتەوە"*]: دایە، لێگەڕێ با مێزەکە خاوێن بکەمەوە.

**ئاماندا:** نەخێر، گیانەکەم، تۆ بڕۆ پێشەوە و خەریکی خوێندنی خشتەی ئامێری چاپکاری خۆت بە. یان کەمێک مەشق لەسەر

(٣٣) گەورەترین شەقامی بازرگانییە لە ئەمریکا (وەرگێڕ).

(٣٤) میداس: پاشای ئەفسانەییی (فریگیا) بوو . لە ئەفسانە گریکییەکانەوە بەوە ناودار بوو کە دەستی بەر هەرشتێک بکەوتایە ئەو شتە دەبووە زێڕ. (وەرگێڕ).

کـورتنووسـی بکه. هەر بەجـوانـی و تازەیی بمێنەوە!– نزیکەی کاتی هاتنی خوازبێنیکەرە خانەدانەکانمانە. [بەخۆبادانێکی کچانەوە بەرەو ناندینەکە دەڕوات.] ئەرێ بەڕای تۆ ئەم دوای نیوەڕۆیە بەتەماین پێشوازی لە چەندیان بکەین؟

[ تۆم ڕۆژنامەکە فڕێ دەدات و بەمرەمرەوە لەخۆ هەڵدەدات.]

**لۆرا** ["لە ناندینەکەدا بەتەنیایە"]: دایە، وا بزانم ئێمە بەتەما نین پێشوازی لە هیچ کەسێک بکەین.

**ئاماندا** "[بەگورجی دەردەکەوێتەوە"]: چی؟ هیچ کەسێک هیچ یەکێک؟ دەبێ تۆ گاڵتە بکەیت! [لۆرا بەدەمارگرژییەوە وەڵامی پێکەنینەکەی دەداتەوە. بەئەسپایی خۆی دەخزێنێتە ناو پەردە نیوەکراوەکانەوە و لە دوای خۆی دایان دەخاتەوە. تیرێژە تیشکێکی زۆر گەش دەکەوێتە سەر ڕوخساری ئەو کە لە بەرامبەر نەخشە کاڵبووەوەکانی پەردەکانە.]

[مۆسیقای: " گیانەوەرە شووشەیییەکان " بەنەرمی لێ دەدرێت. بەهێواشییەوە.]

تاقە خوازێنیکەریش نا! ناکرێ ئەمە ڕاست بێت! دەبێ لافاو هەڵسا بێت، دەبێ زریان و گەرداو قەوما بێت!

**لۆرا:** دایە، نە لافاو هەڵساوە و نە زریان و گەرداویش قەوماوە. تەنیا من ناسراو نیم وەکو تۆ وا بوویت لە چیای شین....[تۆم مرەیەکی تری لێوە دێت. لۆرا بەزەردەخەنەیەکی کزی داوای لێبووردنەوە سەیرێکی دەکات. دەنگی کەمێک خەمناکە.] دایکم ترسی ئەوەی هەیە ببمە قەیرە.

**[ دیمەنەکە لەگەڵ مۆسیقای "گیانەوەرە شووشەیییەکان" تاریک دادێت.]**



## دیمەنی دووەم

**"ئەرێ لۆرا تۆ قەت هیچ کوڕێکت خۆشویستووە؟ "**

سەر تەختەی شانۆ تاریکەکە بەوێنەی گوڵی شین ڕووناک دەبێتەوە

[بەرە بەرە کەسایەتی لۆرا بەدەردەکەوێت و شاشەکەش نامێنێت.

مۆسیقایەکە کپ دەبێت.

لۆرا لەسەر کورسییە عاجییە ناسکەکە لە بەردەم مێزە بچووکە لاق چرنووکانییەکە دانیشتووە.

ئەو جلێکی وەنەوشەیی نەرمی قوماش کیمۆنۆیی لەبەردایە لە نێوچەوانیوەڕا قژەکەی بۆ پشتەوە بەتیلمێک قوماش بەستاوە.

ئەو خەریکی شتن و بەبریقەخستنەوەی کۆمەڵە شووشەیییەکانیەتی.

ئاماندا لەسەر پەیژەی دەربازبوون لە ئاگرکەوتنەوەوە دەردەکەوێت. لەگەڵ بیستنی دەنگی هاتنەخوارەوەی ئەو، لۆرا هەناسەی خۆی ڕادەگرێت، دەفرە پڕ شمەکە جوانکارییەکان بەلاوە دەنێت و لە بەردەم هێڵکارییەکی کیبۆردی ئامێرە چاپکارەکەدا خۆی بەقیتی دادەنیشێنێت وەکو وابێت کەوتبێتە ژێر جادووی ئەوەوە.

شتێک لە ئاماندا قەوماوە. کاتێک بەرەو پانتایی سەر پەیژەکە

سەردەکەوێت لەسەر روخسارییەوە دیارە: نیگایەکی گرژ و نائومێد و کەمێک بێهودانەی پێوە دیارە.

ئەو چاکێتێکی قوماشی هەرزانباوی زرِ قەدیفەیی لەبەرە کە ملەکەی لاساییکراوەی فەرووە. کڵاوەکەی پێنج- شەش ساڵێک کۆنە، کڵاوێکی تەسکی ناشیرینە لەوانەی لە کۆتاییی بیستەکانەوە لەسەر دەکران و لە ناو دەستیدا جزدانێکی رەشی چەرمینی بەبریسکەی گەورەی ئاوەزێنە نیکڵدار و یەکەم پیت نەخشێنراوی هەڵگرتووە. ئەمە جلی تەواوی دەرچوونیەتی، ئەو جلەی کە بەئاسایی دەیکاتە بەر بۆ چوونە رێکخراوی "ک. ش. ا" (٣٥).

پێش هاتنەژوورەوە ئاماندا بەناو دەرگەکەدا سەیر دەکات.

لێوەکانی توند پێکەوە دەقوچێنێت، چاوەکانی زۆر زەق دەکاتەوە، بەرەو لای سەرەوە دەیانسوڕێنێ و سەری دەلەقێنێتەوە.

ئینجا بەهێواشی خۆی بەناو دەرگەکەدا دەکات. لۆراش کە دەربڕینەکانی دایکی دەبینێت، بەگرێشمەیەکی دەمارگرژانەوە لێوەکانی خۆی دەگرێت.]

**لۆرا:** هەلەو، دایە، من خەریکی – [ئەو گرێشمەیەکی دەمارگرژانە بۆ لای خشتەکەی سەر دیوارەکە دەکات. ئاماندا پاڵ بەدەرگە

(٣٥) (ک . ش . ا) کورتکراوەی رێکخراوی "کچانی شۆڕشی ئەمریکا"یە کە رێکخراوێکی میللی کۆنپارێزی ژنانی ئەمریکایە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەو ژنانەی کە لە شەڕی رزگاریخوازی ئەمریکا (١٧٧٥ -١٧٨٣) بەشداربوون . (وەرگێڕ)



داخراوەکە دەدات و بەتەماشاکردنێکی کوشتەنیانەوە لە لۆرا رادەمێنێت. ]

**ئاماندا:** فڕوفێڵ؟ فڕوفێڵ؟ [ئەو لەسەرخۆ کڵاو و پەنجەوانەکانی دادەکەنێت، بەردەوامە لە روانینە پڕئازارە شیرینەکەی. بەکەمێک خۆ نواندنەوە ئەو لێ دەگەڕێت کڵاو و پەنجەوانەکەی بکەونە سەر زەوی.]

**لۆرا** [بەلەرزۆکییەوە]: ئەرێ کۆبوونەوەکەی "ک. ش. ا" چۆن بوو؟ [ئاماندا بەهێواشی جزدانەکەی دەکاتەوە و دەسەسڕێکی سپی کەشخە دەردەهێنێت و بەناسکی هەڵی دەشەقێنێت و بەنەرمی دای دەنێتە سەر لێو و لووتی خۆی]. ئەرێ دایە تۆ نەچوویت بۆ کۆبوونەوەی "ک. ش. ا"؟

**ئاماندا** [بەکزییەوە، بەئاستەم دەبیسترێت]:– نەخێر.– نەخێر. [ئینجا توندتر] من هێندە ئازایەتیم تێدا نەبوو– بچم بۆ " ک. ش. ا ". ئەوەی راستی بێت، من هێندە ئازا نەبووم! من دەمویست کونێک لە زەوی بدۆزمەوە و هەتا هەتایە خۆمی تێدا بشارمەوە! [بەهێواشی بەرەو لای دیوارەکە دەپەڕێتەوە و هێڵکارییەکەی کیبۆردی ئامێری چاپکارەکە لەسەر دیوارەکە لادەبات. بۆ ماوەی تاوێک لە پێش خۆی ڕای دەگرێت، بەخۆشی و داخ خواردنەوە لێی رادەمێنێت ئینجا لێوی خۆی دەگەزێت و دەیکاتە دوو لەتەوە. ]

**لۆرا** [بەکزییەوە]: دایە، بۆچ وات کرد؟ [ئاماندا هەمان شتیش لەگەڵ خشتەی ئەلفوبای گرێگ دووبارە دەکاتەوە.] بۆچی تۆ –؟

**ئاماندا:** بۆچ؟ بۆچی؟ لۆرا، تۆ تەمەنت چەندە؟

**لۆرا:** دایە، تۆ تەمەنم دەزانیت.

**ئاماندا:** من وام زانی تۆ گەورە بوویت، لەوە دەکات من هەڵە بم. [*بەهێواشی بەرەو لای قەنەفەکە دەپەڕێتەوە و لە ناویدا* نقووم دەبێت و *بەقووڵی لە لۆرا رادەمێنێت*.]

**لۆرا:** تکایە، دایە وا لێم رامەمێنە.

[ *ئاماندا چاوەکانی دادەخات و سەری دادەگرێت. تا دە* بژمێرە.]

**ئاماندا:** ئێمە بەتەماین چی بکەین، ئێمە چیمان لێ دێت، دوارۆژمان چی دەبێت؟

[*تا* دە بژمێرە. ]

**لۆرا:** ئەرێ دایە هیچ رووی داوە؟ [*ئاماندا هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و دیسان دەسەسڕەکەی دەردێنێتەوە. بەنەرمی* بەدەموچاوی *دادەهێنێت*]. [ئەرێ دایە هیچ رووی داوە؟

**ئاماندا:** لە ماوەی یەک خوولەکدا من بەڵام لێ نامێنێت، من تەنیا سەرم لێ شێواوە – [*تا* پێنج بژمێرە. ] – بەم ژیانە....

**لۆرا:** دایە خۆزگە پێت بگوتمایە چی رووی داوە!

**ئاماندا:** وەک دەزانیت، ئەم دوای نیوەڕۆیە دەبوایە رێزم لێ بنرایە و ببوام بەئەندامی نووسینگەی " ک. ش. ا". [***وێنە: کۆمەڵێک ئامێری چاپکاری***]. بەڵام من لە کۆلیژی روبیکام بۆ ئیش و کار وەستام بۆ ئەوەی لەگەڵ مامۆستایەکانت بدوێم لەبارەی سەرمابردەڵەییت و لێیان بپرسم تۆ چ پێشکەوتنێک لەوێ بەدەست دەهێنیت.





**لۆرا:** ئۆه....

**ئاماندا:** من چوومە لای مامۆستای چاپکاری و وەک دایکی تۆ خۆم پێی ناساند. ئەو نەیدەزانی تۆ کێیت. ئەو گوتی، وینگفیلد. ئێمە هیچ قوتابییەکمان نییە لەو خوێندنگەیە بەم ناوە تۆمار کرابێت!

من دڵنیامکردەوە لەوەی کە تۆ هەر لە سەرەتای مانگی بەفرانبارەوە دەچوویتە پۆلەکانەوە.

ئەو گوتی: "دەمەوێت بزانم، ئاخۆ تۆ باسی ئەو کچە بچووکە یەکجار شەرمنە دەکەیت کە هەر چەند رۆژێکی کەم دوای هاتنە خوێندنگە وازی لە خوێندن هێنا؟

منیش گوتم، "نەخێر، لۆرای کچم هەموو رۆژێک بۆ ماوەی شەش هەفتەی رابردوو دێتە خوێندنگە!"

ئەویش گوتی، "ببوورە." ئینجا دەفتەری ئامادەبوونی قوتابیانی دەرهێنا و ناوی تۆ لەوێ هەبوو، ناویشت بەبێ هەڵە چاپ کرابوو، هەموو رۆژانی نەچوونە خوێندنی تۆی تێدا نووسرابوو تا ئەوەی ئەوان گەیشتبوونە ئەو بڕیارەی کە تۆ وازت لە خوێندن هێناوە.

من گوتم، " نەخێر، دەبێ هەڵەیەک لەمەدا کرابێت! دەبێ لە کاتی تۆمارکردندا تێکەڵ بوونێک هەبێت!"

ئەویش گوتی، "نا ئێستا من زۆر بەتەواوی ئەوم هاتەوە بیر. دەستەکانی وا دەلەرزین کە نەیدەتوانی لە دووگمە راستەکان بدات! یەکەم جار کە ئێمە تاقیکردنەوەی خێراییمان کردن ئەو بەتەواوی تێکچوو دڵی تێک هەڵدەهات و هەر وەختە بڵێم

هەڵگیرا و بردرا بۆ ژووری دەستشۆر! دوای ئەم بەیانییە ئەو هەرگیز جارێکی تر بەدیار نەکەوتەوە. ئێمە تەلەفۆنی ماڵەوەمان کرد، بەڵام هیچ وەڵاممان دەست نەکەوت" – کاتێک من لە "فێمەس ئەند بار"[٣٦]دا کارم دەکرد، وا بزانم، خۆم وا پیشان دەدا– ئۆه!

من هێندە تێکچووم کە زۆر بەزەحمەت دەمتوانی لەسەر پێی خۆم راوەستم!

ناچار بووم دەبوایە دابنیشم لەو کاتەی ئەوان پەرداغێک ئاویان بۆم هێنا!

پەنجا دۆلاری کرێی خوێندن، هەموو نەخشەکانمان هیوا و ئاواتەبەرزەکانم بۆ تۆ– ئاوەها بەهەوادا چوون، بەمجۆرە بەهەوادا چوون. [*لۆرا هەناسەیەکی درێژ هەڵدەکێشێت و بەشپرزەییەوە هەڵدەستێتەوە سەر پێیان. بەرەو لای ئامرازە قەوانەکە دەپەڕێتەوە و قورمیشی دەکات.*]

ئەوە چ دەکەیت؟

**لۆرا:** ئۆه! [*دەسکی قەوانەکە بەردەدات و دەگەڕێتەوە جێگەی خۆی.*]

**ئاماندا:** لۆرا، تۆ دەچوویتە کوێ کاتێک وات پیشان دەدا کە دەچیتە کۆلیژی ئیش و کار؟

**لۆرا:** من بەس دەچوومە پیاسەکردن.

**ئاماندا:** ئەمە راست نییە.

(٣٦) (فێمەس ئەند بار) تا ئەمڕۆش گەورەترین کۆگای بازرگانییە لە شاری (سانت لویس). (وەرگێڕ)



**لۆرا:** راستە. من بەس دەچوومە پیاسەکردن.

**ئاماندا:** پیاسەکردن؟ پیاسەکردن؟ لە زستاندا؟ بەو چاکەتە تەنکەت بەئەنقەست خۆت تووشی نەخۆشی هەوکردنی سییەکان دەکرد؟ لۆرا، بۆ پیاسە دەچوویتە کوێ؟

**لۆرا:** هەموو جۆرە شوێنێک زۆر جار لە ناو پارکدا.

**ئاماندا:** تەنانەت دوای ئەوەش کە تووشی سەرمابردەڵەیی بوویت؟

**لۆرا:** دایە، ئەمیان باشترەکەی دوو خراپەکان بوو. [***وێنە: دیمەنی زستان لە ناو پارکدا*** ]. من نەمدەتوانی بچمەوە. من– لەسەر زەوییەکە– رشامەوە!

**ئاماندا:** مەبەستت وایە پێم بڵێیت هەموو رۆژێ لە کاتژمێر حەوت و نیوەوە تا دوای پێنج تۆ لە ناو پارکدا دەسوڕایتەوە، چونکە تۆ دەتویست وا لە من بکەیت وا بیر بکەمەوە کە تۆ هەر دەچیت بۆ کۆلیژی ئیش و کاری "روبیکام"؟

**لۆرا:** ئەوەندە خەراپ نەبوو وەک وا دیارە. من دەچوومە ناو شوێنان بۆ خۆگەرمکردنەوە.

**ئاماندا:** دەچوویتە کوێ؟

**لۆرا:** دەچوومە ناو مۆزەخانەی هونەری و باڵندەخانەکانی باخچەی گیانەوەران. هەموو رۆژێک دەچوومە لای باڵندە سەقاقوشەکان! هەندێک جار بەبێ نانی نیوەڕۆ دەمامەوە و دەچوومە سینەماکان. بەم دواییانەش زۆربەی کاتی دوای نیوەڕۆکانی خۆم لە جامخانەدا بەسەر دەبردن ئەو خانووە شووشەییەی کە لەوێدا رووەکی ناوچەی گەرمەسێر دەڕوێن.

**ئاماندا:** تۆ ئەو هەمووەت کرد بۆ خەڵەتاندنی من، تەنیا بۆ

هەڵخەڵەتاندنم؟ [*لۆرا سەری لەبەرخۆی دەنێت.*] لەبەرچی؟

**لۆرا:** دایە، کاتێک تۆ نائومێد دەبیت، ئەو روخسارە سامناکەی ئازار دەپەڕێتە سەر دەموچاوت، وەکو نیگاری دایکی حەزرەتی مەسیحی ناو مۆزەخانەکەیە!

**ئاماندا:** وس!

**لۆرا:** من نەمتوانی رووبەڕووی کارەکە ببمەوە.

[***وەستان: چرپەچرپی ژنیەکان.***

***نەخشی سەر شاشە: "قەپێلکی سەرکزی"***]

**ئاماندا** [*بەنائومێدییەوە پەنجە بەجزدانە زلەکە دادێنێت*]: ئینجا ئەوەندەی ژیانمان ماوە ئێمە چی بکەین؟ لە ماڵەوە بمێنینەوە و سەیری تێپەڕینی نمایشەکان بکەین؟ دڵی خۆمان بەگیانەوەرە شووشەییەکان خۆش بکەین، گیانەکەم؟ هەتا هەتایە ئەو قەوانە رزیووانە لێ بدەین کە باوکت وەکو بیرەوەرییەکی بەژان لە دوای خۆی بەجێی هێشتووە؟ ئێمە هیچ پیشەیەکی بازرگانیمان ناوێت ئێمە وازمان لەوە هێناوە، چونکە تووشی بەدهەرسییەکی دەمارگرژانەمان دەکات! [*بەماندووییەوە پێ دەکەنێت.*] ئێمە چیمان بۆ ماوەتەوە جگە لەوەی هەموو تەمەنمان پشت بەخەڵکی تر ببەستین؟ من زۆر چاک دەزانم چ بەسەر ژنی بێ مێرد دێت کە ئامادە نەبێت ئیش و کارێک بکات. من رەوشی وا بەزەیی هەڵسێنم لە خوارووی بینیووە قەیرەی وا کە زۆر بەکەمی جێگەی بۆ دەکرێتەوە و لە ژێر چاودێری بەبۆڵەبۆڵی مێردی خوشک یان ژنی برادا دەژیت!– لە ناو ژوورێکی بچووکی تەڵەمشکاویدا گیرۆدەن– یەکێک لەو



خزمانەی کە بەژنخوازی تێکەڵن هانیان دەدەن سەردانی یەکتر بکەن– ژنی بچووکی باڵندەئاسای بێ هێلانەن– بەدرێژاییی ژیانیان قەپێلکی سەرکزی دەخۆن!

ئەرێ ئەمە ئەو دوارۆژەیە کە بۆ خۆمان نەخشەمان بۆ کێشاوە؟

سوێند دەخۆم ئەوە تاقە هەڵبژاردنێکە بیرم بۆی دەچێت!

ئەمەش هەڵبژاردنێکی خۆش نییە، وایە؟

بێگومان. هەندێک کچ شوو دەکەن.

[*لۆرا بەدەمارگرژییەوە دەستەکانی دەگوشێت.*]

ئەرێ تۆ قەت هیچ کورێکت خۆشویستووە؟

**لۆرا:** بەڵێ جارێکیان کورێکم خۆشویستووە. [*هەڵدەستێتەوە.*] ماوەیەک لەمەوبەر بەرێکەوت وێنەکەیم بینی.

**ئاماندا** [بەهەندێک بایەخ پێدانەوە]: ئەو بەخۆی وێنەکەی بەتۆ دا؟

**لۆرا:** نەخێر، لە کتێبی ساڵانەدا هەیە.

**ئاماندا** [*بەنائومێدییەوە*]: ئۆە کورێکی خوێندنگەی ئامادەیی.

[***وێنەی سەر شاشە: جیم وەکو پاڵەوانی خوێندنگەی ئامادەیی کە جامێکی زیوینی بەدەستەوەیە.***]

**لۆرا:** بەڵێ. ناوی "جیم" بوو.. [*لۆرا کتێبەقورسەکەی ساڵانە لەسەر مێزە لاق چرنووکانییەکە هەڵدەگرێت.*] ئەها ئەوەتا لە ئۆپێرای "چەتەکانی پێنزانس"[٣٧] دایە.

---

(٣٧) (چەتەکانی پێنزانس) ئۆپێرایەکی کۆمیدییە ساڵی (١٨٧٩) لەلایەن و. س. گیلبێرت و ئارسەر سۆلیڤان نووسراوە و زۆر جار لە خوێندنگەکاندا پێشکێش دەکرا. (وەرگێڕ)

**ئاماندا** [*بەخەیاڵبردەبییەوە*]: لە چی دایە؟

**لۆرا:** لەو ئۆپێرێتەی خوێندکارانی ساڵانی کۆتایی پێشکێشیان کرد. ئەو دەنگێکی دڵڕفێنی هەبوو و دووشەممە و چوارشەممە و هەینی نا هەینییەک لە ناو ڕاڕەوەکەی جێگەی کۆڕگرتن دادەنیشت. ئەو لەوێیە بەخۆ و بەجامە زیوینەکەی بۆ گفتوگۆکردن! بڕوانە گرژینەوەکەی؟

**ئاماندا** [*بەخەیاڵبردەبییەوە*]: ئەو دەبێت خاوەنی خێماکێکی خۆش بێت.

**لۆرا:** ئەو بەوە ڕاهاتبوو بەگوڵی شین بانگم بکات.

[***وێنە: گوڵی شین***]

**ئاماندا:** لەبەرچی ئەو بەو ناوە بانگی دەکردیت؟

**لۆرا:** کاتێک تووشی نەخۆشی هەوکردنی سییەکان بووم هەرکە گەڕامەوە ئەو لێی پرسیم چیمە. من گوتم هەوکردنی سییەکانمە ئەویش وا تێگەیشت کە دەڵێم گوڵی شین[٣٨]! جا بۆیە دوای ئەوە هەموو جارێک ئەو وا بانگی دەکردم. هەرکاتێک منی ببینیایە، ئەو سڵاوی لێ دەکردم، "هەلەو، گوڵی شین!" من گوێم بەو کچە نەدەدا کە لەگەڵی دەچووە دەرەوە کە ناوی "ئێمیلی مایزنباخ" بوو. "ئێمیلی" پۆشتەترین کیژ بوو لە هەموو "سۆڵدان" دا. لەگەڵ ئەوەشدا، من هەرگیز هەستم بەوە نەدەکرد ئەو دڵسۆزە.... لە بەشی هەواڵە تایبەتییەکاندا – خوێندمەوە

(٣٨) کابرا بۆیە لێی تێکچووە، چونکە لە زمانی ئینگلیزیدا بە هەوکردنی سییەکان دەڵێن Pleurosis و بە گوڵی شینیش دەڵێن Blue Roses . (وەرگێڕ)



ئەوان لێک مارەکرابوون. ئەوە – شەش ساڵ لەمەوبەر بوو! دەبێ ئێستا ئەوان زەماوەندیان کردبێت.

**ئاماندا:** بەئاسایی ئەو کچانەی کە ناتوانن ئیش و کارێک بکەن ئەوا مێرد بەپیاوی قۆز دەکەن. [*هەڵدەستێتەوە بەترووسکەیەک هیواوە.*] کچم، تۆ ئاوا دەکەیت.

[*لۆرا پێکەنینێکی ڕاچەنیناوی و گوماناوی دەکات. ئەو بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە پارچەیەک شووشە.* ]

**لۆرا:** بەڵام، دایە

**ئاماندا:** بەڵێ؟ [*بۆ لای وێنەکە دەپەڕێتەوە.* ]

**لۆرا** [*بەشێوە دەنگێکی ترساوی پۆزشکارانەوە*]: من شەلەم!

[*وێنە: سەرشاشەکە.*]

**ئاماندا:** قسەی قۆڕ! لۆرا، من پێم گوتیت هەرگیزاو هەرگیز ئەو وشەیە بەکار نەهێنیت. بۆچ، تۆ هیچ شەل نیت، تۆ تەنیا کەمێک ناتەواویت هەیە تەنانەت بەئاستەم هەستی پێ دەکرێت! کاتێک خەڵکی شتی خراپووچکەی وایان هەیە، ئەوان شتی تر گەشە پێ دەدەن بۆ پڕکردنەوەی ئەمە، ئەوان گەشە بەنازداری و ڕوحسووکی و دڵڕفێنی دەدەن! تۆش دەبێت هەر ئەوەندە بکەیت! [*دیسان دەگەڕێتەوە لای وێنەکە*]. باوکت تاقە شتێکی زۆر هەبوو ئەویش دڵڕفێنی بوو!

[*تۆم لەگەڵ دەنگی کەمانجەی ناو لاباڵەکانی خانووەکە دەکەوێتە جوولە.* ]

*دیمەنەکە لەگەڵ مۆسیقا لە بەرچاو نامێنێت*

## دیمەنی سێیەم

### نەخشی سەرشاشەکە: "دوای تێکەوتنێکی تەواو "

[تۆم *لەسەر سەحنی پەیژەی دەربازبوون لەئاگرکەوتنەوەوە* دەدوێت.]

**تۆم:** دوای تێکەوتن لە کۆلیژی بازرگانی "روبیکام"، بیرۆکەی پەیداکردنی خوازبێنیکەرێکی خانەدان بۆ "لۆرا" لە لێکدانەوەکانی دایکمدا زێتر و زێتر گرینگی پەیدا دەکرد و ئەمەی لێ بوو بەخولیا و کەڵکەڵە. وەکو بیرۆکەیەکی بنەڕەتی لە ناو نەستی سەرتاسەری[٣٩] ئەودا، وێنەی خوازبێنیکەرێکی خانەدان بەردەوام دەور و خوولی لاخانووە بچووکەکەمانی دەدا...

[وێنە: *گەنجێک بەچەپکێ گوڵەوە لەبەردەرگەیە.*]

بەدەگمەن ئێوارەیەک لە ماڵی ئێمە رادەبرد بەبێ هەندێک ئاماژەکردن بۆ ئەو وێنەیە، ئەو شەبەنگە، ئەم هیوایە....

تەنانەت ئەگەر ناویشی نەهاتبایە، ئامادەیی ئەو لە تەماشای خولیاوی دایکم و رەفتاری ترساو و پۆزشکارانەی خوشکمدا وەکو رستەیەکی سزایاوی بوو بەسەر ماڵباتی "وینگفیلد"

(٣٩) (بیرۆکەی بنەڕەتی ناو نەستی سەرتاسەری)بریتییە لەئاماژەکردنێکی تەوساوی بۆ چەمکی شیکردنەوەی دەروونی و ئەو زاراوە دەروونیانەی کە یونگ(١٨٧٥-١٩٦١)ی موریدی فرۆید(١٨٥٦-١٩٣٩) بەکاری دەهێنا. (وەرگێڕ)



دابڕابوو!

دایکمان هەم ژنی ئیش و کار بوو و هەم ژنی قسان.

ئەو دەستی کرد بەهەنگاوی ژیرانە بەرەو ئاراستە نەخشەبۆدانراوەکە. لە کۆتاییی زستان و سەرەتای بەهاردا- هەستی بەوە کرد کە پارەی پتر پێویستە بۆ ئەوەی بەرێکی هێلانەکە بەناوماڵ بکات و باڵندەکەش پۆشاکدار بکات- ئەو دەستی بەهەڵمەتێکی بەهێزی تەلەفۆنکاری کرد، هەوڵی راکێشانی بەشداریکەرانی کابانەکانی کرد بۆ گۆڤارێک بەناوی "رابەری ماڵداریکەران"، ئەمە جۆرە گۆڤارێک بوو کە بە زنجیرە دەستنیشانی بالابوونی ئەو خانمە نووسەرانەی دەکرد کە بیر لە مەمکی ناسکی فینجانی، ناوقەدی تەنک و باریک، رانی سپی خرپن، چاوانی وەکو دووکەڵی ناو دارستانانی پایزان، پەنجەی نەرم و خۆشی وەکو ژێی مۆسیقا، لاشەی بەهێزی وەکو پەیکەری ئێتروریا[٤٠] دەکردەوە.

[***نەخشی سەرشاشە: بەرگی گۆڤاری بریسکە.***]

[*ئاماندا بەخۆو بەتەلەفۆنێکی وایەر درێژەوە دێتە ژوورەوە. ئەو لە شوێنێکی تاریکی سەرشانۆ دەبینرێت.*]

**لۆرا:** ئیدا سکۆت؟ ئەمە ئاماندا وینگفیلدە!

دووشەممەی رابردوو لە "ک. ش. ا" بیرمان دەکردیت!

من بەخۆم دەگوت: رەنگە ئەو بەهۆی ئەو کونە لووتانەوەی تووشی ئازار بووبێت! ئەرێ کونە لووتت چۆنە؟

بەربادە! خوا ئاگای لێت بێت!- تۆ شەهیدێکی مەسیحیت،

(٤٠) (ئێتروریا) ولاتێکی کۆن بوو لە ناوەڕاستی ئیتالیا . (وەرگێڕ)

بەڵێ، ئەوە تۆیت، شەهیدێکی مەسیحی!
باشە، من هەر ئێستا بینیم کە ئابوونەی بەشداریکردنت لە "رابەر" دا خەریکە تەواو دەبێت! بەڵێ، لەگەڵ ژمارەی داهاتوودا تەواو دەبێت، گیانەکەم!- رێک لەوکاتەی زنجیرە نوێیە دڵڕفێنەکەی "بێیسی مای هۆپەر" دەگاتە ئەو ئاستە بەرزە سەرنج راکێشە. ئۆه، گیانەکەم، ئەوە شتێکە ناتوانیت تۆ لەدەست خۆتی بدەیت! بەبیرت دێت رۆمانی "با بردی"[٤١] چۆن هەموو کەسێکی تووشی سەرسوڕمان کرد؟ بەساکاری ئەگەر نەتخوێندبایەوە نەتدەتوانی بچیتە دەرەوە. هەموو کەسێک باسی "سکارلێت ئۆهارا"[٤٢]ی دەکرد. باشە، ئەمەی منیش دەیڵێم کتێبێکە رەخنەگرەکان وا لەگەڵ رۆمانی "با بردی" بەراوردی پێ دەکەن. ئەمەش "با بردی" نەوەی دوای جەنگی جیهانییە!- چی؟ - دەسووتێت!- ئۆه، گیانەکەم، مەیەڵە بسووتێن، بڕۆ تەماشای تەنوورەکە بکە و من لەسەر خەت دەمێنمەوە! ئۆی خوایە- وابزانم خەتەکەی داخرا.

[*تاریک داهاتن*]

[***نەخشی سەرشاشە: "تۆ وادەزانیت من گیرۆدەی پێڵاوڕوستکەرە ئەوروپییەکانم؟"***]

[*پێش ئەوەی سەرشانۆ رووناک بێتەوە، دەنگی توندی تۆم و ئاماندا دەبیسترێت.*

(٤١) ئەم رۆمانە یەکێکە لە رۆمانە یەکجار سەرنج راکێشەکانی ئەمریکا . لە نووسینی (مارگرێت میتشێل (١٩٠٠-١٩٤٩)ە و دەربارەی خوارووی ئەمریکایە لە سەردەمی شۆڕشی ناوەخۆ (١٨٦١-١٨٦٥) . (وەرگێڕ)
(٤٢) ژنە پاڵەوانی سەرەکی رۆمانی ( با بردی ) یە . (وەرگێڕ)



*ئەوان لە پشت پەردەکانەوە دەمەقاڵێ دەکەن. لۆرا بەدەستی تێک ئاڵاوە و روخسارێکی تۆقیووە لە بەردەمی ئەوان وەستاوە. بەدرێژاییی ئەم دیمەنە گورزەیەک رووناکی دەرژێتە سەر ئەو.*]

**تۆم:** تو سەری مەسیح من چیم-

**ئاماندا** [بەقیژەوە]: ئەمە بەکار مەهێنە-

**تۆم:** ئەدی چی بکەم؟

**ئاماندا:** ئەم دەربڕینە! نابێ پێش من-

**تۆم:** ئۆه!

**ئاماندا:** بەکاربهێنیت! عەقڵت لەدەست داوە؟

**تۆم:** راست دەکەیت، من شێت بوویم!

**ئاماندا:** ئەوە تۆ چیتە، تۆ ئەی- گێلی گەورە!

**تۆم:** بڕوانە!- من هیچم نییە، تاقە شتێکیشم نییە -

**ئاماندا:** دەنگت نزم بکەوە!

**تۆم:** لێرە لەو ژیانەدا کە پێی بڵێم هی خۆم! هەموو شتێک هی-

**ئاماندا:** ئەو هاوار هاوارە رابگرە!

**تۆم:** دوێنێ تۆ دەستت بەسەر کتێبەکانم داگرت! تۆ زاتی ئەوەت کرد-

**ئاماندا:** من ئەو رۆمانە بێزەوەرەم بردەوە بۆ کتێبخانە- بەڵێ! ئەو کتێبەقێزەوەنەی کە "مستەر لۆرەنس"ی شێت نووسیوویەتی. [***تۆم درندانە پێ دەکەنێت.***] من ناتوانم کۆنترۆڵی بەرهەمی ئەو مێشکە نەخۆشانە بکەم یان هی ئەوانەی کە زەمینەیان بۆ دەرەخسێنن - [***تۆم هێشتا درندانەتر پێ دەکەنێت.***] بەلام من رێگە نادەم ئەم جۆرە پیسایییە بێتە ناو ماڵەکەمەوە! نەخێر،

نەخێر، نەخێر، نەخێر، نەخێر!

**تۆم:** ماڵ، ماڵ! کێ کرێی ئەو ماڵە دەدات، کێیە خۆی کردووەتە کۆیلە..

**ئاماندا** [*نزیکەی دەقیژێنێت*]: زاتی ئەوە نەکەیت–

**تۆم:** نا، نا، نابێت من شت بڵێم! من تەنیا دەتوانم ئەوە–

**ئاماندا:** با من پێت بڵێم–

**تۆم:** من نامەوێت گوێم لە هیچی تر بێت! [*ئەو پەردەکان دەکاتەوە. بەشی سەرەوەی شانۆ بەپڕشنگێکی سووری دووکەڵاوی تەواو رووناک دەکرێتەوە.*]

[*پرچی ئاماندا لە لوولدەری کانزایی دایە و رۆبێکی خۆشتنی زۆر کۆنی لەبەردایە، کە زۆر بەبەر لاشە بچکۆڵەکەی گەورەیە، کە جێماوەی مستەر وینگفیلڵدی بێ وەفایە. ئامێرێکی چاپکاری قیت و بێ سەروبەرییەکی کێویانەی دەستنووسەکان لەسەر مێزە تەنیشت نووشتاوەکاندا دانراوە. ئەم دەمەقاڵییە رەنگە بەهۆی پچڕاندنی تۆم لە کارە داهێنەرەکانی پەیدا بوو بێت. کورسییەک لەسەر زەوییەکە بەفڕێدراوی کەوتووە. سێبەری گرێشمەکانیان بەهۆی پڕشنگە ئاگرینەکەوە دەکەوێتە سەر بنمیچەکە.* ]

**ئاماندا:** تۆ پترت گوێ لێ دەبێت، تۆ–

**تۆم:** نەخێر، من پترم گوێ لێ نابێت، من دەڕۆمە دەرەوە!

**ئاماندا:** تۆ یەکسەر هاتیتەوە لە–

**تۆم:** دەڕۆمە دەرەوە، دەرەوە، دەرەوە! چونکە من–

**ئاماندا:** تۆم وینگفیلڵد، وەرەوە ئێرە! من قسەکانم لەگەڵ تۆ تەواو نەبووە!

**تۆم:** ئۆه، بڕۆ.



**لۆرا** [*بەنائومێدییەوە*]: تۆم!

**ئاماندا:** دەبێت تۆ گوێ بگریت، چی دیکەش رووشکێنیم لە تۆ ناوێت! من تا کونە لووتم هاتووە!

[*بۆ دواوە بەرەو لای ئەو دەگەڕێتەوە.*]

**تۆم:** تۆ وا دەزانیت من خـــەریکی چیم؟ ئەدی دایە، نابێت من هیچ حەوسەڵەم نەمێنێت تا نەگەم بەکۆتاییەکەی؟ من دەزانم، من دەزانم. وا پێـــدەچێت ئەوە لەلای تۆ گـــرینگ نەبێت، من چی دەکەم– من دەمەوێت چی بکەم– جیاوازییەکی کەم لە نێوانیاندا هەیە! تۆ وا بیر نەکەیتەوە کە

**ئاماندا:** من وا بیر دەکەمەوە تۆ شتی وا دەکەیت کە تۆ شەرمیان لێ دەکەیت. بۆیە تۆ بەم جۆرە رەفتار دەکەیت. من باوەڕ ناکەم هەموو شەوێک تۆ بچیتە سینەما. هیچ کەس کە مێشکی تەواو بێت هێندەی تۆ زۆر ناچێتە سینەما وەک وا خۆت دەردەخەیت. خەڵکی نزیکەی نیوەشەوان ناچنە سینەما، سینەماش خەڵک لە کاتژمێر دووی شەودا بەرەڵا ناکات. بەلارەلارە دێیتەوە. وەکو شێت لەبەرخۆت دەپرتێنیت! تۆ سێ کاتژمێر دەنوویت و پاشان دەچیتە سەر کار. ئۆه، من وا لە بەرچاومە تۆ لەوێ چ دەکەیت؟ بەگێژوویژی دەخوولێیتەوە، چونکە لە بارێکی باشدا نیت.

**تۆم** [*بەدڕندانەییەوە*]: نەخێر، من لە بارێکی باشدا نیم!

**ئاماندا:** تۆ چ مافێکت هەیە کارەکەی خۆت بخەیتە مەترسییەوە؟ ئاسوودەیی هەموومان بخەیتە مەترسییەوە؟ بەڕای تۆ ئێمە چۆن خومان پێ بەڕێوە دەچێت ئەگەر تۆ–

**تۆم:** گوێ بگرە! تۆ وا دەزانیت من شێتی کارکردنی ناو گەنجینەم؟

[*بەتووندی بەرەو لاشەی بچووکی ئەو دەچەمێتەوە.*] تۆ وا دەزانیت من عاشقی پێلاودروستکەرە ئەوروپییەکانم؟ تۆ وا دەزانیت من دەمەوێت سی و پێنج ساڵ لەوێ- لە ناو ئەو کولانەی ناوەوەیە بەسەر ببەم! لەگەڵ گلۆپی- فلۆریسێنتی! بڕوانە! من پێم خۆشترە کەسێک باریەیەک بێنێت و مێشکم بپرژێنێت- لەوەی بەیانیان بچمەوە ئەوێ! من دەڕۆم! هەر جارێک تۆ بێیتە ژوور و ئەو قسە نەفرەتییەی "هەڵسە و بگەشێوە!" "هەڵسە و بگەشێوە!" بقیژێنیت، من بەخۆم دەڵێم، "ئای مردووەکان چەندە بەختەوەرن!" بەڵام من هەڵدەستمەوە. من دەچم! بۆ شەست و پێنج دۆلار لە مانگێکدا من دەستبەرداری هەموو ئەو شتانە دەبم کە هەمیشە خەونیان پێوە دەبینم بیانکەم یان ببم! تۆش دەڵێیت خۆت- خۆت هەموو ئەوەیە کە تۆ هەمیشە بیری لێ دەکەیتەوە. بۆچ، دایە ئەگەر خۆم ئەوە بێت کە بیری لێ دەکەمەوە، من لەو جێگەیە دەبووم کە ئەوی لێیە- دەڕۆیشتم! [*نیشانە بۆ وێنەی باوکی دەکات.*] تا ئەو شوێنەی سیستەمی هاتوچۆی دەگەیشتێ! [*ئەو لێی ڕەت دەبێت. ئاماندا پڕدەداتە قۆڵی.*] دایە، مەمگرە!

**ئاماندا:** بۆ کوێ دەچیت؟

**تۆم:** دەچمە سینەما.

**ئاماندا:** بەم درۆیە باوەڕ ناکەم!

**تۆم** [*لە بەرامبەر ئەو دەچەمێتەوە و بەسەر لاشەی بچووکی ئەودا دەنووشتێتەوە. ئاماندا بەهەناسەبڕکێوە بەرەو دواوە دەکشێتەوە*]: من دەچمە پەناگای بەنگ کێشەکان! بەڵێ،



پەناگای بەنگ کێشەکان، پەناگای خراپەکاری و مۆڵگەی تاوانباران، دایە. من چوومەتە پاڵ چەتەی "هۆگان"، من خوێنڕێژێکی بەکرێگیراوم، من تفەنگێکی تەماتیک لە ناو بەرگی کەمانجەدا هەڵدەگرم! من سەرپەرشتی ریزێک قەحپەخانە لەم دۆڵەدا دەکەم! دایە، ئەوان بەمن دەڵێن پیاوکوژ، وینگفیلدی پیاوکوژ، من ژیانێکی دووجۆری بەسەر دەبەم، لە ڕۆژدا کرێکارێکی سادەی ئابڕووەندم، بەشەویش قەیسەرێکی بزێوی دنیای ژێرەوەم. من دەچمە گازینۆ و قومار دەکەم، من سامانی خۆم لەسەر مێزی رۆڵێت دەسوڕێنمەوە! من پارچەیەک لەسەر لاچاوێکم قایم دەکەم و سمێڵێکی دەستکرد و هەندێک جاریش بسکی سەوز بەخۆمەوە دەخەم. لەم بۆنەیانەدا پێم دەڵێن- ئەهریمەن!(٤٣) ئۆه، من دەتوانم شتی وات پێ بڵێم کە وات لێ بکات نەخەویت! دوژمنەکانم نەخشەی ئەوەیان داناوە ئێرە بتەقێننەوە. ئەوان بەتەمان شەوێک بەئاسماندا هەڵمان بدەن! من دڵخۆش دەبم، یەکجار کەیفم دێت، تۆش هەروا! تۆ بەرز دەبیتەوە، بەسەر گسکێکەوە بەسەر چیای شیندا بەخۆت و حەڤدە خوازبێنیکەرە خانەدانەکانتەوە بەرز دەبیتەوە! تۆی جادووگەری - ناشیرین و پیری بەبۆڵەبۆڵ.... [*ئەو رێزێک جوولەی توندی شپرزەی لێ روو دەدات، کورتەکەکەی هەڵدەگرێت و بەرەو دەرگەکە هەڵدەکووتێت، بەتووندی دەیکاتەوە. ژنەکان بەدەم بەشکراوەیی سەیری دەکەن. باسکی*

(٤٣) ئەو ناوانە لەلایەن تۆمەوە لەبەرکراون بەهۆی زۆر چوونە سینەماوە . (وەرگێڕ)

له قۆڵی کورتەکەی گیر دەبێت هەرکە هەوڵ دەدات لەبەری بکات. بۆ تاوێک بەم جلە زلەوە گیر دەخوات. بەمرەیەکی تووڕەییییەوە دیسان کورتەکەکە لەبەرخۆی دادەکەنێت و سەرشانی دادەدڕێنێت و بەناو ژوورەکەدا تووڕی دەدات. بەتاقیچکەکەی گیانەوەرە شووشەیییەکانی لۆرا دەکەوێت، خڕەی شکانی شووشە دێت. لۆرا دەقیژێنێت وەک ئەوەی بریندار بوو بێت. ]

**[مۆسیقا. نەخشی سەرشاشە: "گیانەوەرە شووشەیییەکان.]**

**لۆرا** [بەقیژەوە]: گیانەوەرە! شووشەیییەکانم... [دەموچاوی خۆی دەگرێت و روو وەردەگێڕێت. ]

[ بەڵام ئاماندا هێشتا بەجۆرێک لە قسەی "جادووگەری ناشیرین " حەپەساو و واق وڕماوە کە بەزەحمەت ئاگای لەو رووداوانەیە. ئێستا دەگەڕێتەوە سەر قسەکەی.]

**ئاماندا** [بەدەنگێکی ترسناک]: من قسەت لەگەڵدا ناکەم تا داوای لێبوردن نەکەیت! [ئەو بەناو پەردەکاندا دەچێت و لە دوای خۆی دایان دەخاتەوە. تۆم لەگەڵ لۆرا بەجێ ماوە. لۆرا بەبێ هێزییەوە دەستی لە تاقیچکەکە گیر کردووە و رووی لەولاوەیە. تۆم بەگێلییەوە تاوێک چاوی تێی دەبڕێت. ئینجا دەپەڕێتەوە لای تاقیچکەکە. بەشپرزەیی دەکەوێتە سەرچۆک بۆ کۆکردنەوەی شووشە شکاوەکە، سەیری لۆرا دەکات وەکو ئەوەی حەز بکات قسە بکات بەڵام پێ ی ناکرێت. ]

**[گیانەوەرە شووشەیییەکان دەخزنە**
**ناوەوە لەو کاتەی دیمەنەکە تاریک دادێت]**





## دیمەنی چوارەم

**ناوەوە تاریکە. رووناکییەکی کز لە کۆڵانەکەدا هەیە.**

**کاتێک دیمەنەکە دەست پێ دەکات زەنگێکی زرینگە قووڵ لە کڵێسایەکەوە کاتژمێر پێنج رادەگەیەنێت.**

[تۆم لەوسەری کۆڵانەکەوە دەردەکەوێت. دوای هەر کووتانێکی سەنگینی زەنگەکە لە بورجەکەدا، ئەویش زرینگەکەرێکی بچووک یان شەقشەقەیەک لێ دەدات تا کەمێک گرژی مرۆڤ بەرامبەر توانا و شکۆمەندی خۆڕاگری خوای هەمە توانا دەرببڕێت. ئەمە و هاتنەپێشەوەی بەلارەلاری ئەوە دەردەخات ئەو خواردوویەتییەوە.

کاتێک چەند پلیکانەیەک بەسەر پەیژەی دەربازبوون لە ئاگرکەوتنەوە دەچێتە سەرەوە بۆ لای سەحنەکە رووناکی دەخزێتە ناوەوە. لۆرا بەجلی شەوەوە دەردەکەوێت و هەست بەچۆلی نوێنی تۆم دەکات لە ژوورەکەی پێشەوەدا.

تۆم لە ناو بەڕکەکانیدا بەدوای کلیلدا دەگەڕێت، چەندین شمەکی جۆراوجۆر لەگەڵ ئەو گەڕانەدا دەردەهێنێت، لەوانەش گورزەیەک قوونکە پلیتی سینەما و شووشەیەکی بەتاڵ. لە کۆتاییدا کلیلەکە دەدۆزێتەوە، بەڵام رێک لەو کاتەی دەیەوێت بیخاتە ناو کونەکەوە، لە ناو پەنجەکانی دەخزێت. ئەو شقارتەیەک لێ دەدات و خۆی بۆ بن دەرگەکە دادەنەوێنێت.]

**تۆم** [*بەدڵتەنگییەوە*]: یەک درز هەبێت لێی دەکەوێتە خوارەوە.

[*لۆرا دەرگەکە دەکاتەوە.*]

**لۆرا:** تۆم! تۆم، ئەوە چی دەکەیت؟

**تۆم:** بەدوای کلیلی دەرگەدا دەگەڕێم.

**لۆرا:** ئەو هەموو کاتە لە کوێ بوویت؟

**تۆم:** من لە سینەما بووم.

**لۆرا:** ئەو هەموو ماوەیە لە سینەما بوویت؟

**تۆم:** بەرنامەیەکی زۆر دوورودرێژ هەبوو. فلیمی "گاربۆ"[٤٤] و "میکی ماوس" و فیلیمێکی گەشتنامەیی و یەکێکی هەواڵنامەیی و چەند پارچەیەک لە فیلیمێکی سەنجراکێشی داهاتوو هەبوو. لە هەمانکاتیشدا مۆسیقای تاکژەنی و بەکۆمەڵ هەبوو بۆ پارەکۆکردنەوە بۆ سندوقی خێرخوازی شیرەخۆران[٤٥] – کە کۆتاییەکەی بەشەڕێکی خراپ هات لە نێوان ژنێکی قەڵەو و ڕێنیشاندەرەکەی سینەما.

**لۆرا** [*بەبەسەزمانییەوە*]: ئەرێ هەر دەبوو تا کۆتاییەکەی هەمووی بمێنیتەوە؟

**تۆم:** بێگومان! ئۆه، لە بیرم چوو! نمایشێکی گەورەش لەسەر شانۆ

(٤٤) گریتا گاربۆی سویدی یەکێکە لە ئەستێرە مەزنەکانی هۆلیوود. ئەو بەسەرکەوتوویی توانی سینەما لە فیلمی بێدەنگەوە بۆ دەنگدار بگوازێتەوە . (وەرگێڕ)

(٤٥) کاتی (تەنگژەی گەورە) لە ئەمریکادا وا باوبوو کە لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا پارە بۆ شیرەخۆران و خۆراکی منداڵانی خوێندنگە و بێکاران کۆ بکرێتەوە . (وەرگێڕ)



هەبوو! ئەستێرەی سەرەکی ئەم نمایشەی سەرشانۆ "مالڤۆلیۆ"ی جادووگەر بوو. ئەو گەلێک فرۆفێڵی سەرسوڕمێنی کرد، وەک تێکردن و رووکردنی ئاو لە گومگومەیەکەوە بۆ یەکێکی تر. سەرەتا بووە شەراب و دواتر بووە بیرە و دواتر بووە وێسکی. من زانیم دوایی بووە وێسکی، چونکە ئەو کەسێکی لە ناو بینەرانەوە دەویست یارمەتی بدات، منیش لە هەردوو نمایشدا چووم! وێسکییەکە جۆری "کێنتاکی ستریت بۆربۆن"[٤٦] بوو. ئەو پیاوێکی زۆر بەخشندە بوو، دیاری یادگاری دەبەخشییەوە. [*لەگیرفانی پشتەوەیەوە دەسەسڕێکی ڕەنگاوڕەنگی پەلکەزێرینەیی دەردەهێنێت.* ] ئەو ئەمەی پێ دام. ئەوە دەسەسڕە جادووییەکەیەتی. لۆرا، با بۆ تۆ بێت. تۆ بەسەر قەفەزێکی پڕ کەناری هەڵی تەکێنە و دەبێتە ئامانێکی پڕ ماسی زێڕین. تۆ بەسەر دەفری مسی زێڕین بایدە و کەناری دەداتە شەققەی باڵ.... بەڵام سەرسوڕمێنترین فێڵی ئەو فێڵی تابووت بوو. ئێمە بەبزمار سەری تابووتەکەمان داکووتا و ئەو بەبێ لێکردنەوەی یەک بزماریش هاتە دەرەوە. [*تۆم ئێستا هاتووەتە ناوەوە.*] فێڵێکی تری هەیە کە لەو تەنگانەیەدا دەستم دەگرێت لەو ڕەوشە ئاڵۆزەدا ڕزگارم دەکات! [*خۆی بەسەر نوێنەکەیدا دەدات و دەست بەداکەندنی پێڵاوەکانی دەکات.*]

**لۆرا:** تۆم – بێدەنگ بە!

**تۆم:** بۆچی پێم دەڵێیت بێدەنگ بم؟

**لۆرا:** تۆ دایکم بەئاگا دێنیت.

(٤٦) جۆرە وێسکییەکی ناوچەی بۆربۆنی کێنتاکییە. (وەرگێڕ)

**تۆم:** کچی چاک، چاکێ! من تۆڵەی هەموو ئەو "لە خەو هەڵسە و بگەشێوە " یەی دەدەمەوە. [*درێژ دەبێت و دەناڵێنێت.* ] لۆرا، تۆ دەزانیت زیرەکییەکی زۆری ناوێت بچیتە ناو تابووتێکی بزمارێژکراو. بەڵام کێ هەرگیز دەتوانێت خۆی لە ناوی دەربهێنێت بەبێ لابردنی یەک تاقە بزمار؟

[*وەک بڵێی وەڵامی دەداتەوە، وێنەی گرژینەوەی باوکی رووناک دەبێتەوە.* ]

**[*دیمەنەکە تاریک دادێت.*]**

[*هەر یەکسەر دواتر: دەنگی زەنگی کڵێسا دەبیسترێت کە کاتژمێر شەش لێ دەدات. لەگەڵ زرینگەی لێدانی شەشەم کاتژمێرە وریاکەرەوەکەی ژووری ئاماندا، دوای چەند ساتێک دەبیستین گاز دەکات "لە خەو هەڵسە و بگەشێوە "! "لە خەو هەڵسە و بگەشێوە"! لۆرا، برۆ بەبرات بڵێ لە خەو هەڵسێت و بگەشێتەوە.* ]

**تۆم** [*بەکاوەخۆ هەڵدەسێتەوە*]: من هەڵدەستم– بەڵام ناگەشێمەوە.

[*رووناکییەکە زۆرتر دەبێت.*]

**ئاماندا:** لۆرا، بەبرات بڵێ قاوەکەی ئامادەیە.

[*لۆرا دەخزێتە ژووری پێشەوە.*]

**لۆرا:** تۆم!– نزیکەی سەعات حەوتە. دەماری دایکم مەگرە. [*ئەو بەگێلییەوە لێی رادەمێنێت. بەلێپاڕانەوەوە*] تۆم، ئەمڕۆ بەیانی لەگەڵ دایکم قسان بکە. لەگەڵی پێک وەرەوە، داوای لێبوردن بکە، لەگەڵی قسان بکە.



**تۆم:** ئەو نایکات. ئەو خۆی دەستی بەقسەنەکردن کرد.

**لۆرا:** ئەگەر تۆ تەنیا بڵێیت پەشیمانم، ئەو دەست بەقسان دەکاتەوە.

**تۆم:** ئەرێ قسەنەکردنی ئەو تراژیدیایەکی هێندە گەورەیە؟

**لۆرا:** تکایە– تکایە!

**ئاماندا** [*لە ناندینۆکەکەوە گاز دەکات*]: لۆرا، ئەرێ ئەوەی پێم گوتیت دەیکەیت، یان پێویستە من خۆم بگۆڕم و بەخۆم بچمە دەرەوە؟

**لۆرا:** دەچم، دەچم– هەر چاکەتەکەم بکەمە بەرم! [*ئەو بەدەمارگرژی و بزاوتێکی تەکاناوییەوە کڵاوێکی لبادینی شێوە تێکچوو رادەکێشێت و بەلێپاڕانەوەوە سەیرێکی تۆم دەکات. بەشپرزەییەوە بۆ لای چاکەتەکەی دەردەپەڕێت. چاکێتەکە یەکێکە لە هینەکانی ئاماندا، زۆر بەنارێکییەوە دروستکراوەتەوە، قۆڵەکانی زۆر کورتن بۆ لۆرا* ]. کەرە و چی تر بێنم؟

**ئاماندا** [*لای سەرەوەی شانۆ دێتە ناوەوە*]: تەنیا کەرە. پێیان بڵێ با بەقەرز بیخەنە سەر حیسابەکەمان.

**لۆرا:** دایە، ئەوان وا روویان گرژ دەکەن کە من وا دەڵێم.

**ئاماندا:** دار و بەرد ئێسکمان دەشکێنن، بەڵام دەربڕینی سەر روخساری مستەر "گارفینکڵ" ئازارمان پێ ناگەیەنێت! بەبراکەت بڵێ قاوەکەی سارد دەبێتەوە.

**لۆرا** [*لەبەر دەرگەوە*]: چیم لێ داوا کردی وا بکە، ئێ، تۆم؟

[*بەمۆنییەوە روو دەکاتە لاوە*]

**ئاماندا:** لۆرا، هەر ئێستا برۆ، دەنا هەر مەچۆ!

**لۆرا** [دەردەپەڕێت]: وادەچم– وادەچم! [تاوێک دواتر هاوارێک دەکات. تۆم هەڵدەبەزێتەوە و بەرەو لای دەرگەکە دەچێت. ئاماندا بەنیگەرانییەوە هەڵدەکووتێتە ناوەوە. تۆم دەرگەکە دەکاتەوە.]

**لۆرا:** من باشم پێم خلیسکا، بەڵام من باشم.

**ئاماندا** [بەنیگەرانییەوە چاوی تێ دەبڕێت]: ئەگەر یەکێک لەسەر ئەو پەیژانەی دەربازبوون لە ئاگرکەوتنەوە قاچێکی بشکێت، پێویستە خاوەن خانووەکە هەموو سەنتێکی خۆی پێی بدات! [دەرگەکە دادەخاتەوە. ئێستا بەبیری دێتەوە کە لەگەڵ تۆم قسان ناکات و دەچێتە ژوورەکەی ترەوە.]

[کاتێک تۆم بەبێدەنگی دەچێتە ژوورەوە بۆ قاوەکەی، ئاماندا پشتی خۆی تێ دەکات و بەڕەقی بەرامبەر پەنجەرەی ئەو ژێرزەمینە بۆرە تاریکەی دالانەکە دەوەستێت. کاتێک رووناکییەکەی دەکەوێتە سەر دەموچاوە پیرەکەی کە نیگایەکی منداڵانەی هەیە زۆر تیژ و گاڵتەپێکەرانە دەردەکەوێت بەچەشنی تابلۆکانی "دومێیە".

**مۆسیقای ژێرەوە**: "ماریای دایک"

[تۆم بەشەرمنییەوە، بەڵام بەمۆنی تەماشای دیمەنی روو وەرگێڕاوی ئەو دەکات و تەپ خۆی بەسەرمێزەکە دادەدات. قاوەکە یەگجار گەرمە، ئەو قومی لێ دەدات و هەنسک دەدات و قاوەکە دەتفێنێتەوە ناو کوپەکەیەوە. لەگەڵ هەنسکەکانی، ئاماندا هەناسەی خۆی رادەگرێت و نیمچە خۆی وەردەسوورێنێت. ئینجا خۆی دەگرێت و روو دەکاتەوە پەنجەرەکەوە.



تۆم فوو لە قاوەکەی دەکات، بەلاتەنیشتەوە تەماشای دایکی دەکات. ئاماندا قورگی خۆی پاک دەکاتەوە. تۆمیش هی خۆی. تۆم دەکەوێتە هەڵسانەوە. دیسان روو دەچێتەوە، سەری خۆی دەخورێنێت، دیسان قورگی خۆی پاک دەکاتەوە. ئاماندا دەکۆکێت. تۆم بەهەردوو دەست کوپەکەی بەرز دەکاتەوە تا فووی لێ بکات چاوەکانی بۆ ماوەی چەند تاوێک لە سەرەوەی قەراغەکانی کوپەکەیەوە لە دایکی رادەمێنن. ئینجا بەهێواشی کوپەکەی دادەنێتەوە و بەشپرزەیی و دوودڵییەوە لەسەر مێزەکەی هەڵدەستێت. ]

**تۆم** [بەدەنگێکی گرِەوە]: دایە. من– من داوای لێبووردن دەکەم، دایە. [ئاماندا هەناسەیەکی خێرای لەرزاوی هەڵدەکێشێت. دەموچاوی بەسەیری دەکەوێتە جوولە و دەست دەکاتە گریانێکی منداڵانەوە.] من پەشیمانم لەوەی گوتوومە، لە هەرشتێکی گوتوومە: من مەبەستم نەبوو.

**ئاماندا** [بەهەنسکەوە]: دڵسۆزیم منی کردە جادووگەر و من وام لە خۆم کردووە منداڵەکانم رقیان لێم ببێتەوە!

**تۆم:** نەخێر، وات نەکردووە.

**ئاماندا:** من زۆر نیگەرانم، ناخەوم، ئەمەش وام لێ دەکات دەمارگرژ بم.

**تۆم:** [بەنەرمییەوە]: من لەوە دەگەم.

**ئاماندا:** من ئەو هەموو ساڵانە بەتەنیا جەنگاوم. بەڵام تۆ یارمەتیدەری سەرەکی منی لە ژیان! مەرووخێ، مەدۆڕێ!

**تۆم** [بەنەرمییەوە]: هەوڵ دەدەم، دایە.

**ئاماندا** [*بەجۆش و خرۆشێکی زۆرەوە*]: هەوڵ بدە و تۆ سەردەکەویت! [*بیرۆکەکە وای لێ دەکات هەناسەی گیر بێت.*] بۆچی، تۆ– تۆ هەر پراوپڕی بەهرەی سروشتیت! هەردوو منداڵەکانم– منداڵی نائاسایین! تۆ وا دەزانیت من نایزانم؟ من بەئێوەوە زۆر– سەربەرزم! دڵخۆشم و– هەست دەکەم زۆرم– هەیە کە دەبێت سوپاسمەندی بم، بەڵام– کوڕم، بەڵێنی یەک شتم پێ بدە!

**تۆم:** دایە، هی چی؟

**ئاماندا:** کوڕم، بەڵێنی ئەوەی کە تۆ هەرگیز نابیتە مەیخۆر!

**تۆم** [*بەگەڕژینەوەوە رووی بۆ وەردەگێڕێت*]: دایە، من هەرگیز نابم بەمەیخۆر.

**ئاماندا:** ئەوە زۆر منی ترساند، کە تۆ دەخۆیتەوە! یەک قاپ "پورینا"[٤٧] بخۆ.

**تۆم:** دایە، تەنیا قاوەکە بەسە.

**ئاماندا:** پارچە بسکویتی گەنم بخۆ؟

**تۆم:** نەخێر، نەخێر. تەنیا قاوەکە بەسە، دایە.

**ئاماندا:** تۆ ناتوانیت لەسەر زگی بۆش رۆژێک کار بکەیت. تۆ تەنیا دە خوولەکت ماوە– ئاوا قووتی مەدە! خواردنەوەی شتی یەگجار گەرم گەدە تووشی شێرپەنجە دەکات... هەندێک شیری تێ بکە.

**تۆم:** نەخێر، سوپاس.

---

(٤٧) ناوی بازرگانی جۆرە خواردنێکی بەرچاییییە کە لە دانەوێڵە دروستکراوە. (وەرگێڕ)



**ئاماندا:** تاوەکو ساردی بکاتەوە.

**تۆم:** نەخێر! نەخێر، سوپاس، من حەز دەکەم قاوەکە رەش بێت.

**ئاماندا:** دەزانم، بەڵام ئەوە بۆ تۆ باش نییە. ئێمە دەبێت هەرچی پێمان دەکرێت بیکەین بۆ ئەوەی خۆمان بەتێن بکەین. لەم رۆژگارە سەختەی ئێمە تێیدا دەژین، هەموو ئەوەی دەبێت چنگی لێ گیر بکەین – لەگەڵ یەکتر پێوەندیمان بەتێن بکەین.... بۆیەش ئەمە هێندە گرینگە کە– تۆم، من– من خوشکتم نارده دەرەوە تاوەکو بتوانم باسی شتێکت لەگەڵدا بکەم. ئەگەر تۆش قسەت لەگەڵ نەکردبام، من قسەم لەگەڵدا دەکردیت. [*دادەنیشێت.*]

**تۆم** [*بەنەرمییەوە*]: دایە، ئەوە چییە تۆ دەتەوێت لەگەڵم باس بکەیت؟

**ئاماندا:** لۆرا!

[***تۆم بەهێواشی کوپەکەی دادەنێتەوە.***

***نەخشی سەرشاشە: "لۆرا".***

***مۆسیقا: "گیانەوەرە شووشەیییەکان"*** ]

**تۆم:** – ئۆه. لۆرا....

**ئاماندا** [*قۆڵی کراسەکەی دەگرێت*]: تۆ دەزانیت لۆرا چۆنە. زۆر هێمنە، بەڵام لە ئاوی مەنگ بترسە! ئەو سەرنجی شتان دەدات و من وا بزانم مێشکی پێیانەوە خەریک دەبێت. [تۆم *تەماشای سەرەوە دەکات.*] پێش چەند رۆژێکی کەم من هاتمە ژوورەوە و بینیم دەگریا.

**تۆم:** لەبەرچی؟

**ئاماندا:** لەبەر تۆ.

**تۆم:** لەبەر من؟

**ئاماندا:** ئەو باوەڕی وایە تۆ لێرە بەختەوەر نیت.

**تۆم:** چی وای لێ کرد وا باوەڕ بکات؟

**ئاماندا:** چی هەیە وا لەو بکات؟ بەهەرحاڵ، تۆ بەس سەیری ڕەفتار دەکەیت. من –من ڕەخنەت لێ ناگرم، لەوە تێ بگە! من دەزانم ئاواتی تۆ لە ناو کۆگا و گەنجینەکاندا نییە، تۆش وەکو هەر کەسێکی تری ئەم دنیا پانوپۆڕە – دەبوایە –قوربانی بدەیت، بەڵام– تۆم– تۆم ژیان ئاسان نییە، ژیان پێویستی بە– خۆڕاگری سپارتییەکان[٤٨] هەیە! گەلێک شت لە ناودڵم دا هەن کە ناتوانم بۆتی باس بکەم! من هەرگیز پێتم نەگوتووە، بەڵام من– باوکتم خۆشدەویست....

**تۆم** [*بەنەرمییەوە*]: دایە، ئەوە دەزانم.

**ئاماندا:** تۆش کاتێک دەبینم بەدوای ڕێچکەی ئەودا دەچیت! تا درەنگ لە دەرەوە دەمێنیتەوە – و– باشە، ئەو شەوەی لەو دۆخە بەربادەتا بوویت، تۆ خواردبووتەوە! لۆرا دەڵێت تۆ رقت لەو لاخانووەمان دەبێتەوە و تۆ شەوان دەچیتە دەرەوە تا لێی دوور بکەویتەوە! تۆم، ئەرێ ئەوە راستە؟

**تۆم:** نەخێر. تۆ دەڵێیت زۆر شت لە ناودڵتایە کە ناتوانیت بۆ منی باس بکەیت. منیش وام. زۆر شت لە ناو دڵی منیشدا هەیە کە ناتوانم بۆ تۆی باس بکەم! جا لێگەڕێ با ڕێزی شتەکانی یەکتر بگرین–

(٤٨) سپارتا شارێکی گریکی کۆنە و خەڵکی ئەوێ بەوە ناسراون یەکجار خۆڕاگرن. (وەرگێڕ)



**ئاماندا:** بەڵام، بۆچی– بۆچی، تۆم– تۆ هەمیشە ئەوەندە زۆر بێ ئارامیت؟ شەوان دەچیتە کوێ؟

**تۆم:** من– دەچمە سینەما.

**ئاماندا:** تۆم– بۆچی هێندە زۆر دەچیتە سینەما؟

**تۆم:** من دەچمە سینەما، چونکە– من حەزم لە گیانبازییە. گیانبازی شتێکە من لە کارەکەمدا زۆری تێدا نابینمەوە، جا بۆیە دەچمە سینەما.

**ئاماندا:** بەڵام، تۆم، تۆ هەر یەکجار زۆر دەچیتە سینەما.

**تۆم:** من حەزم لە گیانبازی زۆرە.

*[ئاماندا سەرلێشێواوە و دواتر ئازار دەچێژێت. کاتێک لێپێچانەوەکە دەست پێ دەکاتەوە، تۆم دیسان ڕەقەکار و بێ ئارام دەبێتەوە. ئاماندا‌ش دەخزێتەوە ناو هەڵوێستە شەڕانگێزانەکەی بەرامبەر ئەو.*

***نەخشی سەرشاشە: کەشتییەکی گەشتکەر کە ئاڵای "جۆڵی ڕۆجەرز"[٤٩]ی هەڵداوە.]***

**ئاماندا:** زۆربەی گەنجان گیانبازی لە ئیشەکانی خۆیاندا دەبیننەوە.

**تۆم:** جا زۆربەی گەنجان لە ناو کۆگا و گەنجینەکاندا کار ناکەن.

**ئاماندا:** دنیا پڕ مرۆڤی گەنجە کە لە ناو کۆگا و نووسینگە و کارگەکاندا کار دەکەن.

(٤٩) ئاڵای (جۆڵی ڕۆجەرز) ئاڵایەکی ڕەشە و کەللەسەرێکی سپی و ئێسکی تێکپەڕیووی تێیدایە. ئەم ئاڵایە لەلایەن چەتەکان وەکو هێمای تایبەت بەخۆیان بەکار دێت. (وەرگێڕ)

**تۆم:** ئایا هەموویان گیانبازی لە ناو ئیشەکانیاندا دەدۆزنەوە؟

**ئاماندا:** ئەوان دەیکەن و بەبێ ئەوەش هەر دەیکەن! هەموو کەسێک شێتی گیانبازی نییە.

**تۆم:** مرۆڤ بەوارِسک "غریزە" عاشقە، راوچییە، جەنگاوەرە و، هیچ یەکێک لەم وارِسکانە لە ناو کۆگادا بواری نەدراوە خۆ بخاتە گەڕ!

**ئاماندا:** مرۆڤ بەوارِسک! جارێکی تر باسی وارِسک بۆ من مەکە! وارِسک شتێکە خەڵکی لێیەوە دوور کەوتوونەتەوە! ئەوە تایبەتە بەئاژەڵانەوە! مرۆڤی پێگەیشتووی مەسیحی نایەوێت!

**تۆم:** دەی کەواتە مرۆڤی پێگەیشتووی مەسیحی چی دەوێت، دایە؟

**ئاماندا:** شتی باڵا! شتی مێشک و روح! تەنیا ئاژەڵان دەیانەوێت وارِسکەکانیان تێر بکەن! بەدڵنیاییی ئاواتەکانی تۆ هەندێک لە هی ئەوان بەرزترە! لە هی مەیمون- و بەرازان-

**تۆم:** وا بزانم وا نین.

**ئاماندا:** تۆ گاڵتە دەکەیت. بەهەرحاڵ، ئەمە ئەو مەسەلە نییە کە دەمویست لەگەڵت باس بکەم.

**تۆم** [*هەڵدەستێتەوە*]: کاتی زۆرم نییە.

**ئاماندا** [*پاڵ بەشانییەوە دەنێت*]: دانیشە.

**تۆم:** دایە، دەتەوێت لە کۆگادا مۆری سوورم پێوە بنێن؟

**ئاماندا:** تۆ پێنج خولەکت ماوە. دەمەوێت لەبارەی لۆراوە لەگەڵت بدوێم.

[***نەخشی سەرشاشە: "پلان و ئامادەکاری"*** ]



**تۆم:** زۆر باشە! لۆرا چییەتی؟

**ئاماندا:** پێویستە ئێمە هەندێک پلان و ئامادەکاری بۆ بکەین. ئەو دوو ساڵ لە تۆ گەورەترە و هیچ شتێکیش لەگۆڕێدا نییە. تەمەنی وا دەڕوات و هیچیش ناکات. زۆر خراپ ترسم لێ نیشتووە کە رێک هەر وا بڕوات.

**تۆم:** وا بزانم ئەو لەو جۆرە کچانەیە کە پێی دەگوترێت کچی ناوماڵێ.

**ئاماندا:** جۆری وا نییە، ئەگەر هەشبێت، ئەوە بەدبەختییە! مەگەر ماڵەکە هی خۆی بێت، لەگەڵ مێردەکەشی!

**تۆم:** چی؟

**ئاماندا:** من وا بەڕوونی چارەنووسەکە لە سەر دیواری ماڵ دەبینم وەک چۆن لووتی خۆم لە پێشەوەی دەموچاوم دەبینم! ئەمە تۆقێنەرە! تۆ زێتر و زێتر باوکتم دێنیتەوە یاد! ئەو هەموو کاتێک بەبێ هیچ روونکردنەوەیەک دەچووە دەرەوە!- ئینجا رۆیشت! خواحافیز! منیش دەبێ بارەکەی بۆ هەڵگرم. من ئەو نامەیەم بینی کە لە بازرگانی دەریاوە پێت گەیشتبوو. من دەزانم خەون بەچییەوە دەبینیت. من لێرە بەچاوبەستراوەیی نەوەستاوم. ئینجا، زۆر باشە. دە کەواتە بیکە! بەڵام نەک پێش ئەوەی کەسێک بێتە جێگەت.

**تۆم:** مەبەستت لە چییە؟

**ئاماندا:** مەبەستم ئەوەیە کاتێک لۆرا کەسێکی هەبێت ئاگای لێ بێت، مێردی کرد بێت، ماڵێکی خۆی، سەربەخۆ- بۆچی، ئەوسا تۆ ئازادیت بچیتە هەر شوێنێک، لەسەر وشکانی، لە ناو دەریادا، بایەکە بۆ کوێت دەبات با بتبا!

بەڵام تا ئەوسا لەسەرتە ئاگەداری خوشکت بیت. من ناڵێم، چونکە من پیرم و گرینگیش نییە! من دەڵێم بۆ خوشکت، چونکە ئەو گەنجە و سەربەخۆ نییە.

من لە کۆلێژی ئیش و کار دامنا– تێکەوتنێکی پڕ کوێرەوەری! ئەمەش ترساندی و وای لێ کرد گەدەی تێک هەڵبێت.

من ئەوم نارد بۆ ناو "کۆمەڵەی گەنجان" لە کلێسا. تێکەوتنێکی بەربادی تر. ئەو لەگەڵ کەس نەدەدوا، کەسیش ئەوی نەدەدواند. ئێستا هەموو ئەوەی خەریکیەتی خۆ خافڵاندنە بەو پارچە شووشانە و ئەو قەوانە کۆنانەوە. چ جۆرە ژیانێک لە بەردەم کچێکی ئاوادا هەیە؟

**تۆم:** من لەبارەی ئەوەوە چیم پێ دەکرێت؟

**ئاماندا:** بەسەر خۆپەرستی خۆتدا زاڵ بە!

خۆت، خۆت هەموو ئەو شتەیە کە بەردەوام بیری لێ دەکەیتەوە؟

[***تۆم هەڵدەبەزێتەوە و بۆ لای چاکەتەکەی دەچێت. چاکەتەکە ناشیرین و فشوفۆڵە. ئەو شەپقەیەکی گوێچکەوانەدار لەسەر دەکات.***]

کوانی ملپێچەکەت؟ ملپێچە خوریەکەت لەبەر بکە!

[*بەتوڕەییەوە ملپێچەکە لە کانتۆرەکە ڕادەپسکێنێت و لە ملی خۆی دەئاڵێنێت و هەردووسەری تووند ڕادەکێشێت.*] تۆم، ئەوەی لە ناو مێشکمدا بوو لێتی داوا بکەم هێشتا نەمگوتووە.

**تۆم:** من یەگجار درەنگمە بۆ–

**ئاماندا** [*باسکی دەگرێت– زۆر بەمکوورییەوە. ئینجا بەشەرمەوە*]: تۆم، لە کۆگاکەدا، ئەرێ هیچ– گەنجێک نییە؟



**تۆم:** نەخێر!

**ئاماندا:** دەبێ هەبێت– هەندێک....

**تۆم:** دایە

[***گرێشمەکردن.*** ]

**ئاماندا:** یەکێکی وا بدۆزەوە کە مرۆڤێکی خاوێن بێت– نەخواتەوە – بانگهێشتی ئێرەی بکە بۆ خوشکت!

**تۆم:** چی؟

**ئاماندا:** بۆ خوشکت! بیبینێت! بیناسێت!

**تۆم** [*بەتووندی بەرەو دەرگە دەچێت*]: ئۆه، خوایە!

**ئاماندا:** وا دەکەیت؟ [*تۆم دەرگە دەکاتەوە، بەپاڕانەوەوە.*] وا دەکەیت؟ [*دەچێتەخوارەوە.*] وا دەکەیت؟ گیانەکەم، وا دەکەیت؟

**تۆم** [*هاوار دەکات*] بەڵێ!

[***ئاماندا بەدوودڵی و دەربڕینێکی ئازاراوی، بەڵام کەمێک ئومێدبەخشانەوە دەرگەکە دادەخاتەوە.***

***نەخشی سەرشاشە: بەرگی گۆڤاری بریسکە. ڕووناکی لەسەر ئاماندایە کاتێک لەسەر تەلەفۆنە.***]

**ئاماندا:** ئێلا کارترایت؟ ئەمە ئاماندا وینگفیڵدە! چۆنیت، گیان؟

بارودۆخی گورچیلەت چۆنە؟

[*تا پێنج بژمێرە.* ]

بەربادە!

[*تا پێنج بژمێرە.* ]

تۆ شەهیدێکی مەسیحیت، بەڵێ، گیانەکەم، تۆ ئاوایت، شەهیدێکی مەسیحیت.

باشە، من هەر ئێستا لە دەفتەرە سوورە بچووکەکەمدا بینیم کە ئابوونەی بەشداریکردنت لە "رابەر" دا تەواو بووە! من دەزانم تۆ ناتەوێت ئەو زنجیرە دڵڕفێنەی کە لەو ژمارەیەدا دەست پێ دەکات لەدەست بدەیت. هی "بێیسی مای هۆپەر" ە و یەکەمین شتە لەوەتەی "مانگی هەنگوین بۆ هەرسێکیان" نووسیوویەتی.

ئەرێ ئەو نووسینە سەیر و خۆش نەبوو؟ باشە، وا بزانم ئەمەیان هێشتا خۆشتریشە. ئەمەیان زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزی هەیە. هەرهەمووی لەبارەی خەڵکی سوارئەسپی "دوورگەی درێژە"(٥٠).

**تاریک دادێت**

(٥٠) (دوورگەی درێژ) کۆمەڵگەیەکی دەوڵەمەند و خۆشگوزەرانە. خەڵکەکەی ئەوێ زۆر مەراقی سوارئەسپین. ئەم شوێنە رێک لە دەرەوەی شاری نیۆیۆرکە. (وەرگێڕ)



## دیمەنی پێنجەم

***نەخشی سەرشاشە: "مزگێنی پێدان"***

***لەگەڵ مۆسیقادا تاریک دادێت.***

[*زەردەپەڕێکی زووی ئێوارەیەکی بەهارییە. هەر ئێستا نانی شێوان لە ناو لاخانووەکەی وینگفیلد تەواو بووە. ئاماندا و لۆرا کە جلی رەنگ کراوەیان لەبەردایە خەریکی ئەوەن قاپوقاچاغی سەرمێزەکە لابەن، لەلای سەرەوەی شانۆدا، کە تاریکە، جوولەکانیان نزیکەی شێوەی سەما یان سرووتی بەخۆوە گرتووە، شێوەی جوولەکانیان وەکو شێوەجوولەی پەروانە کاڵ و بێدەنگە. تۆم لەکراس و پانتۆڵێکی سپیدایە، لەسەر مێزەکە هەڵدەستێتەوە و بەرەو ئاگردانەکە دەچێت.*]

**ئاماندا** [کە *بەلایدا تێ* دەپەڕێت]: کوڕم، چاکەیەکم لەگەڵ دەکەیت؟

**تۆم:** چییە؟

**ئاماندا:** پرچت دابهێنە! تۆ زۆر قۆزیت کە پرچت دادەهێنیت! [تۆم *بەماندووییەوە لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێت و رۆژنامەی ئێوارەی لەدەستە. سەردێرێکی گەورە "فرانکۆ سەردەکەوێت"*(٥١).] یەک لایەن هەیە کە من پێم خۆشە لە

(٥١) ئەمە ئاماژەیە بۆ سەرکەوتنی فرانکۆ (١٨٩٢-١٩٧٥) کە سەرکردایەتی نەتەوەپەرستەکانی دەکرد لە دژی کۆماریخوازان لە کاتی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیادا (١٩٣٦) کرایە سەرۆک دەوڵەت . (وەرگێڕ)

باوکت باشتر بیت.

**تۆم:** ئەو لایەنە کامەیە؟

**ئاماندا:** باوکت هەمیشە ئاگای لە شێوەی خۆی بوو. ئەو هەرگیز لێنەدەگەڕا شڕوشپڕێو دەرکەوێت. [تۆم *ڕۆژنامەکە فڕێ دەدات و بەرەو لای ئاگردانەکە دەچێت*.] ئەوە بۆ کوێ دەچیت؟

**تۆم:** دەچمە دەرەوە جگەرە دەکێشم.

**ئاماندا:** تۆ زۆر جگەرە دەکێشیت. ڕۆژانە پاکەتێکی پازدە سەنتی دەکێشیت. ئەرێ مانگێ پارەکەی دەکاتە چەند؟ تۆم، سی جاران پازدە دەکاتە چەند؟ لێکی بدەرەوە و تۆ سەرت لەوە سوڕدەمێنێت کە دەتتوانی چەند پاشەکەوت بکەیت. بەشی ئەوە دەکات کۆرسێکی ژمێریاری لە زانکۆی واشنتۆن وەربگریت! کوڕم تەنیا بیر لەوە بکەوە ئەمە چ شتێکی دڵگیر دەبێت بۆ تۆ!

[بیرۆکەکە تۆم *ناجوولێنێت*.]

**تۆم:** من پێم خۆشترە جگەرەکە بکێشم. [*ئەو پێ دەخاتە دەرەوە بۆ سەر بەرپەیژەکە، لێ دەگەڕێت دەرگە ناوبڕەکە شریقەی لێوە بێت*.]

**ئاماندا** [*بەتووندی*]: من دەزانم! ئەمە تراژیدیاکەی ئەو... [*بەتەنیایە، روو وەردەگێڕێت بۆ ڕوانینە وێنەی مێردەکەی*.]

[ ***مۆسیقای سەما: "هەموو دنیا چاوەڕوانی خۆرهەڵاتنە!"*** ]

**تۆم** [*بۆ بینەران*]: لەوبەری کۆڵانەکەی ئێمەوە هۆڵی سەمای بەهەشت هەبوو. ئێوارانی بەهاران دەرگە و پەنجەرەکان دەکرانەوە و مۆسیقاکە دەهاتە دەرەوە. هەندێک جار ڕووناکی دەکوژایەوە و جگە لە گۆیەکی شووشەییی خڕ کە لە بنمیچەکە خرابوو و



دەسووڕایەوە هیچی تر نەبوو. بەهێواشی بەدەوری خۆی دەسووڕایەوە و زەردەپەڕی ئێوارانی دەگۆڕییە سەر ڕەنگی ناسکی پەلکەزێڕینەیی. ئینجا تیپی مۆسیقایەکە ئاوازی ڤاڵس یان تانگۆی لێ دەدا، شتێکی وا بوو کە ڕەوتێکی هێواش و هەستبزوێنی هەبوو. جووتە عاشقەکان دەهاتنە دەرەوە، بۆ ناو چۆلایی ڕێژەییی کۆڵانەکە. دەتتوانی بیانبینیت کە یەکتریان ماچ دەکرد لە پشت قۆرتی سەرەنوێڵکان و دارتەلەفۆنەکان.

ئەمانە قەرەبووکردنەوەی ئەو ژیانانە بوون کە دۆڕاون وەکو هی من، کە بەبێ گۆڕان یان گیانبازی بوون.

گۆڕان و گیانبازی ئەو ساڵە خەریک بوو بقەومێت. ئەوان لەوسەری سووچەکەوە چاوەڕێی ئەوە بوون بۆ هەموو مناڵەکان بێتە دی.

لە ناو تەمومژی سەر "بریختسگادن"[٥٢] هەڵواسرابوو، لە ناو قەدەکانی "سەیوانی چامبەرلێین"[٥٣] گیری خواردبوو–

لە ئیسپانیادا "جێرنیکا" هەبوو!

بەڵام لێرە تەنیا مۆسیقای گەرمی خۆبادان و ئارەق، هۆڵەکانی

(٥٢) (بریختسگادن) شارۆچکەیەکی کۆنە لە ناوچەی باڤاریای ئەڵمانیای رۆژئاوا کە هیتلەر ڤیلایەکەی خۆی لەوێ دروست کردبوو . هەر لەوێوەش کاروباری رامیاری خۆی بەڕێوە دەبرد . (وەرگێڕ)

(٥٣) (نێڤیڵ چامبەرلێین) سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بوو لە (١٩٣٧–١٩٤٠) توانی ئاشتی لەو سەردەمەدا مسۆگەر بکات بە چوونەپاڵ پەیمانی میونیخ (١٩٣٨) کە بەو گوێرەیە بەریتانیا بە داواکاری هیتلەر قایل بوو لەبارەی ناوچەکانی ئەورووپادا . ئەو هەرجارێک دەربکەوتایە ، هەمیشە سەیوانێکی پێ بوو کە ئەمە بووبووە نیشانەی ئەو . (وەرگێڕ)

سـەمـا، بارەکـان، و سـینەمـاکـان و سـێکسکاری کـە وەکـو ئاوێزەیەک لە نـاو ئەو تاریکییــەدا هـەڵواســرابوو و دنیــاشی پڕکردبوو لە پەلکەزێڕینەی کورتخایەنی فریوودەر....

هەموو دنیا چاوەڕوانی بۆردومان بوو!

[***ئاماندا لە وێنەکە روو وەردەگێڕێت و دێتە دەرەوە.*** ]

**ئامــاندا** [*هەنـاســە هەڵدەکـێـشـێت*]: ســەرپەیژەی دەربازبوون لە ئاگــرکـــەوتنەوە بیـــانووێکی هـەژارانەیە بۆ بوونی بـانێــژە. [*رۆژنامەیەک لەسەر پلیکانەیەک رادەخات و بەرێکی و بەهێمنی دادەنیــشــێت وەکـو ئەوەی لەســـەر بـەرهـەیوانێکی نـاوچەی میسیسپی دانیشتبێت.*] تۆ سەیری چی دەکەیت؟

**تۆم:** مانگەکە.

**ئاماندا:** ئەرێ ئەم ئێوارەیە مانگ بەدەرەوەیە؟

**تۆم:** وا بەســەر کــارگــەی خـواردەمــەنی نـاسکی "گــارفـینکڵ" بەرز دەبێتەوە.

**ئاماندا:** ئا وایە! لەتە مانگێکی زیوینی بچووکە. ئەرێ هیچ مرازێکت خستووەتە دڵتەوە کە سەیری دەکەیت؟

**تۆم:** ئەم– هەم.

**ئاماندا:** مرازی چیت خواست؟

**تۆم:** ئەمەیان نهێنییە.

**ئاماندا:** نهێنییە، ها؟ باشە، منیش هی خۆمت پێ ناڵێم. منیش رێک وەکو تۆ نهێنگیر دەبم.

**تۆم:** مەرجت لەگەڵدا دەکەم کە دەزانم هی تۆ چییە؟



**ئاماندا:** ئایا سەری من هێندە روون و ئاشکرایە؟

**تۆم:** خۆ تۆ "سفینکس"(٥٤) نیت.

**ئاماندا:** نەخێر، من نهێنیم نییە. من پێت دەڵێم مرازی چیم لە مانگ خواست. سەرکەوتن و بەختەوەری بۆ منداڵە هێژایەکانم! هەر کاتێک مانگ بەدەرەوە بێت من ئەو مرازەیان بۆ دەخوازم، کاتێک بەدەریشەوە نەبێت، هەر ئەو مرازەیان بۆ دەخوازم.

**تۆم:** وا بزانم رەنگە تۆ مرازی خوازبێنیکەرێکی خانەدانت خواستبێت.

**ئاماندا:** لەبەرچی وا دەڵێیت؟

**تۆم:** لە بیرتە کە پێت گوتم یەکێک بهێنم.

**ئاماندا:** لە بیرمە کە پێشنیازی ئەوەم کرد کە بۆ خوشکت شتێکی خۆشە ئەگەر گەنجێکی چاک لە گەنجینەکەوە لەگەڵ خۆت بهێنیتە ماڵەوە. وا بزانم من زیاتر لە جارێک ئەو پێشنیازەم بۆ کردیت.

**تۆم:** بەڵێ تۆ جار لە دوای جار ئەو پێشنیازەت کردووە.

**ئاماندا:** ئێ باشە؟

**تۆم:** ئێمە بەنیازین یەکێک بێتە لامان.

**ئاماندا:** چی؟

**تۆم:** خوازبێنیکەرێکی خانەدان!

[ ***مزگێنییەکە بەمۆسیقا پێشوازی دەکرێت*** ]

---

(٥٤) لە ئەفسانەی گریکیدا (سفینکس) دڕنجێک بوو کە پرسیاری زۆر رازاوی و کەس نەزانی دەکرد و ئەگەر هەڵیان نەهێنابووایە لە ناوی دەبردن . (وەرگێڕ)

***ئاماندا هەڵدەستێتەوە.***

***نەخشی سەر شاشەکە: خوازبێنیکەرێک بەچەپکێ گوڵەوە.]***

**ئاماندا:** مەبەستت وایە بڵێیت تۆ گەنجێکی باشت بۆ ماڵەوە بانگێشت کردووە؟

**تۆم:** بەڵێ. داوام لێی کردووە نانی ئێوارەمان لەگەڵ بخوات.

**ئاماندا:** هەر بەراستی وات کردووە؟

**تۆم:** وام کردووە.

**ئاماندا:** وات کرد و ئەویش– قایل بوو؟

**تۆم:** قایل بوو.

**ئاماندا:** چاکە، چاکە– چاکە! ئەمە– نازدارە!

**تۆم:** وام بیر کردەوە تۆ پێت خۆش دەبێت.

**ئاماندا:** کەواتە بەدڵنیاییەوەیە؟

**تۆم:** زۆر بەدڵنیاییەوە.

**ئاماندا:** هەر زوو دێت؟

**تۆم:** یەکجار زوو.

**ئاماندا:** بۆ خاتری خوا واز لەو خۆلادانانەت بهێنە و هەندێک شتم پێ بڵێ، وا دەکەیت؟

**تۆم:** تۆ چ شتێکت لە من دەوێت پێت بڵێم؟

**ئاماندا:** بەئاسایی دەمەوێت بزانم ئەو کەی دێت؟

**تۆم:** ئەو سبەی دێت.

**ئاماندا:** سبەی؟

**تۆم:** بەڵێ. سبەی.

**ئاماندا:** بەڵام، تۆم!



**تۆم:** بەڵێ، دایە؟

**ئاماندا:** تا سبەی هیچ کاتم بەدەستەوە نەماوە!

**تۆم:** کات بۆ چی؟

**ئاماندا:** ئامادەکاری! بۆچی تۆ یەکسەر تەلەفۆنت بۆم نەکرد، هەرکە داوات لێی کرد، ئەو ساتەی ئەو قایل بوو؟ ئینجا، تۆ نابینیت ئەوسا من دەمتوانی ئامادە بم!

**تۆم:** پێویست ناکات تۆ هیچ هەرایەک بەرپا بکەیت.

**ئاماندا:** ئۆه، تۆم، تۆم، تۆم، بێگومان دەبێ هەرا بەرپا بکەم! من دەمەوێت شتەکان بەباشی بڕۆن، نەک بەگرێ و قۆرت! هەر ئاوا فرێ نەدرێنە سەریەکتری. بەدڵنیاییەوە دەبێت من هەندێک بەخێرایی بیر بکەمەوە، وا نییە؟

**تۆم:** من نازانم بۆچی تۆ دەبێت هەر بیر لەوە بکەیتەوە.

**ئاماندا:** تۆ هەر نایزانیت. ناکرێ خوازبێنیکەرێکی خانەدان بێنینە ناو گەوری بەرازان! هەموو زیووەکانی بووکێنیم دەبێت بەباقوبریق بخرێنەوە، سەرپۆشە کەتانییە بەناو نەخشێنراوەکە پێویستە بشورێت و ئوتوو بکرێت! پەنجەرەکان دەبێت بشۆردرێن و پەردەی خاوێنیان پێوە بخرێت. ئەدی دەربارەی جل و بەرگ چ دەڵێیت؟ ئێمە دەبێت شتێک لەبەربکەین، وا نییە؟

**تۆم:** دایە ئەو کوڕە لەوانە نییە ئەم هەڵایەی بۆ بەرپا بکەیت!

**ئاماندا:** تۆ ئەوە دەزانیت کە ئەم یەکەمین گەنجە ئێمە لەگەڵ خوشکت پێکیان دەناسێنین؟ شتێکی بەرباد، ترسناک و ئابڕووبەرە کە ئەو خوشکە بچووکە بەسەزمانە هەرگیز خوازبێنیکەرێکی خانەدانی بۆ نەهاتووە! تۆم، وەرە ناوەوە! [*ئاماندا* دەرگە

*ناوبڕەکە دەکاتەوە.*]

**تۆم:** بۆچی بێم؟

**ئاماندا:** دەمەوێت هەندێک شتت لێ بپرسم.

**تۆم:** ئەگەر تۆ ئەو هەڵایە بکەیت، من هەڵی دەوەشێنەمەوە، پێی دەڵێم نەیەت!

**ئاماندا:** بەدڵنیاییەوە تۆ شتی وا ناکەیت. هیچ شتێک بەقەد تێکدانی مەوعید خەڵکی بریندار ناکات. ئەمەش مانای وایە کە من دەبێت وەکو کەسێکی تورک کار بکەم! ئێمە زۆر زرنگ نابین بەڵام لەو ئەزموونە دەردەچین. وەرە ناوەوە. [*تۆم بەمەڕەمەڕ بەدوای دەکەوێت.*] دانیشە.

**تۆم:** دەتەوێت لە شوێنێکی تایبەتی دانیشم؟

**ئاماندا:** سوپاس بۆ خوا کە ئەو قەنەفە نوێیەم هەیە! بەشە پارەی ئەو چلچرایەی سەرزەویش دەدەم کە من داوام کردووە! هەروا پارچە قوماشێکی نەخشێنراوی بەسەردا دەدەم کە شتەکە بەورشە دەخات! بەدڵنیاییەوە هیوادار بووم ئەو دیوارانەش کاغەزی نوێیان لێ بدرابووایەوە.... ناوی گەنجەکە چییە؟

**تۆم:** ناوی ئۆکۆنەرە.

**ئاماندا:** ئەمەش، هەڵبەتە واتە، ماسی، چونکە سبەی هەینییە[٥٥]! من

(٥٥) لەناوی ئۆکنەرەوە دیارە کە بنەچەکەکەی ئێرلەندییە و زۆربەی ئێرلەندیەکانیش لەسەر ڕێبازی کاسۆلیکن، بۆیە تا ئەم دواییانەش ئەوە نەریت بوو لەلای کاسۆلیکەکان کە ڕۆژانی هەینی گۆشتی ئاژەڵ نەخۆن و ئەمەش لە ڕۆژووگرتنی حەزرەتی مەسیح خۆیەوە هاتووە . (وەرگێڕ)



نانی سەلەمۆن و- ساسی "دۆرکی"[٥٦] ئامادە دەکەم! ئەو چ کارەیە؟ ئەویش لە کۆگادا کار دەکات؟

**تۆم:** بەدڵنیایی وایە، ئەگینا چۆن من دەمتوانی-

**ئاماندا:** تۆم، ئەو- ناخواتەوە؟

**تۆم:** بۆچی ئەوە لە من دەپرسیت؟

**ئاماندا:** باوکت دەیخواردەوە.

**تۆم:** لەمەوە دەست پێ مەکە!

**ئاماندا:** کەواتە، مسۆگەر دەخواتەوە؟

**تۆم:** من ئەوە نازانم!

**ئاماندا:** دڵنیا بە، مسۆگەر بکە! دوا شتێک کە من بۆ کچەکەم بمەوێت کوڕێکە بخواتەوە!

**تۆم:** ئەرێ تۆ کەمێک بەپێش شتان نەکەوتوویت؟ هێشتا مستەر "ئۆکۆنەر" هەر لە هیچ شوێنێکیش دیار نییە!

**ئاماندا:** بەڵام سبەی دەردەکەوێت. خوشکت ببینێت، جا من چی لەبارەی کەسێتی ئەوەوە دەزانم؟ هیچ! کچی قەیرە زۆر باشترن لەوانەی مێردەکانیان دەخۆنەوە!

**تۆم:** ئۆی، خوای من!

**ئاماندا:** هێمن بە!

**تۆم** [*بۆ چرپاندن بەرەوپێشەوە خۆدەچەمێنێتەوە*]: زۆر کەس هەن کچان دەبینن و ناشیان خوازن!

**ئاماندا:** ئۆهـ، ژیرانە بدوێ، تۆم- گاڵتەجاڕانە مەبە!

[*فلچەیەکی قژداهێنانی پێیە.*]

(٥٦) ناوی بازرگانی جۆرە ساسێکی زۆر بەناوبانگە . (وەرگێڕ)

**تۆم:** ئەوە تۆ چی دەکەیت؟

**ئاماندا:** من ئەو قژە پێکەوەنووساوەت بۆ دادەهێنم! پلەوپایەی ئەو گەنجە لە کۆگادا چییە؟

**تۆم** [*بەرِەقی خوو دەداتە قژداهێنان و لێپرسینەوە*]: پلەوپایەی ئەم گەنجە لەوێ بەرپرسیاری بارکردنە، دایە.

**ئاماندا:** لەلای من وا دەردەکەوێت کە پایەیەکی تا رادەیەک بەبەرپرسیارێتییە، ئەو پلەیەی کە تۆ پێی دەگەیشتیت ئەگەر تۆ زووتر لە خەو هەڵسابایت. مووچەکەی چەندە؟ هیچ لەوبارەیەوە دەزانیت؟

**تۆم:** دەتوانم وا مەزەندەی بکەم کە نزیکەی هەشتا و پێنج دۆلار مانگانەکەیەتی.

**ئاماندا:** باشە، شازادانە نییە، بەڵام–

**تۆم:** بیست دۆلاری لە هی من زیاترە.

**ئاماندا:** بەڵێ، چەند باش دەیزانم! بەڵام بۆ پیاوی خێزاندار، هەشتا و پێنج دۆلار لە مانگێکدا زۆر زیاتر نییە لەوەی کە تۆ دەتوانیت بەدەستی بهێنیت تەنیا بە–

**تۆم:** بەڵێ، بەڵام مستەر "ئۆکۆنەر" پیاوێکی خێزاندار نییە.

**ئاماندا:** لەوانەیە ببێت، وا نییە؟ رۆژێک لە داهاتوودا؟

**تۆم:** تێگەیشتم. پلان و ئامادەکاری.

**ئاماندا:** تۆ تاقە گەنجێکیت بتناسم کە ئەو راستییە پشتگوێ بخات کە داهاتوو دەبێتە ئێستا و ئێستا دەبێتە رابردوو و رابردووش دەبێتە پەشیمانییەکی هەتا هەتایە ئەگەر پلانی بۆ دانەنێیت!



**تۆم:** من بیر لەوە دەکەمەوە و بزانم دەتوانم چی لەو بارەیەوە بکەم.

**ئاماندا:** بەبێباکییەوە بەسووکی لەگەڵ دایکت رەفتار مەکە! شتی ترم لەبارەی ئەوەوە پێ بڵێ تۆ بەچ ناوێک بانگی ئەو دەکەیت؟

**تۆم:** جێمس د. ئۆکۆنەر. د. لەجیاتی دیلانییە.

**ئاماندا:** لە هەردوو لاوە ئایرلەندییە! *سوپاس خوایە*! ناخواتەوە؟

**تۆم:** ئەرێ تەلەفۆنی بۆ بکەم و هەر ئەو چرکەیە لێی بپرسم؟

**ئاماندا:** تاکە رێگە بۆ دۆزینەوەی شتی ئاوەها ئەوەیە لێپێچانەوەیەکی وریا لە کاتی خۆیدا بکرێت. کاتێک من لە "چیای شین" دا کیژ بووم و گومانی ئەوەمان هەبوایە کە گەنجێک دەخواتەوە، ئەو کیژەی کە سەرنجی راکێشابوو، هەر کیژێک بووایە، هەندێک جار دەچوو لە قەشەی کڵێساکەی دەپرسی، یان لە باوکی خۆی دەپرسی ئەگەر باوکی بمابووایە، دەچوو تا بزانێت ئەو گەنجە لە رووی کەسایەتییەوە چ جۆرە پیاوێکە. ئەمە ئەو رێگەیەیە کە بەوریاییەوە چارەسەری بۆ ئەوە دەدۆزیتەوە کە ژنێکی گەنج هەڵەیەکی تراژیدی نەکات!

**تۆم:** ئەدی چۆن بوو وا رووی دا تۆ هەڵەیەکی تراژیدی بکەیت!

**ئاماندا:** ئەو روخسارە بەسەرزمانانەی باوکت هەموو کەسێکی خڵەتاندبوو! ئەو بزەیەکی دەکرد– هەموو دنیای *سیحرباران* دەکرد! هیچ کچێک لەوە خراپتری پێ ناکرێت کە خۆی دەخاتە بەر بەزەیی روخسارێکی قۆز! هیوادارم مستەر "ئۆکۆنەر" یەگجار قۆز نەبێت.

**تۆم:** نەخێر، یەگجار قۆز نییە. دەموچاوی هەمووی پەڵە و لەکەیە و هەر ئەوەتا کەپووی هەیە.

**ئاماندا:** خۆ لەگەڵ ئەوەشدا، بەتەواوی ناشیرین نییە؟

**تۆم:** بەتەواوی ناشیرین نییە. من دەڵێم، بەڵام نیمچە ناشیرینە.

**ئاماندا:** کەسایەتی ئەو شتەیە کە پێویستە لە پیاودا هەبێت.

**تۆم:** دایە، هەر ئەوەیە کە من هەمیشە گوتوومە.

**ئاماندا:** تۆ هەرگیز شتی وات نەگوتووە و من گومان دەکەم تۆ هەرگیز گوێشت بەمە دابێت.

**تۆم:** هێندە لە من بەگومان مەبە.

**ئاماندا:** بەلای کەمەوە هیوادارم ئەو لەو جۆرە بێت کە ئێمە حەزمان لێیەتی.

**تۆم:** وا بزانم ئەو بەڕاستی بەرێوەیە بۆ گۆڕان.

**ئاماندا:** چ هۆیەک هەیە وات لێ بکات وا بیر بکەیتەوە.

**تۆم:** ئەو دەچێتە خوێندنگەی شەوان.

**ئاماندا** [دەگەشێتەوە] دڵگیرە! ئەو چی دەکات، مەبەستمە چ دەخوێنێت؟

**تۆم:** ئەندازەی رادیۆیی و وتاربێژی گشتی!

**ئاماندا:** کەواتە ئەو روانینی ئەوەی هەیە لە دنیادا پێشکەوێت! هەر گەنجێک وتاربێژی گشتی بخوێنێت ئامانجی ئەوەیە رۆژێک پلەوپایەیەکی راپەڕاندن وەربگرێت! هەروەها ئەندازەی رادیۆیی؟ شتێکە بۆ دوارۆژ!

هەردووک ئەو راستیانە رێ نیشاندەرن. ئەوانە ئەو جۆرە شتانەن کە دەبێت دایک دەربارەی هەر گەنجێک بیزانێت کە بێتە خوازبێنی کچەکەی. بەراستی بێت یان- نا.



**تۆم:** یەک تاقە وریاکردنەوە. ئەو دەربارەی لۆرا هیچ نازانێت. من دەربارەی هاندەرە شاراوە تاریکەکەی خۆمانم پێی نەگوتووە. من بەسادەیی پێم گوت، بۆچ نایەیت و نانی ئێوارە لەگەڵ ئێمە بخۆیت؟ ئەویش گوتی باشە و ئەمەش هەموو وتووێژەکە بوو.

**ئاماندا:** مەرج دەکەم وابوو! تۆ زۆر روونبێژیت وەکو گوێچکەی ماسی وایت. بەهەرحاڵ، کاتێک دێتە ئێرە دەربارەی لۆرا دەزانێت، کاتێک ئەوە دەبینێت کە لۆرا چەند خۆش و شیرین و جوانە، ئەو سوپاسی بەختی خۆی دەکات کە داوای لێکرا بێتە نانخواردنی ئێوارە.

**تۆم:** دایە، نابێت تۆ شتی زۆر لە لۆراوە چاوەڕوان بکەیت؟

**ئاماندا:** مەبەستت چییە؟

**تۆم:** لۆرا لەلای من و تۆ ئەو هەموو شتانە دەنوێنێت، چونکە ئەو هی خۆمانە و ئێمە خۆشمان دەوێت. ئێمە تەنانەت چی تر هەست بەوەش ناکەین کە شەلە.

**ئاماندا:** نەڵێیت شەل! تۆ دەزانیت من هەرگیز لێناگەڕێم ئەو وشەیە بەکار بێت!

**تۆم:** بەڵام دایە، رووبەڕووی راستییەکان ببەوە. ئەو وایە و- ئەمەش هەمووی نییە -

**ئاماندا:** مەبەستت چییە کە دەڵێیت "هەمووی نییە"؟

**تۆم:** لۆرا زۆر لە کچانی تر جیایە.

**ئاماندا:** وا بزانم جیاوازییەکە هەمووی لە بەرژەوەندی ئەودایە.

**تۆم:** نەک هەرهەمووی- لە بەرچاوی خەڵکی- بێگانە- ئەو یەگجار

شــەرمنــە و لە دنیــای خــۆیدا دەژیت و ئەو شــتــانـەش وای لێ دەکـات کـەمـێک ســەیر دەرکـەوێت لەلای خـەڵکی دەرەوەی ئەم ماڵە.

**ئاماندا:** مەڵێ سەیر!

**تۆم:** رووبەڕووی راستییەکان ببەوە. ئەو وایە.

[***مۆسیقای سەماخانەکە دەگۆڕێت بۆ تانگۆ کە تۆنێکی ماینەری هەیە و تۆنەکەی هەندێک بەدیوومە.***]

**ئاماندا:** دەکرێ بپرسم ئەو لەچ رووێکەوە سەیرە؟

**تۆم** [*بەنەرمی*]: دایە، ئەو لە ناو دنیای خۆیدا دەژیت- دنیای- شتە جوانە شووشەییە بچووکەکان.... [*هەڵدەستێتەوە. ئاماندا هەر فڵچەکەی بەدەستەوەیە، سەیری ئەو دەکات، نائاسوودەیە.*] ئەو کۆنە قەوانەکان لێ دەداتەوە و- هەموو ئەوانەش دەربارەی - [*ئەو لە نەینۆکەکە تەماشای خۆی دەکات و بەرەو دەرگەکە دەچێت.*]

**ئاماندا** [*بەتووندی*]: دەچیتە کوێ؟

**تۆم:** دەچمە سینەما. [*لە دەرەوەی دەرگە ناوبڕەکەیە.*]

**ئاماندا:** ناچیتە سینەما، هەموو شەوێک هەر سینەما! [*بەپەلە بۆ لای دەرگە ناوبڕەکە بەدوای دەکەوێت.*] من باوەڕ ناکەم هەموو شەوێک بچیتە سینەما! [*ئەو رۆیشتووە. ئاماندا بۆ تاوێک بەنیگەرانییەوە تەماشای دوای ئەو دەکات. ئینجا هێز و گەشبینی بۆ دەگەڕێتەوە و لەلای دەرگەکەوە دەسوڕێتەوە. دەچێتە لای پەردەکانەوە.*] لۆرا! لۆرا! [*لۆرا لە ناندینۆکەکەوە وەڵام دەداتەوە.*]



**لۆرا:** بەڵێ، دایە.

**ئاماندا:** واز لەم قاپانە بهێنە و وەرە پێشەوە! [***لۆرا بەخاولی قاپ وشککردنەوەوە دێت. بەخۆشییەوە.***] لۆرا وەرە ئێرە و مرازێک لە مانگ بخوازە!

[***وێنەی سەرشاشەکە: مانگ***]

**لۆرا** [دێتەژوور]: ئەی مانگ- ئەی مانگ؟

**ئاماندا:** ئەی لەتە بچووکە زیوینەکەی مانگ.

لۆرا، بەسەرشانی چەپتەوە بڕوانە مانگ و مرازێک بخە دڵتەوە!

[*لۆرا لەوە دەکات کەمێک واقی وڕما بێت وەک بڵێی لە خەوەوە واگا هێنراوەتەوە. ئاماندا شانەکانی دەگرێت و بەرەو گۆشەیەکی دەرگەکە دەیسوڕێنێت.*]

ئێستا!

گیانەکەم، ئێستا مراز لە دڵت بگرە!

**لۆرا:** دایە، من مرازی چی بخوازم؟

**ئاماندا** [*دەنگی دەلەرزێت و لەپڕ چاوەکانی پڕ فرمێسک دەبن*]:

بەختەوەری! بەختی چاک!

[*دەنگی کەمانجەکە بەرز دەبێتەوە و سەرشانۆ تاریک دادێت.*]

**پەردە دادەدرێتەوە**

# ديمەنی شەشەم

[وێنە: *پاڵەوانی خوێندنگەی ئامادەیی.*]

**تۆم:** جا ئێوارەی داهاتوو من "جیم"م بۆ نانی ئێوارە هێنایە ماڵەوە. من لە خوێندنگەی ئامادەیی کەمێک "جیم"م دەناسی. لە خوێندنگەی ئامادەییدا "جیم" پاڵەوان بوو. ئەو سروشت و گورج و گۆڵییەکی یەگجار چاکی ئێرلەندیانەی هەبوو کە روخسارێکی لووس و پووسی فەخفووری چینی هەبوو. لەوە دەچوو ئەو کوڕە هەمیشە لە ژێر تۆپەڵێک رووناکی بجوولێتەوە. ئەو ئەستێرەیەکی تۆپی سەبەتە "باسکێت" بوو، کاپتنی یانەی گفتوگۆ بوو، سەرۆکی پۆلە باڵایەکان و یانەی خۆشی بوو و گۆرانیبێژی سەرەکی نێر بوو لە ئۆپێرای ساکاری ساڵانەدا. "جیم" هەمیشە یان رای دەکرد و یان هەڵدەقۆزییەوە، هەرگیز بەئاسایی نەدەڕۆیشت. ئەو لەوەدەچوو کە هەمیشە گەیشتبێتە خاڵی بەزاندنی یاسای هێزی راکێشانی زەوی. ئەو کوڕە لە سەردەمی هەرزەکاریدا هێندە بەخێرایی لە تۆپێکی هەڵدەدا کە تۆ بەژیری ئەوەت لێی چاوەڕوان دەکرد کە کەمتر لە گەیشتن بەکۆشکی سپی بەدەست نەهێنێت کە تەمەنی دەگاتە سی ساڵی. بەڵام وا دیارە "جیم" تووشی تێ ئالانی زۆرتر هاتبێت دوای دەرچوونی لە "سۆڵدان". بەدڵنیاییەوە خێراییەکەی خاو بووبووەوە. شەش ساڵ دوای ئەوەی خوێندنگەی ئامادەیی بەجێ هێشت ئەو پلەوپایەیەکی وەرگرتبوو کە زۆر لەهی من باشتر نەبوو.





[***وێنە: نووسیار.***]

جیم تاقەکەسی کۆگایەکە بوو کە لەگەڵیدا من پێوەندی هاوڕێیانەم هەبوو. من لەلای ئەو بەهادار بووم وەک کەسێک کە شکۆمەندییەکانی ئەوی بەبیر بێت، کەسێک کە ئەوی بینیووە یاری تۆپی سەبەتە و جامی زیوینی لە گفتوگۆکردن بردبێتەوە. ئەو کوڕە بەرەفتارە نهێنییەکەی منی دەزانی کە خۆم دەدزییەوە بۆ ناو کابینەیەکی ئاودەستخانە تاوەکو شیعر بنووسمەوە ئەو کاتانەی لە ناو کۆگادا کاروبارمان بەخاوی بڕۆیشتبوایە. جیم ناوی لە من نابوو "شێکسپیر". لە کاتێکیشدا کە کوڕەکانی تری ناو کۆگا بەچاوی دوژمنایەتییەکی گوماناوی سەیری منیان دەکرد، "جیم" هەڵوێستێکی خۆشی لەبارەی منەوە هەبوو. بەرەبەرە ئەو هەڵوێستەی ئەو کاری لەوانی تر کرد، دوژمنایەتییەکەیان داخورا و دەستیان کرد بەبزەکردن بۆ من وەک چۆن خەڵکی بزە بۆ سەگێکی مۆدێل کۆن دەکات کە لە دوورییەکەوە لەسەر رێگەیان دەپەڕێتەوە.

من دەمزانی "جیم" و "لۆرا" لە خوێندنگەی "سۆڵدان"ەوە یەکتریان ناسیبوو و "لۆرا" بەدڵگیرییەوە باسی دەنگی ئەوی دەکرد. من نازانم ئاخۆ "جیم" ئەوی بەبیر دەهاتەوە یان نا. لە خوێندنگەی ئامادەیی دا "لۆرا" بەقەد دیاری "جیم" نادیاربوو. ئەگەر ئەو "لۆرا"ی بەبیر مابێت، ئەوی وەکو خوشکم بەبیر نەبوو، چونکە کاتێک داوام لێی کرد بێت بۆ نانی ئێوارە، ئەو بەگرژییەوە و گوتی، "شێکسپیر، تۆ دەزانیت، من هەرگیز بیرم نەدەکردەوە کە تۆ کەس و کارت هەبێت!"

ئەو خەریک بوو دەیدۆزییەوە کە من هەمە....

*[رووناکی لەلای سەرەوەی شانۆیە.*

*نەخشی سەرشاشە: "خشپەی پێی هاتوو."*

*ئێوارەی هەینی. نزیکەی پێنجی ئێوارەیەکی پایزی درەنگە و "شیعر بەئاسماندا پەرش و بڵاو دەکاتەوە."*

*رووناکییەکی ناسکی لیمۆیی لە ناو لاخانووەکەی "وینگفیڵد" دایە.*

*ئاماندا بۆ خۆئامادەکردن وەکو تورکێک کاری کردووە بۆ هاتنی خوازبێنیکەرە خانەدانەکە. ئەنجامەکان سەرسورمێنەرن. چرای سەرزەوییەکە بەسێبەرە گوڵینە ئارمووشییەکەی لە جێی خۆیەتی، لامپایە داپۆشراوەکە بەپارچە کاغەزێکی رەنگاورەنگ تیشکە شکاوە چاککراوەکە لەسەر بنمێچەکە دەشارێتەوە، پەردەی هەڵدەفاوی سپی نوێ بەپەنجەرەکانەوەیە، بەرگی چیتی رەنگاوڕەنگ بەسەر کورسی و قەنەفەکانەوەیە، جووتێک سەرینی نوێی سەرقەنەفە بۆ یەکەمین جار لەوێ دەبینرێن.*

*باولی کراوە و کاغەزی کلینیکس لەسەر زەوییەکە پەرش و بڵاوە.*

*لۆرا لە ناوەڕاستەوە بەباسکی بەرز کراوەوە وەستاوە کاتێک ئاماندا بەسەنگینی و سرووت ئاسا لە پێشی چەماوەتەوە، لێواری جلە نوێیەکەی بۆ ڕێک دەخات. جلەکە رەنگاورەنگە و لە ناو یاددا نەخشسازی کراوە. شێوەی داهێنانی قژی لۆرا گۆڕاوە، نەرمترە و لێوەشاوەترە. جوانییەکی ناسک و ناسەرزەمینیانە لە لۆرادا دەرکەوتووە: ئەو پارچە شووشەیەکی*



*دیووەدەرە و کەوتووەتە بەر رووناکی و پڕشنگێکی لێوە پەیدایە، نەراستەقینە و نەدرێژخایەنیشە.]*

**ئاماندا** [*بەنائارامییەوە*]: بۆچ دەلەرزیت؟

**لۆرا:** دایە، تۆ وات لێ کردووم دەمارگرژ بم.

**ئاماندا:** چۆن چۆنی وام لێ کردوویت دەمارگرژ بیت؟

**لۆرا:** بەم هەموو هەراوهۆریایە! تۆ وا لەمە دەکەیت زۆر گرینگ بێت!

**ئاماندا:** لۆرا، من لێت تێ ناگەم. تۆ بەوە رازی نیت لە ماڵ دابنیشیت، کەچی هەرکاتێکیش من هەوڵ دەدەم شتێکت بۆ رێکخەم، لەوە دەکات تۆ بەرەنگاری ببیتەوە. [*هەڵدەستێتەوە.*] ئێستا تەماشایەکی خۆت بکە. نەخێر، بوەستە! تەنیا تاوێک بوەستە– من بیرۆکەیەکم هەیە!

**لۆرا:** ئێستا چییە؟

*[ئاماندا دوو پارچە ئیسفەنجی پۆدرە دەردەهێنێت و لە دەسەسڕان وەریاندەگرێت و لە ناو سینەی لۆرایان دەپەستێت.]*

**لۆرا:** دایە، ئەوە چی دەکەیت؟

**ئاماندا:** بەوانە دەڵێن " فریوودەری خۆشی"

**لۆرا:** من لەبەریان ناکەم.

**ئاماندا:** دەبێ بیکەیت!

**لۆرا:** بۆچی بیکەم؟

**ئاماندا:** چونکە، با بەراستییەکی پڕئازار بیڵێم، تۆ سینەت تەختە.

**لۆرا:** تۆ کە وا دەکەیت هەر دەڵێی تەڵە دادەنێیتەوە.

**ئاماندا:** هەموو کیژە جوانەکان تەڵەن، تەڵەی جوانن، پیاوانیش

چاوەڕوانی  ئەوەن کە ئەوان وا بن.

[ ***نەخشی سەرشاشە: "تەڵەیەکی جوان"*** .]

ئێستا سەیرێکی خۆت بکە، کچی گەنج! ئەمە جوانترین رادەی تۆیە!

دەبێ ئێستا خۆم رێکخەم! تۆ لە روخساری دایکی خۆت سەرت سوڕدەمێنێت! [*ئەو بەناو پەردەکاندا دەچێت، بەخۆشییەوە لەبەرخۆی گۆرانی دەڵێت.*]

**ئاماندا** [*لە دەرەوەی شانۆوە*]: هێشتا تەواو تاریک نییە. [*لۆرا بەهێواشی لەبەر ئاوێنەکەدا بەروخسارێکی پەشێوەوە روو وەردەگێڕێت.*]

***[نەخشی سەرشاشە: "ئەمە خوشکمە: بەژێ مۆسیقییەکانەوە ئاهەنگی بۆ بگێرن!" مۆسیقا.]***

**ئاماندا** [*پێ دەکەنێت. لە دەرەوە*]: من بەتەمام شتێکت پێ نیشاندەم. من دەرکەوتنێکی دڵڕفێنت بۆ دەکەم.

**لۆرا:** دایە، چییە؟

**ئاماندا:** کەمێک پشووت هەبێت- دەبینیت! شتێکە من لە باولە کۆنەکەم دەرهێناوە! بەهەرحاڵ، پاشان شێوازەکان یەکجار بەبەربادی نەگۆڕاون....

[*پەردەکان دەکاتەوە.*]

ئێستا تەنیا تەماشای دایکت بکە!

[*ئەو جلێکی کچانەی لەبەرکردووە کە لە تووڵێکی زەرد دروستکراوە و کەمەربەندێکی شینی ئاوریشمینی لەبەرکردووە. ئەو دەسکێک نێرگزی کێوی لە دەستە- هێمای گەنجێتییەکەی*



*نزیکەی زیندووبووەتەوە.*]

[*بەگەرموگوڕییەوە*]: ئەمە ئەو جلکە بوو کە من سەرچۆپی سەماکەم پێی گرتبوو، دوو جاریش لە "سەن سێت هیڵ" دا شاباش کرام و بەهارێکیش لە ئاهەنگی پارێزگار لە "جاکسن" کردمە بەرم.

لۆرا، بڕوانە چۆن لە ناو هۆڵی سەماکەدا بەسەما دەسوڕامەوە؟

[ *تەنوورەکەی بەرز دەکاتەوە و بەناسکی لە دەورەی ژوورەکەوە هەنگاو داوێت.*]

من رۆژانی یەکشەممە بۆ خوازبێنیکەرە خانەدانەکان دەمکردە بەرم! ئەو رۆژەی باوکتم بینی کردبوومە بەر- بەدرێژاییی ئەو بەهارە لەرز و تای مەلاریام گرتبوو. گۆڕانی کەشوبا لە ناوچەی خۆرهەڵاتی "تێنیسی"ەوە تا ناوچەی "میاندواوان"- بەرگری کەم دەکردەوە – هەموو کاتێک من نەرمە تایەکم هەبوو- هێندە نەبوو ترسناک بێت، بەڵام ئەوەندە بوو من بێ ئارام و گێژ بکات!- داواتنامە سەرلەبەر دەهاتن – ئاهەنگ و بەزم لە سەرانسەری "میاندواوان" دەگێڕدرا! دایکم دەیگوت، "لە ناو جێگە بمێنەوە، تۆ تات هەیە! "- بەڵام من هیچ وام نەدەکرد. – من مادەی "کینین"[٥٧]م دەخوارد و دەچووم- و دەچووم! ئێواران، سەما هەبوو!- نیوەڕوان، بۆ ماوەیەکی درێژ ئەسپ سواری! سەیرانەکان- خۆش بوون!- ئەو گوندانە ئەوەندە خۆش بوون لە مانگی گوڵاندا.- هەمووی بەگوڵە

(٥٧) (کینین) مادەیەکی پزیشکی زۆر تاڵە جاران ئەوەی مەلاریای گرتبایە دەیخوارد . (وەرگێڕ)

شیلانە رازابووەوە، هەردەتگوت لە ناو نێرگزە کێویلەدا نقووم بووە!– ئەو بەهارە من بۆ نێرگزە کێویلە شێت بووبووم. نێرگزە کێویلە بەتەواوی لە کەللەی دابووم. دایکم گوتی، "گیانەکەم، چی دیکە جێگەمان نەماوە بۆ نێرگزە کێویلە." کەچی هێشتا من هەر نێرگزە کێویلەم دەهێنا. هەرکاتێک، هەرکە بمبینیایە، دەمگوت، "بوەستە! بوەستە! من نێرگزە کێویلە دەبینم! " وام کرد کوڕە گەنجەکانیش یارمەتیم بدەن بۆ کۆکردنەوەی نێرگزە کێویلە! بووبووە گاڵتە، ئاماندا و نێرگزە کێویلەکانی! سەرەنجام گوڵدان نەما بۆ تیادانان، هەموو شوێنێکی بەردەست پڕکرابوو لە نێرگزە کێویلە. گوڵدان نەما بوو بۆ تیادانان؟ زۆر باشە، من بەخۆم هەڵیان دەگرم! ئینجا من– [*لە پێش وێنەکە رادەوەستێت. مۆسیقا .*] باوکتم بینی! تای مەلاریا و نێرگزە کێویلە و ئینجا- ئەم کوڕە....

[*چرایە گوڵڕەنگەکە پێ دەکات.*]

هیوادارم پێش ئەوەی باران دابکات ئەوان بگەنە ئێرە.

[*ئەو دەپەڕێتەوە لای سەرەوەی شانۆ و نێرگزە کێویلەکان لە ناو دەفرێکی سەرمێزەکە دادەنێت.* ]

من کەمێک زیاتر پارەی وردەم دا بەبراکەت تاوەکو خۆی و مستەر "ئۆکۆنەر" بەتاکسی بێنەوە ماڵ.

**لۆرا** [*بەروخسارێکی گۆڕاوەوە*]: تۆ گوتت ناوی چییە؟

**ئاماندا:** ئۆکۆنەر.

**لۆرا:** ناوی یەکەمی چییە؟

**ئاماندا:** لە بیرم نییە. ئۆه، بەڵێ، لە بیرمە. ناوی "جیم"!



[*لۆرا بەئاستەم بەلادا دێت و دەست لە کورسییەک گیر دەکات.*
***نەخشی سەرشاشە: "جیم نەبێت".*** ]

**لۆرا** [*بەنزمییەوە*]: جیم نەبێت؟

**ئاماندا:** بەڵێ، "جیم" بوو، "جیم" بوو! من هەرگیز "جیم" ێکم نەناسیووە باش نەبووبێت.

[***مۆسیقایەکە شووم دەبێت***]

**لۆرا:** تۆ دڵنیایت کە ناوی "جیم ئۆکۆنەر"ە؟

**ئاماندا:** بەڵێ. بۆچی؟

**لۆرا:** ئەو ئەو کەسەیە کە "تۆم" لە ئامادەیییەوە دەیناسی؟

**ئاماندا:** ئەو وای نەگوت. وا بزانم تەنیا ئەوی لە کۆگادا ناسیووە.

**لۆرا:** "جیم ئۆکۆنەر"ێک لە خوێندنگەی ئامادەیی هەبوو ئێمە هەردووکمان دەمانناسی– [*ئینجا بەهەوڵدانەوە.*] ئەگەر ئەو ئەوەبێت کە "تۆم" بۆ نانی ئێوارە دەیهێنێتەوە– دەبێ تۆ لە من ببووریت، من نایەمە سەر مێزەکە.

**ئاماندا:** ئەوە چ جۆرە قسەیەکی قۆڕە؟

**لۆرا:** تۆ جارێک لێت پرسیم ئەگەر هەرگیز کوڕێکم خۆش ویستبێت. بەبیرت نایەتەوە کە من وێنەی ئەو کوڕەم نیشان دایت؟

**ئاماندا:** مەبەستت لەو کوڕەیە کە لە ناو کتێبی ساڵانە نیشانتدام؟

**لۆرا:** بەڵێ، ئەو کوڕ بوو.

**ئاماندا:** لۆرا، لۆرا، تۆ ئەو کوڕەت خۆشدەویست؟

**لۆرا:** دایە، من نازانم. ئەوەی دەیزانم ئەوەیە ئەگەر ئەو کوڕە بێت من ناتوانم لەسەر مێزەکە دابنیشم!

**ئاماندا:** ئەو نابێت! لە کەمترین لاوە لەوە ناکات وابێت. بەڵام ئەگەر هەو بێت یان هەو نەبێت، تۆ دێیتە سەر مێزەکە. تۆ نابووردرێیت.

**لۆرا:** دایە، دەبێت لە من ببووردرێت.

**ئاماندا:** لۆرا، من ناتوانم شتی پووچی تۆ پەسند بکەم. من زۆرم لە هەردووکتان – تۆ و برات چەشت!

جا تەنیا دابنیشە و خۆت ڕێکخە تا ئەوان دەگەن. "تۆم" کلیلەکەی خۆی لە بیر کردووە و کاتێک ئەوان دەگەن دەبێت تۆ بیانهێنیتە ژوورەوە.

**لۆرا** [*بەزراوچوونەوە*]: ئۆه، دایە تۆ وەڵامی دەرگە دەدەیتەوە!

**ئاماندا** [*بەنەرمی*]: من لە ناندینەکە خەریک دەبم.

**لۆرا:** ئۆه، دایە، تکایە تۆ وەڵامی دەرگە بدەرەوە، وا مەکە من بیکەم.

**ئاماندا** [*دەچێتە ناو ناندینۆکەکەوە*]: من دەبێت مەرەگەکە بۆ ماسی "سالەمۆن" ئامادە بکەم. هەرا مەکە، هەرا و پووچێتی مەنوێنە! لەسەر خوازبێنیکەرێکی خانەدان!

[*دەرگەکە پێوە دەدرێت. لۆرا بەتەنیا بەجێ دەهێلرێت.*

***نەخشی سەرشاشەکە: "تۆقین!"***

*ئەو نووزەیەکی لێوە دێت و چرایەکە دەکوژێنێتەوە بەرەقی لەسەر قەراغی قەنەفەکە دادەنیشێت، پەنجەکانی لێک گیر دەکات.*

***نەخشی سەرشاشەکە: "دەرگە کردنەوە!"***

*تۆم و جیم لەسەر پلیکانەکانی پەیژەی رزگاربوون لە*



*ئاگرکەوتنەوە دەردەکەون و بەرەو بەرپەیژەکە سەردەکەون. کاتێک گوێی لە نزیکبوونەوەیان دەبێت، لۆرا بەگرێشمەیەکی تۆقیوو هەڵدەستێتەوە. ئەو بۆ لای پەردەکان دەکشێتەوە.*

*زەنگی دەرگە لێ دەدرێت، لۆرا هەناسەی خۆی رادەگرێت و گەرووی خۆی دەگرێت. تەپڵکووتانی نزم.* ]

**ئاماندا:** [*بانگ دەکات*] لۆرا، گیانەکەم! دەرگەکە!

[*لۆرا بەبێ جوولە تێی رادەمێنێت* ]

**جیم:** وا بزانم بەسەر بارانەکە زاڵ بووین.

**تۆم:** ئۆه هۆ. [*ئەو دیسان زەنگ لێ دەدات، بەدەمارگرژییەوە. جیم فیکە لێ دەدات و بەدوای جگەرەدا دەگەڕێت.*]

**ئاماندا** [*زۆر زۆر دڵخۆشە*]: لۆرا، ئەمە برات و "مستەر ئۆکۆنەر"ە! ئەرێ گیانە دەیانهێنیتە ژوورەوە؟

[ *لۆرا بەرەولای دەرگەی ناندینۆکەکە دەچێت* ]

**لۆرا** [*بەهەناسەلێبڕاوییەوە*]: دایە تۆ برۆ لای دەرگەکە!

[*ئاماندا بۆ دەرەوەی ناندینۆکەکە هەنگاو دەنێت و بەتووڕەییەوە تەماشای لۆرا دەکات. بەفەرمان پێکردنەوەوە نیشانە بۆ دەرگەکە دەکات.* ]

**لۆرا:** تکایە! تکایە!

**ئاماندا** [*بەچرپەیەکی توندەوە*]: ئەوە چییتە، تۆ هەی هیچ و پووچ؟

**لۆرا:** تکایە، تۆ وەڵام بدەرەوە، تکایە!

**ئاماندا:** لۆرا، پێم گوتیت ناتوانم پووچێتی تۆ پەسند بکەم. بۆچی تۆ ئەم کاتەت هەڵبژاردووە مێشکی خۆت لەدەست بدەیت؟

**لۆرا:** تکایە، تکایە، تکایە، تۆ برۆ!

**ئاماندا:** تۆ دەبێت بچیت دەرگەکە بکەیتەوە، چونکە من ناتوانم!

**لۆرا** [*بەنائومێدییەوە*]: ئاخر منیش ناتوانم!

**ئاماندا:** بۆچی؟

**لۆرا:** من نەخۆشم!

**ئاماندا:** منیش لەدەست پووچێتی تۆ– نەخۆشم! بۆچی تۆ و برات مرۆڤی ئاسایی نین؟ کەڵکەڵە و رەفتاری سەیروسەمەرەتان هەیە!

[*تۆم زەنگێکی درێژ لێ دەدات*]

شتی تەواو پێچەوانە لە بەردەوامیدایە! ئەرێ دەتوانیت یەک هۆم پێ بڵێیت – [*بەئاوازەوە هاوار دەکات*] وا هات! تەنیا یەک چرکە!– لەبەرچی دەترسیت دەرگەکە بکەیتەوە؟ لۆرا، دە ئێستا وەڵام بدەرەوە!

**لۆرا:** ئۆه، ئۆه، ئۆه.... [*ئەو بەناو پەردەکانەوە دەگەڕێتەوە. بەرەو لای قەوانەکە رادەکات و بەدەمارگرژییەوە قورمیشی دەکات و پێی دەکات.*]

**ئاماندا:** لۆرا وینگفیلد، تۆ یەکسەر بەرەو لای ئەو دەرگەیە دەکەویتەڕێ!

**لۆرا:** بەڵی– بەڵێ، دایە!

[*لێدانێکی پچڕپچڕی مۆسیقای "دەردەنێلا" هەواکە خۆش دەکات و هێزی ئەوەی پێ دەدات بەناویدا بجوولێت. بەرەو دەرگەکە دەخزێت و بەوریاییەوە دەیکاتەوە. تۆم لەگەڵ جیم*



*ئۆکۆنەری خوازبێنیکەر دێتەژوورەوە.* ]

**تۆم:** لۆرا، ئەمە "جیم"ە. "جیم"، ئەمەش لۆرای خوشکمە.

**جیم** [*دێتە ناوەوە*]: من نەمدەزانی شێکسپیر خوشکێکی هەیە!

**لۆرا** [*بەرەقی دەکشێتەوە و لەبەردەرگەکە دەلەرزێت*]: چۆن– چۆنیت؟

جیم [*پڕ بەدڵ دەستی بۆ درێژ دەکات*] باشم!

[*لۆرا بەدوودڵییەوە بەدەستی خۆی دەیگرێت.*]

**جیم:** دەستت ساردە، لۆرا!

**لۆرا:** بەڵێ، ئێ– من قەوانە بەقورمیشەکەم لێ دەدا.

**جیم:** دەبێ مۆسیقای کلاسیکیت پێ لێ دابێت! پێویستە تۆ مۆسیقایەکی کەمێک گەرم لێ بدەیت تا خۆت پێی گەرم دابێنیت!

**لۆرا:** بمبوورە من هێشتا لە لێدانی قەوانەکە تەواو نەبوویم!

.... [*لۆرا بەشپرزەییەوە روو وەردەگێرێت و بەپەلە خۆی لە ناو ژووری پێشەوە دەکووتێت. تاوێک لەلای قەوانەکە رادەوەستێت. ئینجا هەناسەی خۆی دەگرێت وەکو ئاسکێکی ترساو بەناو پەردەکاندا دەکەوێتە غاردان.*]

**جیم** [*بەگرژینەوەوە*]: مەسەلە چییە؟

**تۆم:** ئۆه– لەگەڵ لۆرا؟ لۆرا– یەکجار شەرمنە.

**جیم:** شەرمنە، ئۆی؟ ئێستا شتێکی نائاساییە کیژێکی شەرمن ببینیت. باوەڕ ناکەم تۆ هەرگیز باسی ئەوەت کردبێت کە خوشکێکت هەیە.

**تۆم:** باشە، وا ئێستا زانیت. من خوشکێکم هەیە. ها ئەمەش

رۆژنامەی "پۆست دیسپاتچ"، لەتێکیت دەوێت؟

**جیم:** ئوهوو.

**تۆم:** چ لەتێکی؟ بەشی کۆمیدیا؟

**جیم:** وەرزش! [*سەیرێکی دەکات*] "ئۆلی دیزی دین"(٥٨) هەر لەسەر ڕەفتاری خراپی خۆی بەردەوامە.

تۆم [بەبێ زەوقییەوە] بەڵێ؟ [جگەرەیەک *دادەگیرسێنێت* و دەچێتەوە *لای دەرگەی پەیژەی دەربازبوون لە ئاگرکەوتنەوە*]

**جیم:** ئەوە بۆ کوێ دەچیت؟

**تۆم:** دەچمە سەر بانیژەکە.

**جیم** [*بەدوای* دەکەوێت]: شێکسپیر، تۆ دەزانیت من بەتەمام لیستی شمەکەکانت پێ بفرۆشم!

**تۆم:** کام شمەک؟

**جیم:** هی ئەو کۆرسەی من تێیدا بەشدارم.

**تۆم:** ئۆی؟

**جیم:** کۆرسی وتاربێژی گشتی! من و تۆ، لەو جۆرە کەسانە نین بۆ ناو کۆگا دەست بدەین.

**تۆم:** سوپاس- ئەمە هەواڵێکی خۆشە.

بەڵام وتاربێژی گشتی پێوەندی بەمەوە چییە؟

**جیم:** بەکەڵکی تۆ دێت بۆ- پلەوپایەی بەڕێوەبەرایەتی!

**تۆم:** واو.

---

(٥٨) "ئۆلی دیزنی دین" ناوی یاریکەرێکی بێیس بۆڵی بەناوبانگی ئەمریکی ئەو سەردەمەیە . (وەرگێڕ)



**جیم:**من پێت دەڵێم کە یەگجار زۆر بەکەلکی من هاتووە.

[*وێنە: بەڕێوەبەر لەسەر* مێزە. ]

**تۆم:** لە چی *لایەنێکەوە*؟

**جیم:** لە هەموو لایەنێکەوە! لە خۆت بپرسە جیاوازی چییە لە نێوان من و تۆ و پیاوانی ناو نووسینگەکانی پێشەوە؟ مێشکە؟ – نەخێر! – توانایە؟ – نەخێر! ئەدی چییە؟ تەنیا شتێکی بچووکە–

**تۆم:** ئەو شتە بچووکە چییە؟

**جیم:** لە پێش هەموو شتێکەوە ئەوە پێوەندی هەیە بە- هاوسەنگی کۆمەڵایەتییەوە! واتە توانای ئەوەت هەبێت ڕووبەڕووی خەڵکی ببیتەوە و خۆت لەسەر هەر ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا رابگریت!

**ئاماندا** [*لە دەرەوەی شانۆوە*]: تۆم؟

**تۆم:** بەڵێ، دایە؟

**ئاماندا:** ئەوە تۆ و مستەر ئۆکۆنەرن؟

**تۆم:** بەڵێ، دایە؟

**ئاماندا:** دەباشە، ئێوە خۆتان لەوێ ئاسوودە بکەن.

**تۆم:** بەڵێ، دایە.

**ئاماندا:** لە مستەر ئۆکۆنەر بپرسە ئەگەر حەز بکات دەستەکانی بشوات.

**جیم:** ئۆ، نا- نا- سوپاس- من لە کۆگاکەدا خەمی ئەوەم خوارد. تۆم –

**تۆم:** بەڵێ؟

**جیم:** مستەر "مێندۆزا" لەبارەی تۆوە لەگەڵ من قسەی دەکرد؟

**تۆم:** بەباشی؟

**جیم:** بەخۆت رات چییە؟

**تۆم:** باشە –

**جیم:** تۆ لە کار دەردەکرێیت ئەگەر لە خەو واگا نەیەیتەوە.

**تۆم:** من لە خەو واگا دێمەوە.

**جیم:** تۆ هیچ نیشانەیەکی ئەوە دەرناخەیت.

**تۆم:** نیشانەکانی من لە ناوەوەن.

[***وێنەی سەرشاشە:** **کەشتییەکی گەشتکەر کە ئالای "جۆڵی رۆجەرز"ی هەڵداوە.***]

**تۆم:** من پلاندادەنێم بۆ گۆڕان. [*ئەو خۆی بەسەر چەپەرەکەدا دەچەمێنێتەوە و بەجۆش و خرۆشێکی زۆرەوە قسە دەکات. رەشماڵە گەورە گەشبووەوەکان و نیشانەکانی یەکەم پیشاندانی سینەماکانی ئەوبەری کۆڵانەکە روخساری رووناک دەکەنەوە. ئەو وەکو گەشتکەرێک دەردەکەوێت.*] من ئێستا لەو خاڵەدام کە خۆم پابەندی دوارۆژێک بکەم کە نە کۆگا و نە مستەر "مێندۆزا"ی تێدایە و نە تەنانەت کۆرسی خوێندنگەی شەوانی لە وتاربێژی گشتیدا تێدایە.

**جیم:** تۆ بەتەمای چیت؟

**تۆم:** من لە سینەماکان بێزار بووم.

**جیم:** سینەماکان!

**تۆم:** بەڵێ، سینەماکان! تەماشایان بکە– [*دەست هەڵشەقاندنێک بەرەو لای کۆڵانی گراند ئەڤینیو*] ئەم هەموو خەڵکە دڵڕفێنە–



گیانبازی دەکەن– هەمووی دەلێسنەوە، هەموو شتەکان لرف دەکەن! تۆ دەزانیت چی روو دەدات؟ خەڵک دەچنە سینەماکان لە جیاتی ئەوەی خۆیان بجوولێن[٥٩]! کارێکتەرەکانی "هۆلیوود" پێویستە هەموو گیانبازییەکیان بۆ هەموو کەسێکی ئەمریکا هەبێت، کەچی هەموو کەسێک لە ئەمریکادا لە ژوورێکی تاریک دانیشتووە و تەماشای ئەوان دەکات وابکەن! بەڵێ، تا ئەو ساتەی جەنگ دەست پێ دەکات. ئەوسا گیانبازی دەکەوێتە دەست هەموو جەماوەر! دەبێتە خۆراکی هەموو کەس، نەک تەنیا هی "گێبڵ"[٦٠]! ئەوسا هەموو خەڵکانی ناو ژوورە تاریکەکان دێنە دەرەوە بۆ ئەوەی خۆیان هەندێک گیانبازی بکەن– وای چاکە، چاکە!– ئێستا نۆرەی ئێمەیە، تا بچینە دوورگەکانی دەریای خواروو– گەشتێکی راوی دوورودرێژ بکەین – ببینە شتی سەیر، دوور بکەوینەوە!– بەڵام من پشووم نییە و نامەوێت تا ئەوسا چاوەڕێ بم. من لە سینەماکان بێزارم و دەمەوێت بەخۆم بجوولێم!

**جیم** [بەبێ *باوەڕییەوە*]: بجوولێیت؟

**تۆم:** بەڵێ.

**جیم:** کەی؟

(٥٩) لە ئینگلیزی ئەمریکیدا سینەما و جوولان لە هەمان چاوگ وەرگیراون. (وەرگێڕ)

(٦٠) کلارک گێبڵ ( ١٩٠١ _ ١٩٦٠ ) ئەکتەرێکی سینەمایی زۆر بەناوبانگی ئەمریکایە و بەزۆری پێی دەگوترا (پاشا) . دیارترین رۆڵی لە فیلمی (بایبرد) دا بوو . (وەرگێڕ)

**تۆم:** بەم زووانە.

*[بیرۆکە: لەوە دەکات سێ پارچە مۆسیقا وەڵامی پرسیارەکەی بدەنەوە، کاتێک کە تۆم بیری لێ دەکاتەوە. ئەو لە ناو گیرفانی خۆی لە شت دەگەڕێت.]*

**تۆم:** من وا خەریکە لە ناوەوەڕا دەکوڵێم. دەزانم بەکەسێکی خەونبین دەچم، بەڵام لە ناوەوە– باشە، من وا دەکوڵێم!– هەرکاتێک پێڵاوێک هەڵدەگرم، من بڕێک دەلەرزم کە بیر دەکەمەوە ژیان چەند کورتە و منیش چی دەکەم!– ئەوە مانای هەرچییەک بێت، من دەزانم مانای پێڵاو نییە– جگە لەوەی کە بکرێتە پێیەکانی گەشتیارێک! [پارچە کاغەزێک دەدۆزێتەوە.] بڕوانە

**جیم:** چی؟

**تۆم:** من ئەندامم.

**جیم** [دەخوێنێتەوە]: لە یەکێتی دەریاوانە بازرگانەکاندا.

**تۆم:** ئەم مانگە لەجیاتی پارەی کارەبا ئابوونەکەم دا.

**جیم:** تۆ پەشیمان دەبیتەوە کاتێک کارەبات لێ دەکوژێننەوە.

**تۆم:** من لێرە نابم.

**جیم:** ئەدی چی دەڵێیت دەربارەی دایکت؟

**تۆم:** من وەکو باوکمم. بیژی کوڕی بیژیم! بڕوانە چۆن دەگرژێتەوە؟ ئەوا بۆ ماوەی شازدە ساڵە دیار نەماوە!

**جیم:** تۆ تەنیا قسە دەکەیت، هەی گەوج. ئەدی هەستی دایکت لەو بارەیەوە چۆن دەبێت؟

**تۆم:** شش!– ئەوا دایکم لەوێوە دێت! دایکم پلانەکانم نازانێت!



**ئاماندا** [*بەناو پەردەدا دێت*]: ئەرێ هەمووتان لە کوێن؟

**تۆم:** دایە، لە سەربانەکەین.

*[ئەوان لە ناوەوە دەست پێ دەکەن. ئاماندا بۆ لای ئەوان دەچێت. بەئاشکرا دیارە "تۆم" لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو هێدمەگرتوو بووە. تەنانەت "جیم" یش کەمێک واقی وڕماوە. ئەو یەکەمین جارە کە گەرموگوڕی کچێکی خواروو ببینێت و سەرەڕای کۆرسەکەی لە وتاربێژی گشتی لە خوێندنگەی شەواندا ئەو بەجۆرێک لە جۆرەکان سەرسوڕماوە لە دەرکەوتنی کتوپڕی ئەو دڵڕفێنییە کۆمەڵایەتییە.*

*جۆرێک لە وەڵامدارێتی لەلایەن "جیم"ەوە هەوڵی بۆ دەدرێت بەڵام بەپێکەنین و قسە خۆشەکانی ئاماندا ئەمە وەلانراوە. "تۆم" پەشۆکاوە بەڵام لە دوای یەکەمین هێدمەوە، جیم زۆر بەگەرمی وەڵام دەداتەوە. گرژینەوە و قریووە، هەر هەمووی پێکەوە لەوێدا زاڵە.]*

**[*وێنە: ئاماندا بەکچێنی*]**

**ئاماندا** [*بەشەرمەوە دەخەنێتەوە، کەزییە لوولە کیژانەکانی دەلەقێنێتەوە*]: باشە، باشە، باشە، جا ئەمە مستەر "ئۆکۆرنەر"ە. پێکترناساندن بەتەواوی ناپێویستە. من لە کوڕەکەمەوە زۆرم لەبارەی تۆوە بیستووە. لە کۆتاییدا پێم گوت، تۆم– کوڕی چاک!– بۆچی تۆ ئەم کەسە نایابە ناهێنیتەوە بۆ نانی ئێوارە؟ من پێم خۆشە ئەم کوڕە گەنجە باشەی ناو کۆگا ببینم! –لەجیاتی ئەوەی کە تۆ هەر گۆرانی و ستایش بۆ ئەو بڵێیت!

نازانم کوڕەکەی من بۆچی هێندە دوورەپەرێزە– ئەمە ڕەفتاری خەڵکی خواروو نییە!

با دابنیشین و– وا بزانم ئێمە لێرەدا کەمێک زێتر هەوامان بەردەکەوێت! تۆم، دەرگەکە بەکراوەیی بەجێ بهێڵە. تاوێک لەمەوبەر هەستم بەکزەبایەکی خۆشی تازە کرد. ئەو بۆ کوێ ڕۆیشت؟

همم، هێشتا هەر گەرمە! تەنانەت هێشتاش هاوین دانەهاتووە. ئێمە هەر دەسووتێین کاتێک هاوین بەڕاستی دەست پێ دەکات. هەرچۆنێک بێت، ئێمە– ژەمە خواردنێکی سووکی ئێوارەمان دەبێت. وا بزانم شتی سووک باشترە بۆ ئەم کاتەی ساڵ. ئەویش وەکو جلی سووک وایە. جلی سووک و خواردنی سووک ئەوانەن کە کەشوبای گەرم دەیانخوازێت. تۆ دەزانیت کە زستانان خوێنمان هێندە پەیت دەبێت لە زستاناندا– ماوەیەکی پێ دەوێت تا خۆمانی لەگەڵ رادەهێنین!– کاتێک وەرزەکە دەگۆڕێت....

ئەمساڵ زۆر بەخێرایی هات. من خۆم بۆ ئامادەنەکردبوو. خوایە– هەر لە ناکاو هات! وا هاوینە!– من چووم لە ناو باولەکە ئەو جلە سووکەم دەرکرد– یەکجار کۆنە! نزیکەی مێژووییە! بەڵام هێندە خۆشە– هێندە خۆش و فێنکە، تۆ دەزانیت....

**تۆم:** دایە–

**ئاماندا:** بەڵێ، گیانە؟

**تۆم:** ئەدی نانی ئێوارە؟



**ئاماندا:** گیانە، تۆ برۆ لە خوشکت بپرسە ئاخۆ نانی ئێوارە ئامادەیە!

تۆ دەزانیت خوشکت بەتەواوی لە نانی ئێوارە بەرپرسیارە!

پێی بڵێ ئێوە کوڕە برسییەکان چاوەڕێی خواردنن.

[بۆ جیم]

تۆ "لۆرا" ت بینیووە؟

**جیم:** ئەو–

**ئاماندا:** ئێوەی هێنایە ژوورەوە؟ ئۆه، باشە، تۆ ئەوت بینیووە! شتێکی زۆر دەگمەنە بۆ کیژێکی جوان و شیرین کیژی ماڵ بێت! بەڵام، لۆرا وایە، سوپاس بۆ خوا، نەک هەر تەنیا جوانە بەڵکو کچی ناوماڵیشە. من هەرگیز وانیم. هەرگیز تۆزێکیش وانەبوویم. من هەرگیز نەمتوانیوە شتێک لێ بنێم، جگە لە "کێکی فریشتەیی"[٦١]. باشە، لە ناوچەی خواروودا ئێمە زۆر خزمەتکارمان هەبوو. چوو، چوو، چوو. هەموو روخسارێکی ژیانی خۆش! بەتەواوی چوو! من ئامادەنەبووم بۆ ئەوەی داهاتوو بۆی هێنام. هەموو خوازبێنیکەرە خانەدانەکانم کوڕی جووتیارەکان بوون و هەڵبەتە من وام دانابوو مێرد بەیەکێکیان بکەم و خێزانەکەم لەسەر پارچە زەوییەکی گەورە بەخێو بکەم و خزمەتکاری زۆریشم هەبێت. بەڵام پیاو داوای خوازبێنی دەکات – و ژنیش خوازبێنییەکە پەسند دەکات!– بۆ ئەوەی ئەم قسە زۆر زۆر کۆنە کەمێک بگۆڕم– من مێردم بەهیچ جووتیارێک نەکرد! من مێردم بەپیاوێک کرد کە لە کۆمپانیای

(٦١) (کێکی فریشتەیی ) جۆرە کێکێکی ئیسفەنجییە لە ئارد و شەکر و سپێنەی هێلکە دروست دەکرێت . (وەرگێڕ)

تەلەفۆن کاری دەکرد! ئەو خانەدانە نازدارە بزەدارەی ئەویٚ! [*نیشانە بۆ وێنەکە دەکات.*] ئەو کرێکاری دەزگای تەلەفۆن بوو– کەوتە داوی خۆشەویستی جێگە دوورەکان!

– ئێستا ئەو گەشت دەکات و من نازانم بۆ کویٚ!

– بەڵام من بەتەمای چیم لەبارەی ئەو خەم و مەینەتییانەم؟

هی خۆتم پیٚ بڵیٚ– هیوادارم هیچ خەم و مەینەتیت نەبێت! تۆم؟

**تۆم** [دەگەڕێتەوە] بەڵیٚ، دایە؟

**ئاماندا:** ئایا نزیکەی نانی ئێوارە ئامادەیە؟

**تۆم:** وا بزانم لەسەر مێزەکە ئامادەیە.

**ئاماندا:** با بڕوانم – [*بەجوانی هەڵدەسێتەوە و بەناو پەردەکاندا تەماشا دەکات.*] ئۆه، نازدارە!– بەڵام خوشکت لە کوێیە؟

**تۆم:** لۆرا کەمێک نەساغە و دەڵێت باشترە نەیەتە سەر مێزەکە.

**ئاماندا:** چی؟ قسەی قۆڕ!– لۆرا؟ ئۆه، لۆرا؟

**لۆرا** [*لە دەرەوەی شانۆوە، بەنزمی*] بەڵیٚ، دایە.

**ئاماندا:** تۆ بەڕاستی دەبێت بێیت بۆ سەرمێز. ئێمە دانانیشین تاکو تۆ نەیەیت بۆ سەرمێزەکە!

وەرە ژوورەوە مستەر "ئۆکۆنەر". دەبیٚ تۆ لەو سەرەوە دابنیشیت و من– لۆرا؟ لۆرا وینگفیلْد!

گیانەکەم، تۆ وا لە ئێمە دەکەیت چاوەڕیٚ بکەین! ئێمە ناتوانین ناوی خوای لیٚ بهێنین تاکو تۆ نەیەیتە سەرمێزەکە!

[*دەرگەی پشتەوە بەنەرمی پاڵی پێوە دەنرێت و دەکرێتەوە و لۆرا دێتە ناوەوە. ئەو بەئاشکرا دیارە تا ڕادەیەک بێهێزە، لێوەکانی دەلەرزن، چاوەکانی کراونەتەوە و زەقن. ئەو بەلەنگە لەنگ بەرەو مێزەکە دەچێت.*

***نەخشی سەرشاشە: " تۆقین!"***

*لە دەرەوەڕا لە ناکاوڕا ڕەشەبایەکی هاوینە هەڵدەکات. پەردە سپییەکان لەلای پەنجەرەکانەوە بەرەو ناوەوە هەڵدەئاوسێن و مڕەمڕێکی خەمناک و زەردەپەڕێکی شینی قووڵ لەوناوە پەیدا دەبێت.*

*لۆرا لەپڕ ساتمە دەکات– بەنووزەیەکی کزەوە چنگی لە کورسییەک گیر دەکات.* ]

**تۆم:** لۆرا!

**ئاماندا:** لۆرا!

[*گرمەی هەور دێت* .

*نەخشی سەرشاشە:" ئاه!"* ]

[*بەنائومێدییەوە*] گیانەکەم، لۆرا، بۆچی، تۆ نەخۆشیت! تۆم، گیانە یارمەتی خوشکت بدە بۆ ناو ژووری دانیشتن بیبە!

لۆرا، لە ژووری دانیشتن دابنیشە– لەسەر قەنەفەکە بحەسێوە.

باشە!

[*بۆ خوازبێنیکەرە خانەدانەکە*].

ڕاوەستان لەسەر سۆپا گەرمەکە نەخۆشی کرد!– من پێم گوت ئەم ئێوارەیە یەگجار گەرمە، بەڵام –

[*تۆم دێتەوە ناوەوە، لۆرا لەسەر قەنەفەکەیە*.]

ئەرێ ئێستا لۆرا باشە؟

**تۆم:** بەڵێ.

**ئاماندا:** ئەوە چییە؟ باران؟ بارانێکی فێنک دادەکات!

[*روخسارێکی ترسناک بۆ خوازبێنیکەرەکە پیشان دەدات.* ]

وا بزانم ئێستا– دەتوانین– ناوی خوای لێ بێنین....

تۆم، گیانەکەم، تۆ ناوی خوای لێ بێنە!

**تۆم:** ئۆه...

"لەبەر ئەمە و هەموو بەزەییەکانی ترت "

[ *ئەوان سەریان دادەخەن، ئاماندا بەچاوێکی گرژەوە تەماشای جیم دەکات. لە ژووری دانیشتندا لۆرا، کە لەسەر قەنەفەیەک درێژ کراوە، دەستی خۆی بەلێوەکانییەوە دەقرمسێنێت، تاکو هەنسکێکی لەرزۆک بگەڕێنێتەوە.* ]

ناوی پیرۆزی خوا ستایش بکرێت–

**دیمەنەکە تاریک دادێت.**



## دیمەنی حەوتەم

### *یادگارێک*

***نیو کاتژمێر دواتر. نانی نیوەڕۆ خەریکە کۆتایی پێ دێت لەلای سەرەوەی شانۆوە کە ئەوێ بەهۆی پەردە راکێشراوەکانەوە شاردراوەتەوە.***

[*هەرکە پەردەکە هەڵدەدرێتەوە لۆرا هێشتا لەسەر قەنەفەکە هەڵکورماوە، پێیەکانی هەڵکێشاوەتەوە ژێرخۆی، سەری لەسەر سەرینێکی شینی کاڵ داناوە، چاوەکانی کراوەن و بەسەیری چاوتێ برن. چرا نوێیەکەی سەر زەویش بەسێبەرە ئارمووشییە گوڵڕەنگەکەیەوە ڕووناکییەکی نەرمی دڵگیر بەدەموچاوی دەبەخشێت، ئەو جوانییە ناسکە نازەمینییە دەردەخات کە بەئاسایی لەبەر سەرنج رادەکات. خورەخوڕێکی بەردەوامی باران هەیە، بەڵام خاو دەبێتەوە و لەگەڵ دەست پێکردنی دیمەنەکەدەوەستێت، ئاووهەوای دەرەوە رەنگزەرد و گەش دەبێت کاتێک مانگ هەڵدێت. تاوێک دوای هەڵدرانەوەی پەردەکان، ڕووناکی لە هەردوو لا ژوورەکاندا پرتەپرت دەکات و دەکوژێتەوە.*]

**جیم:** هێی، بۆ ئەوێ، ئەی مستەر گلۆپی ڕووناکی!

[*ئاماندا بەدەمارگرژییەوە پێدەکەنێت.*

***نەخشی سەرشاشە: "راگرتنی خزمەتگوزارییەکی گشتی".***]

**ئاماندا:** ئەرێ مووسا لە کوێ بوو کاتێک ڕووناکی کوژایەوە؟ ها– ها.
ئەرێ وەڵامی ئەوە دەزانیت، مستەر ئۆکۆنەر؟

**جیم:** نەخێر، خانم، وەڵامەکە چییە؟

**ئاماندا:** لە تاریکی دابوو!

[جیم *بەپێزانینەوە بزە دەکات.*]

هەمووتان بێ جووڵە دانیشن. من مۆمەکان دادەگیرسێنم. ئەرێ بەختمان نییە کەوا مۆمەکان لەسەر مێزن؟ شخارتەکە لە کوێیە؟ کامەتان ئەی خانەدانان دەتوانن شخارتەم پێ بدەن؟

**جیم:** فەرموو.

**ئاماندا:** سوپاس، گەورەم.

**جیم:** شایەنی نییە، خانم!

**ئاماندا:** وا مەزەندە دەکەم فیوزەکە سووتا بێت. مستەر ئۆکۆنەر، ئەرێ تۆ دەزانیت ئەگەر فیوز سووتابێت؟ من دەزانم کە نایزانم و "تۆم" یش یەگجار بەربادە کە کار دەگاتە شتی میکانیکی.

[دەنگ: *هەڵسان: دەنگەکان دەکشێنەوە ناو ناندینۆکەکە.*]

ئۆه، وریا بە خۆت بەشتێک دانەدەیت. ئێمە نامانەوێت خوازبێنیکەرە خانەدانەکەمان ملی بشکێت. ئێستا ئەرێ ئەوە نابێتە ڕۆژێکی خۆشی یەکترناسین؟

**جیم:** ها– ها!

کوا سندوقی فیوزەکان لە کوێیە؟

**ئاماندا:** ڕێک لەوێ یە لەتەنیشت سۆپایەکە. ئەرێ هیچ شتێک دەبینیت؟



**جیم:** تەنیا یەک چرکە.

**ئاماندا:** ئەرێ کارەبا شتێکی سەیر نییە؟

ئەرێ "بێنجامین فرانکلین"[٦٢] نەبوو کە کلیلێکی بەکۆلارەیەکی کاغەزەوە بەستابوو؟

ئێمە لە گەردوونێکی زۆر پڕ ڕازدا دەژین، وا نییە؟ هەندێک کەس دەڵێن زانست هەموو ڕازەکانمان بۆ ئاشکرا دەکات. من لەو بڕوایەدام زانست تەنیا ڕازی پتر دێنێتەکایەوە!

ئەرێ هێشتا نەتدۆزیووەتەوە؟

**جیم:** نەخێر، خانم. هەموو ئەو فیوزانە لەلای من تەواون.

**ئاماندا:** تۆم؟

**تۆم:** بەڵێ، دایە؟

**تۆم:** ئەو لیستەی پارەی کارەبا کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر من دام بەتۆ.
ئەوەکەی کە ئێمە هۆشداریمان لەبارەیەوە وەرگرتبوو؟

[*نەخشی سەرشاشەکە: "ها!"*]

**تۆم:** ئۆه. بەڵێ.

**ئاماندا:** خۆ تۆ بەهیچ جۆرێک پارەدانەکەت پشتگوێ نەخستووە؟

**تۆم:** بۆچی، من–

**ئاماندا:** نەتداوە! دەبوایە ئەوە بزانم!

**جیم:** خاتوو وینگفیلد، ڕەنگە شێکسپیر چەند ڕۆژێک لەمەوبەر

(٦٢) بێنجامین فرەنکلین ( ١٧٠٦–١٧٩٠) سیاسەتمەدار و نووسەر و زانایەکی ناوداری ئەمریکی بوو کە زۆر داهێنانی کردووە . لەمانەش دۆزینەوەی کارەبای ناو هەورە تریشقە . (وەرگێڕ)

شیعرێکی لەسەر ئەو کاغەزەی کارەبا نووسیبێت.

**ئاماندا:** دەبوایە باشتر بمزانیبایە و باوەڕم پێی نەبووایە! لەم دنیایەدا شت پشتگوێ خستن نرخێکی گرانی خۆی هەیە!

**جیم:** لەوانەیە شیعرەکە خەڵاتێکی دە دۆلاری بباتەوە.

**ئاماندا:** ئێمە دەبێت ئەوەندەی لەم ئێوارەیە ماوەتەوە لە سەدەی نۆزدەیەمدا بەسەر ببەین، پێش ئەوەی مستەر "ئێدیسۆن"[٦٣] گلۆپی مازدا دروست بکات!

**جیم:** لەلای من رووناکی مۆم خۆشترین جۆرە رووناکییە.

**ئاماندا:** ئەمە ئەوە دەردەخات کە تۆ کەسێکی رۆمانسیت! بەڵام ئەمە نابێتە بیانوو بۆ تۆم.

باشە، ئێمە لە نانخواردنی ئێوارە بووینەوە. زۆر هەستبەرزییە لەوانەوە کە لێگەڕان لە نانی ئێوارە ببینەوە پێش ئەوە بمانهاوێنە ناو تاریکییەکی هەتا هەتایە، وا نییە، مستەر ئۆکۆنەر؟

**جیم:** ئاوەها!

**ئاماندا:** تۆم، وەکو سزایەک بۆ کەمتەرخەمیت دەبێت یارمەتیم بدەیت لە هەڵگرتنی قاپەکان.

**جیم:** لێگەڕێ با من یارمەتیت بدەم.

**ئاماندا:** بەڕاستی وا ناکەیت!

(٦٣) تۆماس ئەدیسن (١٨٤٧–١٩٣١) یەکێک بوو لە داهێنەرە زۆر بەرهەمدارەکان. لە پاڵ چاککردنی داهێنانی خەڵکانی تر، ئەو بوو گرامەفۆن و شتی تریشی دۆزییەوە. (وەرگێڕ)



**جیم:** دەبێت من بۆ شتێک باش بم!

**ئاماندا:** بۆ شتێک باش بیت؟ [*شێوەی دەنگی سۆزاوییە*]. تۆ؟ بۆچ، مستەر ئۆکۆنەر، هیچ کەسێک، هیچ کەسێک چەند ساڵێکە – ئەوەندەی تۆ خۆشی بەمن نەبەخشیووە !

**جیم:** ئاه، ئێستا، خاتوو وینگفیڵد!

**ئاماندا:** من یەک تۆزیش زێدەڕۆیی ناکەم! بەڵام کیژۆڵەکەمان هەمیشە بەتەنیا دەژیت. بڕۆ لای ئەو لە ناو ژووری دانیشتن! من ئەو مۆمدانە کۆنە دڵڕفێنەت پێ دەدەم کە جاران لەسەر قوربانگەی کڵێسای حەسانەوەی ئاسمانیدا بەکار دەهات. کەمێک تواوەتەوە و شێوەکەی تێکچووە کاتێک کڵێسایەکە ئاگری تێ بەربوو. بەهارێکیان هەورەتریشقە لێی دا.

"جۆنزی قەرەج" ئەوکات لەوێ ئاهەنگێکی ئاینی دەگێڕا و ئەو بەشێوەیەکی دۆستانە پێی گوتم کە کڵێسایەکە بۆیە تێکچوو چونکە پیاوە ئاینییە حکومییەکان لەوێ ئاهەنگی قوماربازییان دەگێڕا.

**جیم:** ئاوەها.

**ئاماندا:** رات چییە بەرامبەر دڵخۆشکردنی کیژۆڵەکەمان بەوەی کەمێک بادە بخۆنەوە؟ وا بزانم بۆ ئەو باش دەبێت! دەتوانیت هەردووکیان پێکەوە هەڵگریت؟

**جیم:** بێگومان. من سوپەرمانم!

**ئاماندا:** ئێستا، تۆماس، ئەو بەروانکە لەبەر بکە!

[*دەرگەی ناندینۆکەکە بەسەر پێکەنینە خۆشەکەی ئاماندادا*

*دادەخرێتەوە: رووناکییە پرتەپرتکەرەکە لە پەردەکان نزیک دەکەوێتەوە.*

*کاتێک ئەو دەچێتە ژوورەوە، لۆرا بەدەمارگرژییەوە بەقیتی دادەنیشێت. لە سەرەتادا قسەکانی نزم و هەناسە لێبڕاون لەبەر بارە نیمچە گرژە خۆڵەبەرنەگیراوەکەی بەتەنیابوون لەگەڵ کەسێکی بیانی.*

***هێمای سەرشاشە: "وا بزانم تۆ هیچ منت بەبیر نایەتەوە!"***

*لە سەرەتای قسەکانی ئەم دیمەنەدا بەرلەوەی گەرموگوڕی جیم بەسەر شەرمنییە لە پەلوپۆخەرەکەیدا زاڵ بێت، دەنگی لۆرا ناسک و هەناسە لێبڕاوە وەکو وابێت بەسەر کۆمەڵێک پەیژەدا بەرەو ژوور رای کردبێت.*

*هەڵوێستی جیم نەرم و خۆشە. لەم دیمەنەدا دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە لە کاتێکدا رووداوەکان بەروونی دیارن بێ بایەخن، بەڵام لەلای لۆرا ئەوانە ترۆپکی ژیانە نهێنییەکەی ئەون.*]

**جیم:** هەلەو، لۆرا.

**لۆرا** [بەنزمی]: هەلەو. [*قوڕگی خاوێن دەکاتەوە.*]

**جیم:** ئێستا چۆنیت؟ باشتریت؟

**لۆرا:** بەڵێ. بەڵێ، سوپاس.

**جیم:** ئەمە بۆ تۆیە. کەمێک بادەی کاسنییە کێویلەیە. [*بەوپەڕی نەرم و نیانییەوە بۆ لای ئەو دەستی درێژ دەکات.*]

**لۆرا:** سوپاس.



**جیم:** بیخۆرەوە، بەڵام سەرخۆش مەبە.

[*پڕبەدڵ پێ دەکەنێت. لۆرا بەنادڵنیاییەوە پەرداغەکە وەردەگرێت: بەشەرمنییەوە پێی دەکەنێت.*]

مۆمەکان لە کوێ دابنێم؟

**لۆرا:** ئۆه– ئۆه، لە هەرکوێیەک....

**جیم:** چۆنە لەسەر زەوییەکە داینێم؟ هیچ رێگرییەک نییە؟

**لۆرا:** نەخێر.

**جیم:** من رۆژنامەیەک رادەخەم تا تکەکان بتکێنەوە سەری. من حەز دەکەم لەسەر زەوی دابنیشم. رێگری ناکەیت ئەگەر وابکەم؟

**لۆرا:** ئۆه، نا.

**جیم:** بالیفێکم بدەرێ؟

**لۆرا:** چی؟

**جیم:** بالیف!

**لۆرا:** ئۆه... [*بەپەلە بالیفێکی پێ دەدات.*]

**جیم:** ئەی تۆ؟ تۆ حەزت لێ نییە لەسەر زەوی دانیشیت؟

**لۆرا:** ئۆه– بەڵێ.

**جیم:** ئەی بۆ واناکەیت؟

**لۆرا:** وا– دەکەم.

**جیم:** بالیفێک ببە! [*لۆرا وا دەکات. لەبەرەکەی تری مۆمدانەکە دادەنیشێت. جیم لاقەکانی تێک دەپەڕێنێت و بەدڵگیرییەوە بزەی بۆ دەکات.*] من بەئاستەم تۆ دەبینم کە لەوێ دابنیشیت.

**لۆرا:** من دەتوانم– تۆ ببینم.

**جیم:** دەزانم، بەڵام ئەوە ڕەوا نییە، من لەبەر ڕووناکییەکە دانیشتووم. [*لۆرا بالیفەکەی نزیکتر دەکاتەوە.*] چاکە! ئێستا دەتوانم بتبینم! ئاسوودەیت؟

**لۆرا:** بەڵێ.

**جیم:** منیش وام. وەکو کارەکۆرپە(٦٤) ئاسوودەم! هەندێک بنێشتت دەوێت؟

**لۆرا:** نەخێر، سوپاس.

**جیم:** بەیارمەتی خۆت، وا بزانم من ئەو هەوەسەم تێر دەکەم. [*بەخۆشییەوە پەلکی بنێشتەکە لێ دەکاتەوە و ڕای دەگرێت.*] بیر لەو سامانە بکەرەوە کە ئەو پیاوە پێکییەوە نا کاتێک یەکەم پارچەی لەمە دروست کرد. سەرسوڕمێنەرە، ها؟ "باڵەخانەی ڕیگلی"(٦٥) یەکێکە لە دیمەنەکانی شیکاگۆ. من هاوینی پێرار بینیم کاتێک چوو بووم بۆ بینینی پێشانگەی "سەدەی پێشکەوتن". ئەرێ تۆ بەشداری پێشانگەی "سەدەی پێشکەوتن"ت کرد؟

**لۆرا:** نەخێر بەشداریم نەکرد.

**جیم:** باشە، ئەوە پێشانگەیەکی تا ڕادەیەک دڵڕفێن بوو. ئەوەی لە هەموو شتێک پتر سەرنجی منی ڕاکێشا "هۆڵی زانست" بوو.

(٦٤) لە ئینگلیزییەکەیدا دەڵێت وەکو (مانگا ئاسوودەم )، بەڵام لە کوردیدا ئەو دەربڕینە بەکار دێت. (وەرگێڕ)

(٦٥) (باڵەخانەی ڕیگلی) یەکێکە لە ڕووخسارە تەلارسازی یە هەرە دڵڕفێنەکانی شیکاگۆ کە بەناوی (ویلیەم ریگلی) دۆزەرەوەی بنێشت ناونراوە. (وەرگێڕ)



چونکە ئەو بیرۆکەیەت دەخاتە مێشکەوە کە ئایندە لە ئەمریکا چۆن دەبێت، تەنانەت زۆر سەرسوڕمێنەرتریش لە کاتی ئێستا! [*وەستان. بزەیەکی بۆ دەکات.*] براکەت بەمن دەڵێت تۆ شەرمنیت. ئەرێ ئەوە ڕاستە، لۆرا؟

**لۆرا:** من– نازانم.

**جیم:** من وا بیر دەکەمەوە تۆ کیژێکی مۆدێل کۆن بیت. باشە، وا بزانم ئەمە جۆرێکی زۆر چاکە. هیوادارم تۆ وا بیرنەکەیتەوە کە من زۆر لە شت دەکۆڵمەوە– وابیر دەکەیتەوە؟

**لۆرا** [*بەپەلە، بەپەشۆکاوییەوە*]: وا بزانم من پارچەیەک بنێشت دەخۆم، ئەگەر تۆ پێت ناخۆش نەبێت. [*قورگی خۆی خاوێن دەکاتەوە*] مستەر ئۆکۆنەر، ئەرێ تۆ هەر لەسەر گۆرانی گوتنی خۆت بەردەوامیت؟

**جیم:** گۆرانی گوتن؟ من؟

**لۆرا:** بەڵێ، من لە بیرمە تۆ چ دەنگێکی خۆشت هەبوو.

**جیم:** کەی تۆ گوێت لەوە بووە من گۆرانیم گوتبێت؟

[*لە کاتی وەستانەکەدا دەنگێک لە دەرەوەی شانۆوە دەبیسترێت*]

**دەنگێک** [*لە دەرەوەی شانۆوە*]:

ئۆهـ، دە هەڵیکە ئەی بای بەرزەواران،
من دەچمە گەشت و گەڕێ!
من دەچمە لای دولبەرەکەی خۆم
بەخۆو بەدەستەوانەی بۆکسانێ–
دەهەزار میل لێرەوە دوورە تا ئەوسەرێ!

**جیم:** تۆ دەڵێیت گوێت لە من بووە گۆرانی بڵێم؟

**لۆرا:** ئۆه، بەڵێ! بەڵێ، زۆر جار... باوەڕ ناکەم- تۆ هەرگیز- منت بەبیر بێتەوە؟

**جیم:** [*بەگومانەوە دەخەنێتەوە*]: تۆ دەزانیت من وابیر دەکەمەوە کە تۆم لەمەوبەر بینیووە. من ئەو بیرەم هەبوو هەر ئەو کاتەی تۆ دەرگەت کردەوە. لەوەدەچوو خەریکە ناوی تۆم بەبیر بێتەوە. بەڵام ئەو ناوەی کە من تۆم پێی بانگ دەکرد- ناو نەبوو! جا بۆیە پێش ئەوەی بیڵێم خۆم راگرت.

**لۆرا:** ئەرێ- گوڵی شین نەبوو؟

**جیم** [*هەڵدەپەرێت. بەگرژینەوەوە*]: گوڵی شین!- ئای خوایە، بەڵێ- گوڵی شین! ئەوە لەسەر زمانم بوو کە تۆ دەرگەت کردەوە!

سەیر نییە کە بیرەوەریت چ فێڵێکت لێ دەکات؟ من تۆم بەخوێندنگەی ئامادەیی یان شتی وا نەبەستایەوە.

بەڵام لەوێ چاوم بەتۆ کەوتبوو، لە خوێندنگەی ئامادەیی. من تەنانەت نەمدەزانی کە تۆ خوشکی شێکسپیریت!

بەخوای، من بەداخەوەم.

**لۆرا:** من چاوەڕوانی ئەوە نەبووم بیزانیت. تۆ- بەئاستەم منت دەناسی!

**جیم:** بەڵام ئێمە بەقسە یەکترمان دەناسی، ها؟

**لۆرا:** بەڵێ، ئێمە- لەگەڵ یەکتر دەدواین.

**جیم:** کەی تۆ منت ناسییەوە؟

**لۆرا:** ئۆه، هەر یەکسەر!





**جیم:** هەر لەگەڵ هاتنە ناوەوەم لە دەرگەکەوە؟

**لۆرا:** کاتێک گوێم لە ناوت بوو بیرم کردەوە لەوانەیە تۆ بیت. من دەمزانی کە تۆم کەمێک تۆی دەناسی لە خوێندنگەی ئامادەییەوە. جا کە تۆ لە دەرگەکەوە هاتیتە ژوورەوە- باشە، ئەوسا من- دڵنیا بووم.

**جیم:** بۆچی ئەوسا هیچ شتێکت نەگوت؟

**لۆرا** [*بەهەناسەبرکێوە*]: من نەمدەزانی چی بڵێم، من- یەکجار سەرسوڕماو بووم!

**جیم:** بۆ خاتری خوا! تۆ دەزانیت، ئەوە بێگومان شتێکی خۆشە!

**لۆرا:** بەڵێ! بەڵێ، وا نییە، هەرچەندە...

**جیم:** ئەرێ من و تۆ لە وانەی بابەتێکدا پێکەوە نەبووین؟

**لۆرا:** بەڵێ، وا بوو.

**جیم:** ئەرێ ئەوە چ وانەیەک بوو؟

**لۆرا:** ئەوە وانەی- کۆرسی- گۆرانی بوو!

**جیم:** ئۆی!

**لۆرا:** من لەوبەری رارەوەکەی تۆوە لە ناو هۆڵی گوێگرتندا دادەنیشتم.

**جیم:** ئۆی.

**لۆرا:** دووشەمووان، چوارشەمووان و هەینییان.

**جیم:** ئێستا وا دێتەوە بیرم- تۆ هەمیشە درەنگ دەهاتیت.

**لۆرا:** بەڵێ، ئەوە زۆر بۆ من سەخت بوو بەسەر پەیژەکان بکەوم. من ئەو پابەندانەم بەقاچەکانمەوە بوو- کە تەپ و هۆڕێکی زۆری لێوە دەهات.

**جیم:** من گوێم لە هیچ تەپ و هۆڕێک نەبوو.

**لۆرا** [*لەگەڵ یادگارەکان رادەچڵەکێت*]: لەلای من دەنگی دەتگوت گرمەی هەورە!

**جیم:** باشە، باشە، باشە، من تەنانەت هەر هەستیشم پێ نەدەکرد.

**لۆرا:** هەروەها هەموو کەسێک پێش ئەوەی من بێمە ژوورەوە لەوێ دانیشتبوون. دەبوایە من بەبەردەم ئەم هەموو خەڵکەدا برۆم. کورسییەکەی من لە رێزی پشتەوە بوو. دەبوایە من بەدرێژاییی ئەو رارەوە بەگرمەوە برۆم و هەموو کەسیش تەماشام بکات!

**جیم:** نەدەبوایە تۆ هێندە شەرمن بووایت.

**لۆرا:** دەزانم، بەڵام من وابووم. هەمیشە بۆ من فەرامۆشی بوو کاتێک گۆرانی دەستی پێ دەکرد.

**جیم:** ئۆ، بەڵێ، ئێستا تۆم بیر هاتەوە! من فێر بووبووم تۆ بە"Blue Roses/ گوڵی شین " بانگ بکەم. ئەرێ چۆن بوو من دەستم کرد بەبانگکردنت بەم جۆرە؟

**لۆرا:** من ماوەیەکی کەم لە خوێندنگە دوور کەوتمەوە کە سییەکانم تووشی هەوکردن بوون. کاتێک هاتمەوە تۆ لێت پرسیم مەسەلەکە چی بوو. منیش گوتم تووشی Pleurosis / هەوکردنی سییەکان بووبووم– تۆش وات زانی من گوتم Blue Roses / گوڵی شین. دوای ئەوە تۆ هەمیشە وا منت بانگ دەکرد.

**جیم:** هیوادارم پێت ناخۆش نەبووبێت.

**لۆرا:** ئۆهـ، نا– من حەزم دەکرد. تۆ دەزانیت، من زۆر کەسم– نەدەناسی....



**جیم:** وەک بەبیرمە تۆ بەجۆرێک بەخۆتەوە خەریک بوویت.

**لۆرا:** من– من– هەرگیز زۆر بەبەخت نەبوویم لە– پەیداکردنی برادەر.

**جیم:** نازانم بۆچی تۆ وات نەدەکرد.

**لۆرا:** باشە، من– بەخراپی دەستم پێ کرد.

**جیم:** تۆ مەبەستتە کە–

**لۆرا:** بەڵێ، ئەمە بەجۆرێک– لە نێوان من–

**جیم:** نەدەبووایە لێ بگەڕێیت!

**لۆرا:** دەزانم، بەڵام وای کرد و–

**جیم:** تۆ لەگەڵ خەڵکی شەرمن بوویت!

**لۆرا:** هەوڵم دا وا نەبم، بەڵام هەرگیز نەمتوانی–

**جیم:** بەسەریدا زاڵ بیت؟

**لۆرا:** نەخێر، من– من هەرگیز نەمتوانی!

**جیم:** وا بزانم دەبێ تۆ بەرە بەرە بەسەر ئەو جۆرە شەرمنییەدا زاڵ بیت.

**لۆرا** [*بەخەفەتبارییەوە*] بەڵێ دەزانم ئەوە

**جیم:** کاتی پێ دەوێت!

**لۆرا:** بەڵێ–

**جیم:** خەڵکی هێندە خراپ نین کاتێک تۆ دەیانناسیت. دەبێت تۆ ئەمەت لە بیر بێت! هەروەها هەموو کەسێک گیروگرفتی هەیە، نەک بەتەنیا تۆ، بەڵام بەکردەیی هەموو کەس هەندێک کێشەی هەیە.

تۆ وا دەزانیت بەس تەنیا تۆ کێشەت هەیە، بەس تەنیا تۆ

کەسێکی نائومێد بوویت. بەڵام تەنیا سەیرێکی دەوروبەری خۆت بکە دەبینیت کە زۆر خەڵک هەن هێندەی تۆ نائومێدن. بۆ نموونە، من کە چوومە خوێندنگەی ئامادەیی هیوادار بووم کە لەوە بچمە سەرەوە، شەش ساڵ دواتر، گەیشتمە ئەو شوێنەی کە ئێستا پێی گەیشتم – تۆ نووسینە جوانەکانی منت لەبیرە کە لە گۆڤاری "مەشخەڵ" دەمنووسین؟

**لۆرا:** بەڵێ! [*هەڵدەستێتەوە و بەرەولای مێزەکە دەچێت.*]

**جیم:** ئەوان دەیانگوت کە هەر کارێکی من بیکەم دەبێت تێیدا سەرکەوم! [*لۆرا بەخۆ و بەکتێبی ساڵانەوە دەگەڕێتەوە.*] حەزرەتی مەسیحی پیرۆز! گۆڤاری "مەشخەڵ"! [*بەسەنگینییەوە لێی وەردەگرێت. بەسەرسوڕمانێکی هاوبەشەوە بەمە دەخەننەوە. لۆرا لە تەنیشت ئەو هەڵدەتووتێت و ئەوان دەست بەلاپەڕە ئاواکردن دەکەن. شەرمنییەکەی لۆرا لە ناو گەرمی ئەودا دەتوێتەوە.*]

**لۆرا:** ئەوەتا تۆیت لە ناو ئۆپەرێتی "چەتەکانی پێنزانس" دایت!

**جیم** [بەپەرۆشییەوە]: من دەنگی نێری سەرەکی بووم لەو ئۆپەرێتەدا.

**لۆرا** [*بەداڵغەوە*] چەند- بەجوانییەوە!

**جیم** [*بەناڕەزاییەوە*]: ئۆ و –

**لۆرا:** بەڵێ، بەڵێ- بەجوانی- بەجوانی!

**جیم:** تۆ گوێت لێم بوو؟

**لۆرا:** هەرسێ جار!

**جیم:** نەخێر!

**لۆرا:** بەڵێ!



**جیم:** هەرسێ نمایش؟

**لۆرا** [*تەماشای خوارەوە دەکات*]: بەڵێ.

**جیم:** بۆچی؟

**لۆرا:** من دەمویست داوات لێ بکەم ئیمزا لەسەر پرۆگرامی نمایشەکە بکەیت. [*پرۆگرامەکە لە پشتی کتێبی ساڵانە دێنێتەدەر و نیشانی دەدات.*]

**جیم:** ئەدی بۆ داوات لێ نەکردم؟

**لۆرا:** تۆ هەمیشە ئەوەندە بەبرادەرەکانت دەورە درابوویت کە من هەرگیز ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخسا.

**جیم:** دەبوایە تۆ تەنیا –

**لۆرا:** باشە، من- وام بیرکردەوە ڕەنگە وا بیر بکەیتەوە من-

**جیم:** وام بیرکردەوە ڕەنگە وا بیر بکەیتەوە من- چی؟

**لۆرا:** ئۆه –

**جیم** [*بەبیرکردنەوەیەکی بەپەرۆشەوە*]: من ئەو ڕۆژانە چواردەورم بەئافرەت گیرا بوو.

**لۆرا:** تۆ یەکجار بەناوبانگ بوویت!

**جیم:** بەڵێ-

**لۆرا:** تۆ هێندە- دۆستانە بوویت-

**جیم:** من لە خوێندنگەی ئامادەیی تێکیان دام.

**لۆرا:** هەموو کەسێک- تۆی خۆشدەویست!

**جیم:** تۆش؟

**لۆرا:** من- بەڵێ، منیش وابووم – [*بەنەرمی کتێبەکە لەسەر کۆشی*

خۆی *دادەخاتەوە*.]

**جیم:** باشە، باشە، باشە!- ئەو پرۆگرامەم بدەرێ، لۆرا. [*پێی دەدات. بەگورجی ئیمزای دەکات*.] ئەوەتا- درەنگ بکرێت باشترە لەوەی هەرگیز نەکرێت!

**لۆرا:** ئۆه، من- ئای چ- شتێکی سەرسوڕمێنە!

**جیم:** ئێستا ئیمزای من بایەخێکی ئەوتۆی نییە. بەڵام- ڕەنگە- ڕۆژێک دابێت- بایەخی زیاد بکات! نائومێد بیت شتێکە و ورەت بڕووخێنرێت شتێکی ترە. من نائومێدکراوم، بەڵام وەرووخاو نیم. من تەمەنم بیست و سێ ساڵە.

تەمەنی تۆ چەندە؟

**لۆرا:** مانگی جۆزەردان دەبمە بیست و چوار.

**جیم:** تەمەنت گەورە نییە!

**لۆرا:** نەخێر، بەڵام-

**جیم:** خوێندنگەی ناوەندیت تەواو کرد؟

**لۆرا** [بەزەحمەتییەوە]: من نەچوومەوە خوێندنگە.

**جیم:** مەبەستت وایە وازت لە خوێندن هێنا؟

**لۆرا:** من لە تاقیکردنەوەکانی کۆتاییدا نمرەی خراپم وەرگرت. [*هەڵدەستێتەوە و کتابەکە و پرۆگرامەکە لە شوێنی خۆی دادەنێتەوە. دەنگی شڵەژاوە*.] ئەرێ- ئێمیلی مایزنباخ چۆنە؟

**جیم:** ئۆه، ئەو سەرک کەلەرمە[٦٦]!

(٦٦) (سەرک کەلەرم): ناو و ناتۆرەیەکە ئەمریکییەکان بەو کەسانەی دەڵێن کە بە ڕەچەڵەک ئەڵمانین. (وەرگێڕ)



**لۆرا:** بۆچی وای پێ دەڵێیت؟

**جیم:** چونکە ئەو جاران وابوو.

**لۆرا:** ئێستا تۆ- لەگەڵی ناچیتە دەرەوە؟

**جیم:** هەر ناشیبینم.

**لۆرا:** لە بەشی هەواڵە تایبەتییەکاندا خوێندمەوە کە ئێوە- لێک مارەکرابوون!

**جیم:** دەزانم، بەڵام ئەو پروپاگەندەیە- کاری تێ نەکردم!

**لۆرا:** ئەوە- ڕاست- نەبوو؟

**جیم:** تەنیا لە ڕوانگەی گەشبینانەی ئێمیلییەوە ئەمە وابوو!

**لۆرا:** ئۆه-

[***نەخشی سەرشاشە: "تۆ لەوەتەی خوێندنگەی ئامادەییەوە چیت کردووە***؟"

*جیم جگەرەیەک دادەگیرسێنێت و بەخاوییەوە بەسەر ئانیشکەکانی خۆی پاڵ دەداتەوە و بەگەرمی بۆ لۆرا* بزە دەکات *و ئەمەش ناخی ئەو بە مۆمی سەرقوربانگە* ڕووناک دەکاتەوە. *لۆرا لەلای مێزەکە دەمێنێتەوە و پارچە گیانەوەرێکی شووشەیی لە ناو دەستی خۆی هەڵگێڕ و وەرگێڕ پێ دەکات بۆ شاردنەوەی پەشۆکاوی خۆی*.]

**جیم** [*دوای چەندین فووکردنی دالغاوی بەسەر جگەرەکەیدا*]: ئەرێ تۆ لە دوای خوێندنگەی ئامادەییەوە چیت کردووە؟ [*وا پێدەچێت لۆرا نەیبیستبێت*]. هۆه؟ [*لۆرا سەر بەرز دەکاتەوە*.] من گوتم ئەرێ تۆ لە دوای خوێندنگەی ئامادەییەوە چیت کردووە؟

**لۆرا:** شتێکی زۆر نا.

**جــیم:** تۆ دەبێت لە مــاوەی ئەو شـــەش ســاڵەدا هەندێک شــتت هەر کردبێت.

**لۆرا:** بەڵێ.

**جیم:** باشە، کەواتە، وەکو چی؟

**لۆرا:** من کۆرسێکی ئیش و کارم لە کۆلیژی ئیش و کار وەرگرت–

**جیم:** سەرەنجامی ئەمە چۆن بوو؟

**لۆرا:** ئێ، زۆر – باش نەبوو– ناچار بووم کە وازی لێ بهێنم، چونکە تووشی– گەدە تێکچوونی کردم–

[*جیم بەنەرمی پێ دەکەنێت.*]

**جیم:** ئەی ئێستا چی دەکەیت؟

**لۆرا:** من زۆر – شت ناکەم. تکایە، وا مەزانە من لەوناوە دادەنیشم و هیچ ناکەم! ئەم کۆمەڵە گیانەوەرە شووشەییانە کاتێکی زۆرم لێ دەبەن. شووشە شتێکە دەبێت تۆ بەباشی ئاگات لێی بێت.

**جیم:** تۆ چیت گوت لەبارەی شووشەوە؟

**لۆرا:** گوتم کۆمەڵێک شووشەم هەیە [*قوڕگی خۆی خاوێن دەکاتەوە و بەشەرمێکی زۆرەوە ڕوو وەردەگێرێت.*]

**جیم** [*لەپڕەوە*]: تۆ دەزانیت بەڕای من کێشەی تۆ چییە؟

تۆ گرێی خۆبەکەم زانینت هەیە! دەزانیت ئەمە چییە؟ ئەوان وای پێ دەڵێن کاتێک کەسێک خۆی بەکەم دادەنێت!

من لێی تێ دەگەم، چونکە بەخۆشم هەمبوو. هەرچەندە حاڵەتەکەی من هێندەی ئەوەی تۆ بەرباد نەبووبوو. من تا



کۆرسی وتاربێژی گشتیم وەرنەگرت هەر مامبوو. پاشان دەنگی خۆمم گەشە پێدا و زانیم کە توانای زانستیم هەیە. پێش ئەو کاتە من هەرگیز بیرم لەخۆم نەکردبووەوە کە لە هیچ لایەنێکەوە کەسێکی هەڵکەوتوو بم!

ئێستا هەرگیز لێکۆڵینەوەیەکی ڕێکوپێکم لەوبارەیەوە نەکردووە، بەڵام برادەرێکم هەیە پێم دەڵێت کە من دەتوانم خەڵکی باشتر لەو دوکتۆرانە شیێ بکەمەوە کە ئەوان بەپیشە ئەو کارە دەکەن. من ناڵێم پێویستە ئەو قسەیە ڕاست بێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە لۆرا من دەتوانم سایکۆلۆجیای کەسێک بزانم! [*بنێشتەکەی دەردەهێنێت.*] لۆرا، بمبوورە. کاتێک تامەکەی نامێنێت، من هەمیشە دەری دەهێنم. من ئەو پارچە کاغەزە بۆ تێوەرگرتنی بەکار دێنم. من دەزانم ئەوە چۆن بەپێڵاوەوە وەدەنووسێت.

باشە– بەبڕوای من ئەمە کێشەی سەرەکی تۆیە. بڕوا بەخۆ نەبوونت وەکو کەس. تۆ بڕێکی تەواو بڕوات بەخۆت نییە. من بناغەی ئەو ڕاستییە لەسەر ژمارەیەک تێبینی تۆ و سەرنجی خۆم دادەنێم. بۆ نموونە ئەو تەپە تەپەی تۆ پێت وابوو یەگجار بەربادە لە خوێندنگەی ئامادەیی. تۆ دەڵێیت تەنانەت دەترسایت بەناو پۆلدا بڕۆیت. تۆ دەبینیت چیت کرد؟ تۆ خوێندنگەت بەجێ هێشت، تۆ وازت لە فێربوون هێنا لەبەر تەپ و هۆڕ، ئەوەی کە هێندەی من بیزانم لە ڕاستیدا لە ئارادا نەبوو! تۆ کەمێک ناتەواوی جەستەییت هەیە. تەنانەت بەئاستەم هەستیشی پێ دەکرێت! ئەمەش هەزاران جار بەئەندێشە گەورە کراوە!

تۆ دەزانیت ئامۆژگاری بەهێزی من بۆ تۆ چییە؟ وا بیر بکەرەوە کە تۆ لەلایەنێکەوە بەرزتریت!

**لۆرا:** لە چ ڕووێکەوە وا بیر بکەمەوە؟

**جیم:** بۆچی، مادام مرۆڤ دەژیت، لۆرا! تەنیا کەمێک سەیری دەوروبەری خۆت بکە. چی دەبینیت؟ دنیایەکی پڕ خەڵکی ئاسایی! هەموویان لە دایک بووینە و هەمووشیان هەر دەمرن!

کامەیان لەوان یەک لە دەی خاڵە چاکەکانی تۆیان هەیە! یان هی من! یان هی هەر کەسێکی تر، مادام ئەوە هەیە- ئای خوایە!

هەرکەسێک لە شتێکدا باڵادەستە. هەندێک کەس لە زۆر ڕووەوە!

[*بەبێ ئاگا لەخۆبوونەوە لە ئاوێنەدا سەیری خۆی دەکات.*]

ئەوەی تۆ لەسەرتە بیکەیت ئەوەیە بیزانیت لە چیدا!

هەر بۆ نموونە، من وەربگرە.

[*ئەو لەبەر ئاوێنەکەدا قەرەوێتەکەی خۆی ڕێک دەخات.* ]

ئارەزووی من خۆی لە ئەلیکترۆنیکی جوولەییدا دەبینێتەوە. من لە خوێندنگەیەکی شەوانەدا کۆرسێک لە ئەندازەی ڕادیۆییدا وەردەگرم، لۆرا، چونکە لە کارێکدام کە تا ڕادەیەک بەرپرسیارێتی تێدایە لە کۆگاکەدا. من ئەو کۆرسە وەردەگرم و وتاربێژی گشتیش دەخوێنم.

**لۆرا:** ئۆۆۆی.



**جیم:** چونکە من بڕوام بەداهاتووی تەلەفزیۆن هەیە!

[*پشتی تێ دەکات.*]

هیوادارم کە لەو بوارەدا بەرەو سەرەوە هەڵکشێم. بۆیە من پلان دادەنێم کە لە نهۆمی ژێرەوە پێم لە زەوی گیر بکەم. ئەوەی ڕاستی بێت من ماوەیەکە پێوەندی ڕاست و دروستم پێکەوە ناوە و ئەوەی دەشمێنێتەوە ئەوەیە کە پیشەسازییەکە بکەوێتە کار! بەهەموو گوڕێکەوە

[*چاوەکانی دەبریسکێنەوە.*]

زانیاری - زرپ! پارە- زرپ! -هێز!

خوولی دیموکراسی لەسەر ئەمانەوە بەندە!

[*هەڵوێستی ئەو بەبڕواپێهێنانەوە بزوێنەرە. لۆرا لێی ڕادەمێنێت، تەنانەت شەرمنییەکەی لە ناو ئەو سەرسوڕمانە ڕەهایەدا کەوتووەتە پەناوە. ئەو لەپڕ دەگرژێتەوە.*]

وا بزانم تۆ وا بیر دەکەیتەوە کە من زۆر بیر لەخۆم دەکەمەوە!

**لۆرا:** نەخێرررر، من-

**جیم:** ئێستا ئەدی دەربارەی تۆ؟ ئایا شتێک هەیە کە تۆ پتر ئارەزووت لێیەتی لە هەموو شتێکی تر؟

**لۆرا:** باشە، من- وەکو گوتم- کۆمەڵێک گیانەوەری شووشەییم- هەیە-

[*قریووەی پێکەنینێکی کیژانە لە ناندینەکەوە دێت.* ]

**جیم:** من بەتەواوی دڵنیا نیم تۆ باسی چی دەکەیت. ئەوانە چ جۆرە شووشەیەکن؟

**لۆرا:** پارچەی بچووکی شووشەن، بەزۆری بۆ جوانکارین!

زۆربەیان گیانەوەری بچووکن کە لە شووشە دروستکراون، وردترین گیانەوەری بچووکی دنیان. دایکم پێیان دەڵێت گیانەوەری شووشەییی! ئەمە نموونەی یەکێکیانە، ئەگەر حەزت لێیە بیبینیت!

ئەمەیان کۆنترینیانە. ئەمەیان تەمەنی سیانزە ساڵە.

[**_مۆسیقا: "گیانەوەرە شووشەیییەکان_** ".

*ئەو دەستی بۆ درێژ دەکات.* ]

ئۆه، وریا بە، هەر هەناسە بدەیت، دەشکێت!

**جیم:** باشترە نەیبەم. من لەگەڵ ئەو شتانەدا تا ڕادەیەک چەچەپەپەم.

**لۆرا:** بەردەوام بە، من لەو شتانە بڕوام پێت هەیە!

[*لە ناو لەپی دای دەنێت.*]

بزانە ئێستا تۆ بەنەرمی هەڵی دەگریت!

لەسەر ڕووناکییەکە رای گرە، ئەو حەزی لە ڕووناکییە! دەبینیت چۆن ڕووناکی لە ناویدا دەدرەوشێتەوە؟

**جیم:** بەدڵنیاییەوە دەدرەوشێتەوە!

**لۆرا:** من نابێت لایەنگیری هیچ یەکێکیان بم، بەڵام ئەمەیان لەلای من خۆشەویستترینیانە.

**جیم:** ئەوەیان دەبێ چ جۆرە شتێک بێت؟

**لۆرا:** هەستت بەوە نەکردووە کە ئەمەیان یەک دانە قۆچ لە نێوچاوانی هەیە؟

**جیم:** گیانەوەری یەکشاخەیە، ها؟



**لۆرا:** مممم– هممم!

**جیم:** گیانەوەرە یەکشاخەکان، ئەدی ئەوان لە دنیای نوێدا قڕیان تێنەکەوتووە؟

**لۆرا:** دەزانم!

**جیم:** ئەی هاوڕێی بەسەزمان، دەبێت ئەو هەست بەجۆرێک تەنیایی بکات.

**لۆرا:** [*بەبزەوە*]: باشە، ئەگەر واش هەست بکات گلەیی ناکات. ئەو لەسەر تاقیچکە لەگەڵ هەندێک ئەسپ کە قۆچیان نییە دەمێنێتەوە و وا پێدەچێت هەموویان بەخۆشی پێکەوە هەڵبکەن.

**جیم:** چۆن دەیزانیت؟

**لۆرا:** [*بەنەرمییەوە*]: من گوێم لە هیچ دەمەقاڵێیەکی نێوانیان نەبووە!

**جیم:** [*بەگرژینەوەوە*]: هیچ دەمەقاڵێیەک، ها؟ باشە، ئەمە نیشانەیەکی تا ڕادەیەک چاکە! لە کوێی دابنێم؟

**لۆرا:** لەسەر مێزەکە دای بنێ. ئەوان هەموویان لە ماوەیەکدا حەز بەوە دەکەن شوێنیان بگۆڕدرێت!

**جیم** [*ڕادەکشێت*] باشە، باشە، باشە، باشە–

بڕوانە سێبەرم چەند گەورەیە کاتێک ڕادەکشێم!

**لۆرا:** ئۆه، ئۆه، بەڵێ سێبەرت بەسەر بنمیچەکەدا دەکشێت!

**جیم:** [*دەچێتە لای دەرگەکە*]: وابزانم دەبێت ببارێت. [*دەرگەی پەیژەی دەربازبوون لە ئاگرکەوتنەوە دەکاتەوە*]. مۆسیقاکە لە کوێیەوە دێت؟

**لۆرا:** لە هۆڵی سەماکردنی بەهەشتەوە کە لەوبەری کۆڵانەکەوەیە.

**جیم:** خانم وینگفیلد، چی دەڵێیت بۆ کەمێک سەماکردن؟

**لۆرا:** ئۆه–

**جیم:** یان بەرنامەکەی تۆ پڕ بووەتەوە؟ لێگەڕێ با سەیرێکی بکەم. [*کارتێکی ئەندێشەیی هەڵدەگرێت.*] بۆچی، هەموو سەمایەکان گیراونەتەوە! من دەبێت هەندێکیان بسڕمەوە. [*مۆسیقای سەمای ڤالس: "لە گۆلۆندرینا"*[٦٧]] ئاه، سەمای ڤالس! [*ئەو هەندێک لە دەوری خۆی دەسوڕێتەوە و ئینجا باسکی لە قەدی لۆرا وەردەهێنێت* ].

**لۆرا** [*بەهێنکەبڕاوییەوە*]: من ناتوانم سەما بکەم!

**جیم:** ئادەی با ئەم هەستی خۆبەکەمزانینەت بڕوات! وەرە، هەوڵدە!

**لۆرا:** ئۆه، بەڵام من پێ لە تۆ دەنێم!

**جیم:** خۆ من لە شووشە دروست نەکراوم.

**لۆرا:** چۆن– چۆن– چۆن دەست پێ بکەین؟

**جیم:** تەنیا بۆ منی بەجێ بهێلە. تۆ کەمێک باسکت وا درێژ بکە.

**لۆرا:** ئەوها؟

**جیم:** کەمێک بەرزتر. تەواوە. ئێستا خۆت توند مەکە، ئەوە گرینگترین شتە– بەئیسراحەتی خۆت.

**لۆرا** [*بەهێنکەبڕاوییەوە پێ دەکەنێت*]: زەحمەتە وا نەکەم. دەترسم تۆ نەتوانیت من بێنیتە جوولە.

(٦٧) (لە گۆلۆندرینا) ناوی ئیسپانی "پەڕەسێلکەیە". ئەم گۆرانییە ئەودەمای زۆر باو بوو و دەربارەی شتی ساتەوەختی و ئەو شتانە بوو کە لەگەڵ هاتنی هاویندا بەسەردەچن. (وەرگێڕ)



**جیم:** لەسەر چی گرەو دەکەیت کە من ناتوانم؟ [*بەجوولە دەیهەژێنێتەوە.*]

**لۆرا:** ئای خوایە، بەڵێ، دەتوانیت!

**جیم:** ئێستا خۆت شل بکە، لۆرا، تەنیا خۆت شل بکە.

**لۆرا:** من–

**جیم:** بەردەوام بە!

**لۆرا:** هەوڵ دەدەم!

**جیم:** هێندە بەڕەقی نا– بەئاسانی بیکە!

**لۆرا:** دەزانم، بەڵام من–

**جیم:** بڕبڕەی پشتت شل بکە! ئێستا ببینە، ئەمە زۆر چاکترە.

**لۆرا:** چاکترم؟

**جیم:** زۆر، زۆر چاکتریت! [*بەناو ژوورەکەدا سووڕی پێ دەدات لە سەمایەکی ڤالسی شڕوشێرێودا.* ]

**لۆرا:** ئۆه، لەخۆمێ!

**جیم:** ها– ها!

**لۆرا:** ئۆه، خوایە!

**جیم:** ها– ها– ها! [*ئەوان لەپڕ خۆیان بەمێزەکە دادەن. جیم دەوەستێت.*] ئەوە خۆمان بەچی دادا؟

**لۆرا:** مێز.

**جیم:** ئەرێ چی لەسەر بەربووەوە؟ وا بزانم–

**لۆرا:** بەڵێ.

**جیم:** هیوادارم ئەو ئەسپە بچووکە نەبێت کە قۆچی پێوە بوو!

**لۆرا:** بەڵێ.

**جیم:** ئۆ و، ئۆو، ئۆو. ئەرێ شکاوە؟

**لۆرا:** ئێستا ئەویش رێک وەکو ئەسپەکانی ترە.

**جیم:** ئەوەکەی خۆی لەدەست دا–

**لۆرا:** قۆچ!

قەیدی نییە. رەنگە خێری پێوە بوو بێت.

**جیم:** تۆ هەرگیز نامبووریت. وا بزانم ئەوەیان خۆشەویستترین پارچەی شووشەییت بوو.

**لۆرا:** من شتی خۆشەویستم زۆر نین. ئەمەیان کارەسات نییە، خاڵێکی بچووکە. شووشە بەئاسانی دەشکێت. هەرچەندەش بەوریاییەوە تۆ ئاگەداریان بیت. هاتوچۆکردن تاقیچکەکان دەلەقێنێتەوە و شتەکانی سەری بەردەبنەوە.

**جیم:** لەگەڵ ئەوەشدا من هەر بەداخەوەم کە من هۆی روودانی ئەوە بووم.

**لۆرا** [*بەزەردەخەنەوە*] من تەنیا وا ئەندێشە دەکەم کە نەشتەرگەرییەکی بۆ کراوە. قۆچەکەی لێکراوەتەوە بۆ ئەوەی وای لێ بێت خۆی کەمتر بە– رێزپەڕ ببینیت.

[*هەردووکیان پێ دەکەنن.*]

ئێستا ئەولەگەڵ ئەسپەکانی تردا پتر هەست بەتەبایی دەکات، لەگەڵ ئەوانەی کە قۆچیان نییە....

**جیم:** ها– ها، ئەمە زۆر پێکەنیناوییە!

[*لەپڕەوە بەجەرگسۆزییەوە.*]

من دڵخۆشم کە دەبینم تۆ هەستی سوحبەتکردنت هەیە.

تۆ دەزانیت– باشە– تۆ– زۆر جیاوازیت.





بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر جیایت لە هەموو ئەو کەسانەی دەیانناسم!

[*بەهەستێکی قووڵەوە* دەنگی نەرم و *ڕاڕا* دەبێت.]

پێت ناخۆش نییە ئەوەت پێ دەڵێم؟

[*لۆرا لە شەرمان بێدەنگ دەبێت.*]

مەبەستم بوو بیڵێم بەجۆرێکی خۆش وایت....

[*لۆرا بەشەرمەوە سەردەلەقێنێتەوە، تەماشای ئەولا دەکات.*]

تۆ وام لێ دەکەیت هەست بەجۆرێک– نازانم چۆن بیڵێم!

من هەمیشە باشم لە دەربڕینی شتەکاندا، بەڵام–

ئەمە شتێکە نازانم چۆنی بڵێم!

[*لۆرا گەرووی خۆی دەگرێت و خاوێنی دەکاتەوە گیانەوەرە یەکشاخە شکاوەکە لە ناودەستی خۆی هەڵگێر و وەرگێڕی پێ دەکات. تەنانەت بەجۆرێکی نەرمتریش.*]

ئەرێ هیچ کەس پێی گوتوویت تۆ جوانیت؟

[ *وەستان:* مۆسیقا.

*لۆرا بەهێواشی سەرهەڵدەبڕێت، بەسەرسوڕمانەوە، سەری خۆی دەهەژێنێتەوە.*]

باشە، تۆ جوانیت! بەشێوەیەکی زۆر جیا لەهەر کەسێکی تر.

هەروەها جوانتریشی لەبەر ئەو جیاوازیت

[دەنگی نزم و گڕ دەبێت. *لۆرا* روو وەردەگێڕێت، نزیکەی *لەخۆچووە لەبەر تازەیی ئەو هەستانەی.*]

خۆزگە تۆ خوشکی من بوایت. فێری ئەوەم دەکردیت کە هەندێک بڕوات بەخۆت هەبێت. خەڵکی جیاواز وەکو خەڵکی تر نین، بەڵام لەبەر جیاوازبوون نابێت شەرم بکەن. چونکە خەڵکی

تر خـەڵکی هێندە دڵڕفـێن نین. ئەوان بەسـەدان و بەهەزارانن.
بەڵام تۆ بـەتەنیـا هـەرخـۆتیت! ئەوان هـەمـوویـان بەسـەر زەویدا
دەڕۆن. بەڵام تۆ تەنیـا لێرە دەمـێنیـتـەوە. ئەوان شـتـی ڕەمـەکین
وەکو- گیای بژار، بەڵام- تۆ باشە، تۆ- گوڵی شینی!

[*وێنەی سەرشاشە: گوڵی شین.*
***مۆسیقا دەگۆڕێت***.]

**لۆرا:** بەڵام ڕەنگی شین هەڵەیە بۆ- گوڵ....

**جیم:** بۆ تۆ ڕاستە!- تۆ- جوانیت!

**لۆرا:** لە چ ڕووێکەوە من جوانم؟

**جیم:** لە هەموو ڕووێکەوە- باوەڕ بکە! چاوەکانت- قژت- جوانن!
دەستەکانت جوانن!

[*ئەو دەستەکانی لۆرا دەگرێت*.]

تۆ وا دەزانیت من ئەو قسانە دەکەم، چونکە بۆ نانی ئێوارە
بانگێشت کراوم و دەبێت قسەی خۆش بکەم. ئۆه، دەمتوانی
وابکەم! لۆرا، دەمتوانی بۆ تۆ خۆنواندن بکەم و زۆر شت بڵێم
بەبێ ئەوەی لەگەڵت زۆر ڕاستگۆ بم. بەڵام ئەمجارە من، من
لەگەڵ تۆ بەراستگۆیی دەدوێم. وا هەڵکەوت کە من هەست بەوە
بکەم کە تۆ ئەو هەستی خۆبەکەمزانینەت هەیە کەوا لە تۆ
دەکات پێت نەکرێت لەگەڵ خەڵکی ئاسوودە بیت. پێویستە
یەکێک بڕوا بەخۆبوونت بۆ دروست بکات، وا لە تۆ بکات
هەست بەشانازی بکەیت لەجیاتی شەرمنی و ڕووکردنە ئەولاوە
و- سوورهەڵگەڕان- یەکێک- پێویستە- پێویستە- ماچت
بکات، لۆرا!

[*بەهێواشی دەستی لەسەر قۆڵییەوە بەرەو سەرشانی*



*هەڵدەکشێت.*
*دەنگی مۆسیقاکە بەشڵەژاوییەوە قەبە دەبێت.*
*ئەو لەپڕەوە وەری دەسوڕێنێت و سەرلێوی ماچ دەکات.*
*کاتێک بەری دەدات، لۆرا بەنیگایەکی گەشی سەرمەستانەوە*
*بەناو قەنەفەکەدا ڕوودەچێت.*
*جیم پشتی تێ دەکات و لە ناو گیرفانی خۆیدا بەدوای*
*جگەرەیەکدا دەگەڕێت.*
***نەخشی سەرشاشە: یادگاری***.]

هەڵەکەرێکی مەزن!

[جگەرەکە پێ دەکات، خۆی لە نیگاکانی لادەدات.
قریووەی پێکەنینێکی کیژانە لە ناو ناندینەکەوە لە ئاماندواوە
دەبیسترێت.
لۆرا بەهێواشی دەستی بەرز دەکاتەوە و دەستی دەکاتەوە.
هێشتاش هەر گیانەوەرە بچکۆڵە شکاوەکەی تێدایە. بەچاوێکی
نەرم و *سەرلێشێواوییەوە تەماشای دەکات*.]

هەڵەکەرێکی مەزن!
نەدەبوایە وابکەم- ئەوە هەڵەیەکی گەورە بوو. تۆ جگەرە
ناکێشیت، وایە؟

[*لۆرا سەرهەڵدەبڕێت، بزە دەکات، گوێی لە پرسیارەکە نابێت.*
*ئەو کەمێک بەوریاییەوە لە تەنیشتی دادەنیشێت. لۆرا*
*بەبێدەنگی تەماشای ئەو دەکات*- چاوەڕوانە.
جیم بەرێزەوە دەکۆکێت و کەمێک پتر دەکشێتە تەنیشتییەوە
*کاتێک بیر لە ڕەوشەکە دەکاتەوە و درک بەهەستەکانی ئەو*
*دەکات، بەنادیاری و شڵەژاوییەوە. بەنەرمییەوە*.]

حەز– لە نوقڵێکی پونگ– دەکەیت؟
[*لەوە ناچێت لۆرا گـوێی لێی بووبێت، بەڵام نیگاکەی هێشتا گەشتر دەبێت.*]
پونگە کێویلە– ژیان رزگارکەرەکە؟
گیرفانم کۆگایەکی ڕێکوپێکی دەرمانە– بۆ هەرکوێیەک بچم....
[*ئەو دەنکە نوقڵێکی پونگ دەخاتە زاریەوە. ئینجا قووتی دەدات و هەوڵ دەدات ناو قـورگی خـاوێن بێت. ئەو بەهێـواشـی و ئەسپایی دەدوێت.*]
لۆرا، ئەگـەر من خـوشکێکی وەک تۆم هەبووایە، منیش هەمـان شـتم وەک "تۆم" دەکرد. من برادەرانی خـۆمم دەهێنا و– ئەوم پێیان دەناساند. نموونەی کوڕانی ڕێکوپێکم بۆ دەهێنا تاکو– نرخـی بزانن. تەنیـا– بـاشـە– ئەو یەک هەڵەی لەبارەی منەوە کردووە.
ڕەنگە ئەوە پێـویست نەبێت من بیـڵـێم. ڕەنگە ئەمـە هۆی بانگێـشـتکردنی من نەبێت. بەڵام ئەدی ئەگـەر وابێت؟ هیچ شـتێکی هەڵە لەوبارەیەوە نییە. تاقە کێشە لە ڕەوشی مندا ئەوەیە من لەو بارودۆخەدا نیم تاکو– شتە گونجاوەکە بگەیەنمە ئەنجام.
ناتوانم ژمارەکەت وەربگرم و بڵێم تەلەفۆنت بۆ دەکەم.
ناتوانم هەفتەی داهاتوو پێوەندیت پێوەبکەم و– داوای ژوان بکەم.
من بیرم کردەوە باشترە بارودۆخەکە شی بکەمەوە نەوەکا تۆ– بەهەڵە تێ بگەیت و ئەمەش– هەستت بریندار بکات....
[*وەستان.*



*بەهێـواشـی، زۆر بەهێـواشی، ڕوخـسـاری لۆرا دەگـۆڕێت، چاوەکانی ئەو بەهێواشییەوە لەمەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر پارچە شووشە جوانکارییەکەی ناو لەپی.*
*ئاماندا* پێکەنینێکی *تری خۆش لە ناوناندینەکەوە دەکات.*]
**لۆرا** [*بەکزی*]: تۆ جارێکی تر سەرنادەیتەوە؟
**جیم:** نەخێر، لۆرا، ناتوانم.
[*جیم لەسەر قەنەفەکە هەڵدەستێتەوە.*]
وەک ئێستاکە روونم کردەوە، من– پێوەندیم هەیە.
لۆرا، من وا خەریکە– جێگیر دەبم!
من هەمـیـشـە لەگـەڵ کـیـژێک دەچمـە دەرەوە نـاوی "بێـتـی" یە. ئەویش وەکو تۆ کچی ماڵەوەیە، کاسـۆلیکە و ئێرلەندییـە و لە زۆر لایەنەوە ئێمە– باش بۆ یەکتر گونجاوین.
پار هاوینێ لەگەشـتـێکی بەلەمی بەر تریفەی مـانگ کـە بەرەو "ئالتۆن" سـەردەکەوت، لەسەر ڕووباری "ماجێستیک" یەکترمان بینی.
باشە– هەر یەکسەر لە سەرەتاوە– بەخۆشەویستی دەستی پێ کرد.
[***نەخشی سەرشاشە: "خۆشەویستی!"***
*لۆرا بەئاسـتـەم بەرەو پێـشـەوە بەلادا دێت و چنگ لە قـۆڵی قەنەفەکە گیر دەکات. ئەو ناتوانێت ئەمە ببینێت، ئێستاکە ئەو لە ناو بیری ئاسوودەیی خۆیدایە.*]
کەوتنە داوی خۆشەویستییەوە منی کردە مرۆڤێکی تر!
[*بەتووندی بەرەولای پێشـەوە خـۆی دەچەمـێنێتـەوە، چنگی لە قۆڵی قـەنەفەکە گـیر کردووە، لۆرا بـەروونی لەگەڵ ڕەشـەباکـەدا*

دەجـەنگێت. بەڵام جـیم بێ ئاگـاییـە، ئـەو زۆر لە بیـری ئەمـەوە دوورە.]

هێزی خۆشەویستی بەڕاستی زۆر مەزنە!

لۆرا، خۆشەویستی– شتێکە هەموو دنیا دەگۆڕێت!

[رەشـــەباکـــە کـــەمـــێک هێـــور دەبێـــتـــەوە و لۆرا بەرەو دواوە دەچەمێتەوە. دیسان هەستی پێ دەکاتەوە.]

وا رووی دا کە پلکی "بێتی" نەخۆش بکەوێت، پێوەندی پێوە کرا و دەبوایە بچێتە "سێنترالیا". جا کاتێک "تۆم"– داوای لێ کردم بێم بۆ نانی ئێوارە– من بەسروشتی بانگێشتەکەم پەسند کرد، نەمدەزانی کە تۆ– کە ئەو– کە من –

[بەشرِوشپرِێویەوە دەوەستێت.]

ئۆه– من هەڵەکەرێکی مەزنم!

[خۆی بەقەنەفەکە دادەدات.

مۆمە پیرۆزەکانی قۆربانگەی سەر نیگای لۆرا فووی لێ کراوە. روخساری لۆرا نزیکەی نائومێدییەکی بێسنووری لێ دەبارێت. جیم بەنارِەحەتییەوە سەیرێکی دەکات.]

خـۆزیا تۆ– قـسـەیەک بکـەیت. [لۆرا لێـوی خـۆی کـە لەرزی لێ هاتبـوو دەگـەزێت، ئینجـا بەئازاییـیـەوە دەخـەنێتـەوە. دیسـان دەسـتـی بەسـەر پارچە شـووشـە جـوانکـارییـە شکاوەکـەدا دەکـاتەوە. ئینجـا بـەنەرمی دەسـتـی ئەویش دەگـرێت بەئاسـتـی دەسـتـی خـۆی بەرزی دەکـاتـەوە. بەوریاییـیـەوە گـیـانەوەرە یەکشاخـەکە لە ناولەپی ئەو دادەنێت، ئینجا پەنجـەکانی ئەو پاڵ دەنێت تا بیـانقـوچێنێت.] تۆ لـەبەرچی– ئەوە دەکـەیت؟ تۆ دەتەوێت ئەوە بدەیتـە من؟ لۆرا؟ [لۆرا سـەری دەلەقـێنێـتـەوە]



بۆچی؟

**لۆرا:** یادگارییەکە....

[بەناجێگیرییەوە هەڵدەسێتەوە و لە تەنیشت ئامێری قەوانەکە بۆ قورمیشکردن خۆی دەنوشتێنێتەوە.

هێمای سەرشاشە: "شتەکان رێگەیەکیان هەیە بۆ ئەوەی وا خراپ بکەونەوە!"

یان وێنەی سەرشاشە: خوازبێنیکەرە خانەدانەکە خواحافیزی دەکات!– بەخۆشییەوە.

لەم ساتەدا ئاماندا بەچوستی دەگەرِێتەوە ناو ژووری پێشەوە. یەک دۆلکە گوشراوی مێوەی لە ناو گومگومەیەکی کۆنباوی شووشەییدا لەگەڵ فەخفورییەک مەعکەرۆنە هێناوە. فەخفورییەکە قەراغێکی زێرِینی هەیە و نیگاری گوڵاڵە سوورەی لەسەر کێشراوە.]

**ئاماندا:** باشە، باشە، باشە! ئەرێ ئاووهەوایەکە خۆش نەبووە دوای ئەو رێژنەبارانە؟ رۆڵەکانم من کەمێک نۆشەمەنیم بۆتان ئامادە کردووە.

[بەخـۆشـیـیـەوە روو وەردەسـوورِێنێـتـە لای خـوازبێنیکەرە خانەدانەکە.]

جیم، ئەو گۆرانییە دەزانیت لەبارەی ئاوی لیمۆوەیە؟

"ئاوی لیمۆی، ئاوی لیمۆی

لە سێبەران دروست دەکرێ و بەخاکەناسی تێک دەدرێ–

باشە بۆ هەر خانمێکی پیری رزی!"

**جیم** [بەنائاسوودەییەوە]: ها– ها! نەخێر– هەرگیز نەمبیستووە.

**ئاماندا:** لۆرا، بۆچی! تۆ زۆر جەرگسۆز دیاریت!

**جیم:** ئێمە گفتوگۆیەکی جەرگسۆزانەمان کرد.
**ئاماندا:** چاکە! ئێستا ئێوە باشتر یەکتر دەناسن!
**جیم** [*بەنادڵنیاییەوە*]: ها– ها! بەڵێ.
**ئاماندا:** ئێوەی گەنجانی نوێ بیرکردنەوەتان زۆر جەرگسۆزانەترە لەو نەوانەی سەردەمی من. من کە کچ بووم زۆر رووخۆش بووم!
**جیم:** خاتوو وینگفیڵد، تۆ نەگۆڕاویت.
**ئاماندا:** ئەمشەو من گەنج بوومەوە! لە خۆشی ئەو بۆنەیەوە، مستەر ئۆکۆنەر!
[*ئاماندا سەری خۆی بەرەو دواوە داوێت بەقریووەی پێکەنینەوە. ئاوی لیمۆیەکە تێ دەکات.*]
ئۆه ه ه! من وا خۆم بەئاوی لیمۆکە تەڕ کرد!
**جیم:** داینێ– لێم گەڕێ–
**ئاماندا** [*دۆلکەکە دادەنێتەوە*]: بڕوانە ئێرە. من هەندێک بەلاڵووکم دۆزییەوە. ئەوانیشم لە ناو ئاوی لیمۆیەکە خووساندەوە!
**جیم:** خاتوو وینگفیڵد، تۆ نەدەبوایە ئەو ئازار و زەحمەتییە بکێشیت.
**ئاماندا:** ئازار و زەحمەتی، ئازار و زەحمەتی؟ بۆچی، بەڕاستی زۆر خۆش بوو! تۆ گوێت لە حریتەی من نەبوو لە ناو ناندینەکەوە؟ گرەو دەکەم گوێچکەکانت دەتووزێنەوە! من بە"تۆم"م گوت نەدەبووایە ئەو هەموو ماوەیە تەنیا بۆ خۆیت گلداتەوە! ئەو دەبووایە زۆر زۆر زووتر تۆی بهێنایەتە ئێرە! باشە، ئێستا کە رێگەی خۆت پێدەزانیت، دەمەوێت ببیتە میوانی بەردەواممان! نەک تەنیا جاروبار بەڵکو هەموو کاتێک. ئۆه، ئێمە بەنیازین زۆر کاتی خۆش پێکەوە بەسەر ببەین! وا لە بەرچاومە کە ئەو کاتانە دادێن!



هممم، تەنیا ئەو هەوایە هەڵمژە! هێندە تازەیە، مانگیش هێندە جوانە!
من دەخزێمە دەرەوە– من دەزانم شوێنی من لە کوێیە کاتێک گەنجان پێکەوە گفتوگۆی جەرگسۆزانە– دەکەن!
**جیم:** ئۆه، خاتوو وینگفیڵد، مەچۆرە دەرەوە. راستییەکەی ئەوەیە دەبێت من بڕۆم.
**ئاماندا:** ئێستا، دەڕۆیت؟ تۆ گاڵتە دەکەیت! بۆچی، هێشتا سەرەتای ئێوارەیە، مستەر ئۆکۆنەر!
**جیم:** باشە، تۆ دەزانیت مەسەلەکە چۆنە.
**ئاماندا:** مەبەستت وایە کە تۆ گەنجێکی کرێکاریت و دەبێت کاتژمێرەکانی کار رەچاو بکەیت. ئێمە ئەمشەو لێ دەگەڕێین زوو بچیتەوە.
بەڵام تەنیا بەو مەرجەی کە جاری داهاتوو زیاتر بمێنیتەوە.
کام شەو باشترینیانە بۆ تۆ؟ ئەرێ شەوی شەممە باشترین شەو نییە بۆ ئێوەی کارکەر؟
**جیم:** خاتوو وینگفیڵد، دەبێت من دوو جاران کارتەکەم لە ناو ماکینەی کاتژمێردن رابکەم. جارێکیان سەرلەبەیانی، جارێکیش لە شەودا!
**ئاماندا:** وای لەخۆمی، تۆ زۆر ئاوات بەرزیت! تۆ بەشەوانیش کار دەکەیت؟
**جیم:** نەخێر، خانم، کار نا، بەڵام– بێتی! [*ئەو بەئەنقەست دەچێت بۆ هەڵگرتنی کڵاوەکە. تیپی مۆسیقاکەی هۆڵی سەمای بەهەشت دەست بەلێدانی مۆسیقای ڤاڵسی خاو دەکات.*]
**ئاماندا:** بێتی؟ بێتی؟ بێتی– کێیە؟

[دەنگی *شریخەیەکی شووم لە ئاسمانەوە* دێت.]

**جیم:** ئۆه، تەنیا کچێکە. ئەو کچەیە کە من هەمیشە لەگەڵیدام!

[بەشێوەیەکی *دڵڕفێن پێ دەکەنێ. ئاسمان دادەکاتە باران.*]

[***نەخشی سەرشاشە: "ئاسمان دادەکات"*** .]

**ئاماندا** [*هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت*]: ئۆه هـ هـ هـ- چەند خۆشە! تۆم باسی ئەوەی نەکرد کە تۆ کچێکت نیشان کردووە بۆ گواستنەوە.

**جیم:** تا ئێستا مەسەلەکە لە ناو کۆگاکەدا ئاشکرا نەبووە. تۆ دەزانیت ئەوان چۆنن. ئەوان بەرۆمیو و شتی لەو بابەتە بانگت دەکەن.

[*ئەو لەلای ئاوێنە هێلکەییەکە دەوەستێت بۆ کڵاو لەسەردانان. ئەو بەوردییەوە قەراغ و تەپڵەی کڵاوەکە رێک دەخات تا کاریگەرییەکی وریایانەی زیندووانە ببەخشێت.*]

ئێوارەیەکی زۆر دڵڕفێن بوو، خاتوو وینگفیلد. وا بزانم کە دەڵێن میوانداریێتی خەڵکی خواروو مەبەستیان لەوەیە.

**ئاماندا:** ئەوەی راستی بێت ئەمە هەر هیچ نەبوو.

**جیم:** ئومێدەوارم من وا دەرنەکەوم کە دەردەپەڕم. بەڵام من بەڵێنم بە"بێتی" داوە کە لەلای دەبۆکەی "واباش" هەڵی بگرم، جا کە ئۆتۆمبێلە فریشقەکەم گەیشتە ئەوێ شەمەندەفەرەکەی ئەویش دەگات. هەندێک ژن زۆر دەپەشۆکێن ئەگەر وایان لێ بکەیت چاوەڕوان بن.

**ئاماندا:** بەڵێ، من دەزانم- زۆرداری ژنان چۆنە!

[دەستی بۆ درێژ *دەکات.*]

خواحافیز، مستەر ئۆکۆنەر.

هیوادارم- بەخت- خۆشی- لەگەڵ سەرکەوتن یارت بێت!



هەرسێکیان پێکەوە و هەمان شتیش بۆ لۆرا!- نایخوازیت لۆرا؟

**لۆرا:** بەڵێ.

**جیم** [دەستی دەگرێت]: خواحافیز، لۆرا. بەدڵنیاییەوە ئەو یادگارییە دەپارێزم. تۆش ئەو ئامۆژگارییە باشەی پێم گوتیت لە بیری مەکە.

[ دەنگی خۆی *تا رادەی هاوارێکی خۆشی* بەرز دەکاتەوە.]

تاکو دیدار، ئەی شێکسپیر!

خانمان، دیسان سوپاس- شەوتان شاد!

[*ئەو گرژینەوەیەک دەکات و بەلەخۆباییی بوونەوە دەخزێتە دەرەوە.*

*هێشتاش هەر ئازایانە دەگرژێتەوە، ئاماندا دەرگەکە لە دوای خوازبێنیکەرە خانەدانەکە دادەخاتەوە. ئینجا بەدەربڕینێکی واقورماوییەوە دەگەڕێتەوە بۆ لای ژوورەکە. ئەو و لۆرا ناوێرن تەماشای یەکتری بکەن. لۆرا لە تەنیشت ئامێری قەوانەکە خۆی نووشتاندووەتەوە بۆ ئەوەی قورمیشی بکات.*]

**ئاماندا** [بەکزییەوە]: شتەکان رێگەیەکی خۆیان هەیە بۆ ئەوەی بەخراپ بگەڕێن.

وا بزانم ناتوانم ئامێری قەوانەکە لێ بدەم.

باشە- باشە- باشە-

خوازبێنیکەرە خانەدانەکەمان کچی نیشانکردبوو بۆ گواستنەوە! تۆم!

**تۆم:** [لە پشتەوە]: بەڵێ، دایە؟

**ئاماندا:** خوولەکێک وەرە ئێرە. دەمەوێت شتێکی یەگجار عەنتیکەت پێ

بڵێم.

**تۆم** [*بەمەعکەرۆنە و پەرداغێک ئاوی لیمۆوە دێتەژوورەوە*]: ئەرێ خوازبێنیکەرە خانەدانەکە ماوەیەکە رۆیشتووە؟

**ئاماندا:** خوازبێنیکەرە خانەدانەکە زوو رۆیشت. ئای چ نوکتەیەکت بەئێمە کرد!

**تۆم:** مەبەستت چییە؟

**ئاماندا:** تۆ باسی ئەوەت نەکرد کە کچی نیشانکردبوو بۆ گواستنەوە.

**تۆم:** جیم؟ نیشانی کردووە؟

**ئاماندا:** ئەو ئێستا ئەوەی بەئێمە راگەیاند.

**تۆم:** من سەرم سوڕدەمێنێت! من دەربارەی ئەوەم نەزانیووە.

**ئاماندا:** ئەمە پێدەچێت شتێکی سەیر بێت.

**تۆم:** چ شتێکی سەیر لەمەدا هەیە؟

**ئاماندا:** تۆ بەباشترین برادەری خۆتت دانەدەنا لە ناو کۆگاکەدا؟

**تۆم:** ئەو وایە، بەڵام چۆن بزانم؟

**ئاماندا:** وا پێدەچێت ئەمە یەگجار سەیر بێت کە نازانیت باشترین برادەرت بەتەمابووە ژن بهێنێت!

**تۆم:** کۆگا جێگەی کارکردنی منە، نەک جێگەی زانینی شت دەربارەی خەڵک!

**ئاماندا:** تۆ شتەکان لە هیچ شوێنێک نازانیت! تۆ لە خەونێکدا دەژیت:
تۆ خەیاڵ بەرهەم دەهێنیت!
[*ئەو دەچێتە لای دەرگەکە.*]
بۆ کوێ دەچیت؟

**تۆم:** دەچمە سینەما.

**ئاماندا:** ئەمە چاکە، ئێستا تۆ وات لە ئێمە کرد وەکو گێل خۆمان



دەربخەین. هەوڵمان، ئامادەکارییەکانمان، هەموو خەرجیمان! چرایە نوێیەکەی سەرزەوی، بەڕەیەکە، جلەکانی لۆرا! هەمووی بۆچی؟ بۆ میوانداریکردنی دەزگیرانی کچێکی تر! برۆ سینەما، برۆ! بیر لە ئێمە مەکەوە، دایکێکی بەجێهێڵراو، خوشکێکی بێ مێرد کە شەلە و هیچ کارێکی نییە! لێمەگەڕێ هیچ شتێک بێتە ناو چێژی خۆپەرستانەت! تەنیا برۆ، برۆ، برۆ بۆ- سینەماکان!

**تۆم:** زۆر باشە، وا دەچم! چەندەی تۆ زیاتر هاوار بکەیت دەربارەی خۆپەرستیم هێندە خێراتر من دەڕۆم، هەروا من ناچمە سینەماکان!

**ئاماندا:** کەواتە، برۆ! کەواتە برۆ سەر مانگ- ئەی خۆپەرستی خەونبین!

*[تۆم لەسەر زەوی پەرداغەکەی وردوخاش دەکات. ئەو خۆی دەکوتێتەسەر پەیژەی دەربازبوون لە ئاگرکەوتنەوە، دەرگەکە بەتووندی پێوە دەدات. لۆرا دەزیرێنێت بەدەرگەکە بریندار بووە. مۆسیقای هۆڵی سەماخانەکان قایمتر لێ دەدرێت. تۆم دەچێتە لای چەپەرەکە و بەنائومێدی دەستی لێ گیر دەکات، دەموچاوی خۆی لەبەر ساردی مانگەشەوەکە بەرز دەکاتەوە کە بەناو قوولایی تەسکی کۆلانەکە دادەچێت.*

***نەخشی سەر شاشە: "ئینجا خواحافیز..."***

*دوایین قسەی تۆم هاوکاتە لەگەڵ پانتۆمایمە ناوەوەییەکە. دیمەنی ناوەوە وا نمایشکراوە وەکو وابێت لەودیوو شووشەبەندێکی دەنگ بەربەستکەرەوە کرابێت. ئاماندا وا دەردەکەوێت کە قسەی دڵدەرەوە لەگەڵ لۆرا بکات کە لەسەر قەنەفەکە هەڵتووترکاوە. ئێستا کە ئێمە ناتوانین گوێمان لە*

*قسەی دایکەکە بێت، پووچێتییەکەی نەماوە و لۆرا خاوەنی سەربەرزی و جوانی تراژیدییە. قژی رەشی لۆرا دەمەوچاوی دەشارێتەوە و تا کۆتاییی قسەکە قژی هەر وایە کاتێک بەرزی دەکاتەوە بۆ ئەوەی بۆ دایکی بزەیەک بکات. گرێشمەکانی ئاماندا خاو و قشتن، نزیکەی سەمائاساین، کاتێک دڵی کچەکەی دەداتەوە. لە کۆتاییی قسەکەیدا تاوێک سەیری وێنەی باوکەکە دەکات پاشان دەکشێتەوە ناو پەردەکانەوە. لە کۆتاییی قسەی تۆم دا، لۆرا مۆمەکان دەکوژێنێتەوە، کۆتاییی بەشانۆگەرییەکە دێنێت.*]

**تۆم:** من نەچووم بۆ سەر مانگ، من دوورتر رۆیشتم– چونکە کات درێژترین دوورییە لە نێوان دوو جێگەدا–

ماوەیەکی زۆر نا دوای ئەوە لەسەر نووسینی شیعرێک لەسەر قەپاغی کارتۆنی پێڵاوێک لە کار دەرکرام.

من "سانت لویس"م بەجێ هێشت. من لە پلیکانەکانی ئەو پەیژەیەی دەربازبوون لە ئاگرکەوتنەوە بۆ دوایین جار دابەزیم و لەوساوە بەدوای شوێن پێی باوکمدا چووم، هەوڵم دا لە جوولەدا ئەوە بدۆزمەوە کە لە شوێندا لەدەستم چووبوو– من زۆر گەشت و گەڕم کرد. شارەکان وەکو گەڵای مردوو لەدەورم دەسوڕان، ئەو گەڵایانەی کە ڕەنگیان گەش بوو، بەڵام لە لقەکان بووبوونەوە.

دەوەستام، بەڵام شتێک راوی دەنام. ئەو شتە هەمیشە بەبێ ئاگاداری من دەهات، لەناکاوڕا هەموو گیانمی دەگرتەخۆ. لەوانەیە تێفە مۆسیقایەکی ناسراو بێت. لەوانەیە تەنیا پارچەیەک شووشەی روون بێت –



رەنگە من لەشەودا بەدرێژاییی شەقامەکان پیاسە بکەم، لە شارێکی کەس نەناسدا، بەرلەوەی برادەرێک بدۆزمەوە. من بەبەرجامخانەی دووکانێکی رۆشنکراودا رەت دەبم کە بۆنی لێ دەفرۆشرێت. جامخانەکە پڕ پارچە شووشەی رەنگاورەنگ کراوە، بوتڵی بچووکی روونی رەنگ ناسک، وەکو تیلمەکانی پەلکەزێڕینەیەکی وردوخاشکراو.

ئینجا لەپڕەوە خوشکم شانم دەگرێت. من رووم وەردەسووڕێنم و تەماشای دوڕ چاوی دەکەم....

ئۆه، لۆرا، لۆرا، من هەوڵم دا تۆ لە دوای خۆم بەجێ بهێلم، بەڵام من لەوە دڵسۆزترم کە نیازم بوو!

من لە دوای جگەرەیەک دەگەڕێم، لە شەقامەکە دەپەڕمەوە، دەچمە ناو سینەمایەک یان بارێک، خواردنەوەیەک دەکڕم، لەگەڵ نزیکترین بیانی قسە دەکەم – هەرشتێک کە بتوانێت مۆمەکانت بکوژێنێتەوە!

[ *لۆرا بەسەر* مۆمە*کاندا* چە*ماوەتەوە.*]

-چونکە لەم سەردەمەماندا دنیا بەهەورەتریشقە رووناک دەبێتەوە! لۆرا، مۆمەکانت بکوژێنەوە و– جا خواحافیز....

[*لۆرا* مۆمە*کانی دەکوژێنێتەوە.*]

**دیمەنەکە دەتوێتەوە**